حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

ئابووری

بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی و بازرگانی

دانـــان
د.محمد سلمان محمد

پێداچوونەوەی زانستی
د.زکی حسین قـــادر عمر علی شریف

چاپی نۆیەم ١٤٣٧ کۆچی ٢٠١٦ زایینی ٢٧١٦ کوردی

سەرپەرشتی زانستی چاپ : عمر علی شریف
سەرپەرشتی هونەری چاپ : عوسمان پیرداود کواز
ئاری محسن احمد
نەخشەسازی بەرگ : زاگرۆس محمود عرب
تایپ و نەخشەسازی ناوەرۆک: ئالان کریم مولود
جێبەجێکردنی بژاری هونەری: رێڤین راغب حسین

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

پێشەکی

هاوشان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی سەرجەم بوارەکانی ژیانی لە هەرێمی کوردستان گرتوتەوە، خەریکە روو لە باشترکردنی لایەنەکانی ژیان دەکا، و بەرفراوانکردنی رۆشنبیری کە هەنگاوێکی ئەم کاروانەیە، پێویستە گۆڕانیش لە پرۆگرامەکان و سیستەمی خوێندن بکرێ، تا بگاتە ئاستی پەرەسەندنی هزری جیهانی و تاوەکو لەو گۆڕانە بە خێرایەی جیهان و بە جیهانیبوون دانەبڕێن و لە چەمکی ئازادی بازاڕ بێ بەش نەبین، لە سەر راسپاردەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – لیژنەیەکی پسپۆر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان هەڵساون بە دانانی ئەم کتێبە. لە دانانی ئەم پەرتووکەدا رەچاوی ئەوە کراوە کە بەشی یەکەمی دووبارەکردنەوە و بەرەوپێشبردنی ئەو بیروبۆچوون و بابەتانە بێت کە لە پۆلی دەیەمی وێژەیی و پیشەیی خوێندراون، وبەشەکانی دیکەش بگونجێن لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی ئەم قۆناغەی خوێندن، و لەگەڵ ئەم ئامانجانە:

– تێگەیشتن و ئاستی بیری فێرخوازان لە بواری ئابووری فراوانتر بکات.

– سیاسەتی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان دەیەوێ گۆڕانکاری لە زانستی پەروەردەیی بەدی بێنێ، ئەو گۆڕانەش هاوشانی ئەو پەرەسەندنانە بێت کە بانگەشەی بۆ دەکرێ.

سەرباری ئەوەش لەگەڵ ئەو رەوشە هزرییەی ئەمرۆ لە جیهاندا هەیە بە تایبەتی لە بوارەکانی ئابووریدا، بۆ ئاراستەکردنی بەرەو ئابوورییەکی ئازاد، و رێکخستنەوەی کەرتی گشتی و جیهانگیری و میکانیزمەکانی، هەرچی لەم پەرتووکەدا هاتووە بەشێوەیەک بەیەکەوە بەستراوو هاوگونجانێک

لەنێوان بابەتەکاندا دانراوە تاوەکو بگونجێ لەگەڵ ئاستی زانستی و بیری قوتابیان.

هیوادارم ئەم پەرتووکە دەستپێکێکی بەسوود بێت کە لە لایەن پسپۆرانی کوردەوەپێشکەش بە فێرخوازان و پرۆسەی خوێندن دەکرێ، و بەشدارییەکی چاک بێت لە بەرەو پێش بردنی پرۆسەی پەروەردەو رۆشنبیریی کوردستان و گەشەپێدانی بواری زانستی بۆ ئەوەی لە ئاستی گۆرانکارییەکانی جیهان بێت.

لەکۆتاییدا ئومێد دەکەین لەم کارەمان سەرکەوتوو بین و خزمەتێکمان گەیاندبێتە پرۆسەی خوێندن، سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەین بە رەخنە و پێشنیاری بەجێ و بونیادنەر و تێبینی خۆیان لەسەر پەرتووکەکە دەردەبڕن، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمتر کردنەوەی هەڵەکان وکەموکورییەکان...پەنا بەخوا.

دانەر

بەشی یەکەم
پێداچوونەوەیەکی گشتی
REVIEW

یەکەم:
پێناسەی زانستی ئابووری و پەیوەندی بە زانستەکانی دیکە و گرنگییەکەی:

١. پێناسەی زانستی ئابووری
The Defination of Economics

زانستی ئابووری (Economics) یەکێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بەو ڕێگایانە دەدات کە کۆمەڵگا دەست نیشانی دەکات بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە سنووردارەکانی، کە بەکارهێنانەکی شوێنگرەوەی هەبێت بۆ بەرهەمهێنانی شمەك و خزمەتگوزارییە بەکاربراوەکانی ئێستا وئاینده.

– لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە ئاخۆ ئابووری زانستە یان هونەر؟

– زانست بریتییە لە کەڵەکەبوون و پۆلێن و ڕێکخستنی زانیارییەکان بۆ دۆزینەوەی بنەما سەرەکییەکان و کاری یاساکان.

– بەڵام هونەر ئاماژە کردنە بۆ توانا و کارامەیی جێبەجێکردنی ئەرکەکان یان پیادەکردنی شێوازێك. بۆیە ئابووری بایەخ دەدات بە پێشکەوتنی زانستیانەی بنەماکانی ئابووری و پیادەکردنی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لە واقعیدا هەن. بە واتایەکی تر ئابووری زانست و هونەرە، و لەبەر ئەوەی لەگەڵ چالاکییەکانی کۆمەڵگە دەکات، بۆیە

زانستێکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندی بە زانستەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەوە هەیە وەك زانستەکانی مێژوو ڕامیاری و زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی.

زانستی ئابووری پێناسەی زۆرە، ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

- ئەو زانستەیە لە دابەشکردنی دەرامەتە دەگمەنەکان لەنێوان بەکارهێنان و ئامانجە جۆربەجۆرەکاندا دەکۆڵێتەوە.
- لێکۆڵینەوە دەکات لەبارەی ڕەفتاری مرۆڤ لە میانەی ئەنجامدانی چالاکیەکانی ژیانی ڕۆژانەی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی بەئامانجی هێنانەدی خۆشگوزەرانی.
- زانستێکە لەشێوازی زیادکردنی بەرهەمهێنان دەکۆڵێتەوە بە ئامانجی چاك کردنی ئاستی بژێوی.

ئەم پێناسانەی سەرەوە هەر یەکێکیان ئاماژە بۆ بارێکی دیاریکراو دەکەن، بەڵام هەر هەموویان پێکەوە ئەوە نیشان دەدەن کەوا زانستی ئابووری:

أ – زانستێکە گرنگی دەدات بە دەرامەت و دەگمەنیەکەی. ئەم دەرامەتە دەگمەنانەش هەموو پێداویستیەکانی مرۆڤ پڕ ناکەنەوە. بۆیە پێویستە کۆمەڵگە دەست بەو دەرامەتانەوە بگرێت و ئابووریناسان گرنگی بەو شوێنگرەوانە (Alternatives) دەدەن لەجیاتی ئەم دەرامەتانە بەکار دەهێنرێن و دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی کە کۆمەڵگە لەکۆتاییدا هەڵیاندەبژێرێ بۆ بەکارهێنانی ئەو دەرامەتانەی ڕەخساوانەی هەیە.

ب – هەروەها ڕێگە بە تاکەکان دەدات سەربەست بن لە چۆنیەتی دابەشکردنی و بەکارهێنانی دەرامەتەکان، بۆیە پێویستە لەسەریان ئەو شمەکانە هەڵبژێرن کەدەبێ بە داهاتەکانیان بیکڕن. چۆنیەتی بەکارهێنانی کاتەکانیان و ژمارەی مناڵەکانیان و شتی دیکە.

ج– بوار بۆ ئابووریناسان دەڕەخسێنێ کە گرنگی بەو ڕێکخراوە ئابوورییە جیاوازانە و بایەخ بە ڕۆڵی حکومەت بدەن لە ئابووریدا لەژێر سایەی سیستەمە جیاوازەکان.

٢. پەیوەندی زانستی ئابووری بە زانستەکانی تردوە :

زانستی ئابووری هەروەك لە پێشتر ئاماژەی پێدرا زانستێکی کۆمەڵایەتییەو لە گەشەسەندنیدا پشتی بەستووە بە زانستە ڕووتەکان(العلوم الصرفة).

بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە پەیوەندی زانستی ئابووری لەگەڵ هەندێك زانستی تردا دەکرێت :

أ– پەیوەندی ئابووری بە مێژووەوە

مێژووی ڕووداوە ئابوورییەکان لە ڕابردوودا ڕێگە خۆشکەر بووە لە بەردەم توێژەرە ئابوورییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوە ئابوورییە هاوچەرخەکانداو لەکاتی لێکۆڵینەوە لەبارەی مێژووی ئابووری و ئاگاداربوون لەسەر ئەو پەرەسەندنە ئابووریانەی کە لە ڕابردوودا هەبووە، ئەوا دەتوانین لە چۆنیەتی دیاردەی ئابووری هاوچەرخ تێبگەین.

ب- پەیوەندی ئابووری بە زانستی ڕامیارییەوە:

ڕامیاری هونەری حوکمڕانییە. یاخود ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و هاوولاتیان (نێوان دەسەڵاتداران و بێ دەسەڵاتان). ڕاو بۆچوونی هەندێك لە بارەی ئابوورییەوە ئەوەیە کەوا ئابووری پێویستە لە خزمەتی ڕامیاری دابێت، واتا سامانی نەتەوەیی و جموجۆڵی ئابووری پێویستە لە خزمەتی دەسەڵات دابێت، تاوەکو لەسەرەتاشدا پێناسەی ئابووری بە (زانستی ئابووری ڕامیاری) کراوە. ئەم بەیەك بەستنەوەی ئابووری بە ڕامیارییەوە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر پەیوەندی پتەوی ڕامیاری بە ئابوورییەوە.

ج- پەیوەندی ئابووری بەزانستی دەروونناسییەوە:

پاڵنەرە دەروونییە شاراوەکان ڕەفتارەکانی مرۆڤ دیاری دەکەن، بەڵام ئابووریزان بایەخ بە زانینی چۆنیەتی ڕەفتاری تاك دەدات لە خەرجکردن و هەڵبژاردنی شتەکاندا، بۆیە پێویستە پشت ببەسترێت بە دەروونناسی لە پێناو شیکردنەوەی ڕەفتاری ئادەمیزاد (مرۆڤ) لە چالاکییە ئابوورییەکان و پێشبینیکردن لە ڕەفتارەکانی ئایندەدا، بۆ نموونە هۆکارە دەروونییەکان کار دەکەنە سەر بەرهەمهێنانی کار و توانای لە بەشداریکردن لە بەرهەمهێناندا. بۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان دەروونناسی و زانستی ئابووریدا.

د- پەیوەندی ئابووری بە زانستی یاساوە:

ئابووری بنەمای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەو یاساش چوارچێوەی ڕێکخستنەکەیەتی، بۆیە پێویستە ڕێسایەکی یاسایی پێشکەوتوو هەبێت بۆ ڕێکخستنی مامەڵە شارستانی و بازرگانی و ئابوورییەکان، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و بۆ ئەوەی هاوشان بێت لەگەڵ پێشکەوتنە ئابوورییەکان. پەرەسەندنی ئابووری پێویستە لە چوارچێوەی یاسادا هەموار بکرێت و هەروەها یاسا کار دەکاتە سەر چالاکی ئابووری، هەرچەند دەقەکانی یاسایی نەرمی بنوێنن ئەوا دەبنە یارمەتیدەر بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی پەرەسەندنی ئابووری؛ هەر لەم ڕوانگەیەوە پێویستە داڕێژەرانی یاسا شارەزاییان لە بارودۆخی ئابووری گشتی و پێویستییەکانی کۆمەڵگەدا هەبێت.

هـ- پەیوەندی ئابووری بە زانستی ماتماتیك (بیرکاری)یەوە:

بیرکاری لە ئابووری هاوچەرخدا گرنگی و بایەخی زۆری پێ درا. بە تایبەتی دوای ئەوەی ئابووریزان (جۆن مایناردن کینز John Mynerd Keynes) توانی پێشکەوتن لەبەکارهێنانی بیرکاری لە ئابووری بەدی بێنێ کە بووە هۆی هێنانە ناوەوەی شێوازی پێشکەوتوو لە زانستی ئابووری هاوچەرخدا. ئەم گرنگیە زۆرەی بیرکاری بە ئابووری لەگەڵ قوتابخانەی بیرکاری سەری هەڵداوە کە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە مەڕ کەرتەکانی ئابووری ناسراو بە (بەکارهێنراوی بەرهەمهێنی In put - Out put models) و هەروەها سەرهەڵدانی ئابووری بیرکاری بۆ خستنەڕووی پەیوەندییەکان لە شێوەی گۆڕاوەکان (Variables) و هاوکێشەکان (Equations) کەوا ئەم گۆڕاوانە دارشتنی شێوازێکی (الصیغ Formula) بیرکاری ڕاست و دروستدا دەبەستێتەوە.

و– پەیوەندی ئابووری بە زانستی ئامارەوە (الاحصاء):

ئامـــار گوزارشـــتکردنێکی ژمارەییـــە بـــۆ زانیارییـــەکان و داتاکـــان، و پلانـدانانی ئـابووری بـە پلـەی یەکـەم پشت دەبەستێت بـە زانیاریـە داتـا و ئامارییەکان. و خشتەکانی ئامار بابەتێکی سەرەکین لـە پرۆسـەی پلانـدانان و شیکردنەوەی (شرۆڤەکردنAnalyses) ئابووری، بە تایبـەتی پێوانـەکردن بـە رادەیـەکی زۆر پـشت بـە ئامـار دەبەسـتێت، لێرەدا بـەدیار دەکـەوێ کـە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئامار و ئابووریدا هەیە.

ز– پەیوەندی ئابووری بە زانستی ژمێریارییەوە:

زانستی ژمێریاری لە چەمکە پێویستەکانی دروستکردنی زانیاریـەکانی دارایی تایبەت بە پرۆژە دەکۆڵێتەوە. دروستکردنی زانیاریـەکان بریتییـە لـە کـــرداری پێوانـــەکردن وتۆمـــار و شـــیکردنەوە و کورتکردنـــەوە و دواتـــر خستنەڕووی ئەم ئاکامانە (النتائج) بۆ ئەوکەسانەی لایان گرنگە و سوود لـەم زانیاریانـە وەردەگـرن، کـە ئـەوانیش خـاوەن پـرۆژە وبەڕێوەبەرایەتیـەکان ویەڵێندەرەکان ودەوڵەتن.

ح–پەیوەندی ئابووری بە زانستی بەڕێوەبردن:

بەڕێوەبردن بە هەموو لقەکانیـەوە پەیوەنـدیان بـە ئابووریـەوە هەیـە، چونکە زانستی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان بایەخ بە پراکتیزەکردنی بنەماکانی زانـستیانەی بـەڕێوەبردن دەدات لـە کارەکـانی بەرهەمهێنانـدا و هـەروەها زانـستی بـەڕێوەبردنی فرۆشـتنەکان بایـەخ بـە پراکتیزەکردنـی بنـەماکانی زانستیانەی بەڕێوەبردن دەدات لە کردارەکانی فرۆشتن دا. هەروەها زانـستی بازاڕکردن (التسویق Marketing) بنـەماکانی زانـستی بـەڕێوەبردن لـە بـواری

کارەکانی بۆبازارپردن پراکتیزە دەکات. زانستی بۆ بازارپردن لە چەند لقێك پێك دێت لەوانە بەرێوەبردنی فرۆشتنەکان (المبیعات Sells) و رێکلام (الاعلان Advertising) و بازرگانی تاك و کۆ کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەستراونەتەوە بەزانستی ئابووری. لەگەڵ بەرپابوونی شۆرشی پیشەسازی و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لە رووی ئابوورییەوە پێویستی بەم زانستە دەردەکەوێت.

ط– پەیوەندی ئابووری بە زانستی رەوشتەوە(ئاکار)(الاخلاق):

ناکرێ زانستی ئابووری دوورەپەرێز بێت لە ئاکار و زانستی رەوشت. رەوشتەکانی پیشەیی لە هەموو کەرتەکاندا حوکمی چالاکییە ئابوورییەکان دەکات، لێرەدا بەدەسکەوتی رەوا و نارەوا هەیە لە لایەنی رەوشتیدا، هەر چەندە زانستی ئابووری لە سیستەمی ئابووری سەرمایەداریدا لە رەوشت جیاکراوەتەوە و هیچ رێگا چارەیەك نییە لە بەردەم ئەم سیستمانە بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو گرفتە ئابووریانەی کە رووبەروویان دەبێتەوە بەبێ گەرانەوە بۆ ریشەی رەوشتی و پتەوکردنی لایەنی رەوشت لە چالاکی ئابووری دا.

دووەم : بیری (هزری) ئابووری:

لە وەتەی ئادەمیزاد لەسەر ئەم زەوییە درکی بە دوو ڕاستی گرنگ کردووە کە ئەمانەن:

راستیی یەکەم: **پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ زۆرن (فرەن).**

راستیی دووەم: **ئەو دەرامەت وسامانەی لە سروشتدا هەیە، گەر لەگەڵ ئەو پێداویستییە زۆرانەی کە مرۆڤ هەیەتی بەراورد بکرێ، ئەوا هەموو پێداویستییەکانی پڕناکرێتەوە.**

کاتێك ئەم دوو ڕاستیە بەیەکەوە گرێ بدرێن گرفتەکان و دیاردە ئابوورییەکان سەر هەڵدەدەن، ئادەمیزاد هەمیشە هەوڵیداوە لەو هێزانە تێبگات کە ئەو دیاردە ئابووریانە بەڕێوە دەبات و کاریگەری لەسەریان هەیە. هەروەها هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان ئەم هێزانە و دیاردە ئابوورییەکانی کاردەکەنەسەری لەشێوەی یاسایەکی زانستی گشتیدا دابڕێژێت.

مێژووی هزری ئابووری:

مەبەست لەمەلێکۆلینەوە لەبارەی ئەو پێشکەوتنەی بەسەر بیری (هزری) ئابووری دا هاتووە بە دۆزینەوەو دیاریکردنی ئەو یاسایانەی کە کار لە دیاردە ئابوورییەکان دەکەن، و هەروەها ئەو سیاسەتەش کە پێویستە پەیرەو بکرێ ئەو سیستەمە ئابوورییەش کە کاری پێدەکرێ.

یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی زانستی ئابووری لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی ڕێگا جیاجیاکانە کە دەکرێ کۆمەڵگەیەك وەڵامی پرسیارەکانی (کام، و چۆن، و بۆ کوێ) بداتەوە. کۆمەڵگە جیاجیاکان و بە پێی (سیستەمە ئابوورییە هەڵبژێراوەکان) ڕێکخراون زانستە ئابوورییەکان

لێکۆڵینەوە لەبارەی میکانزمە جیاجیاکان دەکات کە دەکرێ کۆمەڵگایەك بەکاریان بهێنێت بۆ دابەشکردنی دەرامەتە سنووردارەکانی.

بۆ ئەم مەبەستەش سێ ڕێگای سەرەکی هەیە بۆ بەرهەمهێنان:

ڕێگای یەکەم: ڕێگای بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.

ڕێگای دووەم: ڕێگای بەرهەمهێنانی سۆشیالزمی.

ڕێگای سێیەم: ڕێگای بەرهەمهێنانی تێکەڵاو.

ئەم ڕێگایانەش لەسەر چەند پێوەرێکی جیاواز دامەزراون کە ئەوانیش:

١- خاوەندارێتی بنەماکانی بەرهەمهێنەرەکان.

٢- ڕۆڵی هێزەکانی کۆمەڵایەتی و دارایی لە بەرهەمهێنان.

٣- لە ڕووی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی بەرهەمەوە.

لەم دواییەدا شێوازی دیکەی جۆراوجۆر لەڕێگەی بەرهەمهێنان لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و بەیەکترەوە بەستنی لەسەر ئاستی وڵاتان سەری هەڵدا:

– گرنگەکانیان پرۆژەی نێودەوڵەتی و یان فرە ڕەگەزەکانن. کەوا ڕێگای بەرهەمهێنانی سەرمایەداری (پرۆژە فرە ڕەگەزەکان) سەرکەوتووبوون لە دەست بەسەراگرتنی جیهانی لە میانەی جوولەی سەرمایە دەرەکیەکان بە شێوەیەك بووە بە سیستەمی ئابووری پێنجەم کە ئەمەش جۆرێکی نوێ لە دابەش بوونی کاری نێو دەوڵەتی دەنوێنێ.

ئەو پێنج سیستەمە ئابووریانە کە دەتوانرێ لەبواری ئابووری هاوچەرخدا پەیرەو بکرێ ئەمانەن:

١- سیستەمی ئابووری سەرمایەداری:

Capitalism Economic System

ئـــــەم سیـــــستەمە کۆمـــــەڵێك تایبەتمەنـــــدی (خەســـــڵەتی Characteristics) تایبەتی خۆی هەیە لەمانەش:

أ – ئامانج (قازانج):(Profit)The Target or Goal

مەبەسـتی سـەرەکی سیـستەمی سـەرمایەداری لـە بـیری تاکەکەسـدا هەڵقوڵاوەو بەندە بە لایەنی دەروونی خودی تاکـەوە، لـە رووی ئـارەزووەوە هەوڵدەدات بـۆ بەدەسـت هێنـانی ئەوپـەڕی قـازانج و تێربـوون بەشـێوەیەکی دیکـە بەدەسـتهێنانی نەختینـەیی، چـونکە مامەڵـەکردن لـە چوارچـێوەی ئـاڵوگۆڕی نەختینەیە، ئـەوەش لـە سـایەی کێبڕکـێ و لایـەنگیری و ڕێنمـایی ئابووریـە لـەلای تـاکی ئـابووری –جـا لـە قۆنـاغی بەرهـەمهێنان بێـت یـان بەکاربردن.

ب – خاوەنداریەتی تایبەتی هۆیەکانی بەرهەمهینان:

هێـزە بەرهـەم هێنـە مادديـەکان تاکەکـەس خاوەنیـەتی (سـەرمایەی سەرمایەدارەکان و ڕێکخەرەکان، سامانە سروشتیەکان و کەرەستە خاوەکـان بـۆ خاوەنـەکانیان، زەوی بـۆ جووتیـاران و هێـزی کـار بـۆ کرێکـاران) هـەر یەکێکیان ئەوەی هەیەتی پێشکەش بە ئـەوەی تـری دەکـات بـۆ تـەواوکردنی کرداری بەرهەمهێنان بەرامبەر بە پاداشـتێکی دیـاریکراو: سـوود و قـازانج بـۆ سەرمایەدارانو ڕێکخەرەکان، بەهای سامانە سروشتیەکان و کەرەستەکان بۆ خاوەنـەکانیان، کـرێ بـۆ کرێکـار. واتـا بنـەمای یاسـایی بـۆ سیـستەمی سەرمایەداری خۆی لە مافی خاوەنداریەتی (الملکیە) لەلایـەك و پەیوەندیـە گرێبەستەکان (العقود) لەلایەکی دیکەوە دەنوێنێ.

ج- کرداری بەرھەمھێنان و دابەشکردن (التوزیع):

لە سیستەمی سەرمایەداری بەڕێگایەکی سروشتی لەمیانەی میکانیزمی نرخ و لەڕێگای ھێزی بازاڕدا ئەنجام دەدرێت، لەم سیستەمەدا (میکانیزی نرخ) دەبێتە ھۆی بەیەکەوە بەستنی (ئارەزووی بەکاربەران) و (ئارەزووی بەرھەمھێن و وەبەرھێنەکان)، چونکە کاتێک بەکاربەران داوای شمەکێك دەکەن واتا بەکاربردنی ئەو شمەکە زۆر دەبێت ئەوە نرخی ئەو شمەکە بەرزدەبێتەوە و بەرھەمھێنانی ئەو جۆرە شمەکە زۆر دەبێت، ئەمەش ھانی (سەرمایەداران) و (رێکخەری) دیکە دەدات ئەو جۆرە شمەکە بەرھەم بھێنن، لە قۆناغی دووەمدا بەرھەمھێنانی ئەو شمەکە لەبازاڕدا زۆر دەبێت و نرخەکەی دادەبەزێت واتا خاڵی یەکتربڕینی خواست و خستنەڕوو دروست دەبێت، بەواتایەکی دیکە لەو خاڵەی خواست و خستنەڕوو یەکتری دەبڕن خاڵی ھاوسەنگی ئەو شمەکەیە.

ئارەزووی بەکاربەران ⟵ خواست دەنوێنێت.

ئارەزووی بەرھەمھێنەکان ⟵ خستنەڕوو دەنوێنێت.



د– ئابووری بازاڕ : Market Economy

کــرداری بەرهــەمهێنان و دابەشــکردن (التوزیــع) لــە سیــستەمی سەرمایەداریدا بە ڕێگایەکی سروشتی لە میانەی میکانزمی نرخ و لە ڕێگای هێزی بازاڕدا ئەنجام دەدرێت. هەردوو بیرۆکەکان تەواوکەری یەکترن، چونکە نــرخ ڕۆڵێکــی ســەرەکی دەبینێــت لــە کــرداری دابینکــردن و دابەشــکردنی دەرامەتە (مرۆییــەکان و ماددیــەکان) لــە نێوان بــەکارهێنراوە جیاجیاکانــدا، بەڵام ئەم نرخــە پێکهــاتووەو هەڵدەستێ بــە ئەرکــەکانی لــە میانــەی بــازاڕدا بووە.

٢– سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی (ئاراستەکراو یان پلان بۆ دانراو):
Socialist Economic System (Planned or Directed)

لە ژێر سایەی ئەم سیستەمەدا سەرجەم بڕیارەکان کە پەیوەستن بــە بەرهــەمهێنان و دابەشــکردنەوە لەلایــەن میرییــەوە دەدرێــن، و لــە ئــابووری ئاراســتەکراودا میریــی خــاوەنی زۆربــەی بنــەماکانی بەرهەمهینانــە (زەوی و سەرمایە) و هەروەها خاوەن و ئاراستەکاری زۆرینەی دامەزراوەکانە و کار بۆ کرێکــاران دابین دەکــات و پێیــان دەڵێــت چــۆن کارەکانیــان ئــەنجام بــدەن، هەروەها بڕیار لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بەرهەمــەکانی کۆمەڵگــە دەدات لەسەر هەموو شمەك و خزمەتگوزاریەکان. بە کورتی لە ئابووری ئاراستکراودا میریــی وەڵامــی زۆربــەی پرســیارە ســەرەکیەکانی ئــابووری لەمیانــەی خاوەنداریــەتی بۆدەرامەتــەکان و بــەهۆی توانــای لەســەر چەســپاندنی بڕیارەکانی دەداتەوە.

٣- سیستەمی ئابووری تێکەڵاو: Mixed Economic System

سیستەمێکی مام ناوەندییەو هەموو خەسڵەتە چاك و پۆزەتیڤەکانی سیستەمی سەرمایەداری و سۆشیالیستی لەخۆوە دەگرێت و هەوڵ دەدات لەکەم و کورتیەکانیان بەدوور بێت، دەوڵەتان جیاوازن لە پەیرەوکردنی ئەم سیستەمەو لە رادەی کۆکردنەوەی خەسڵەتەکانی هەردوو سیستەمەکە، هەندێك لە سیستەمە تێکەڵاوەکان بایەخێکی زۆریان داوە بە خەسڵەتەکانی سیستەمی سەرمایەداری، هەندێکیشیان بایەخێکی زۆریان داوە بە خەسڵەتەکانی سۆسیالیزمی.

بەم شێوەیە هەندێ سیستەمی ئابووری تێکەڵاو پەیدا بووە بەسیما و ئاراستە سەرمایەداریە و یاخود سیمای سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی لەخۆوە گرتووە.

چالاکییەکانی ئابووری دەوڵەت لە سیستەمی ئابووری تێکەڵاو ئەم ئەرکانەی خوارەوەیان هەیە:

١- دابینکردنی بنەما یاساییەکان بۆ کارکردنی دەزگای نرخ.

٢- پارێزگاریکردن لە کێبڕکێ (المنافسة).

٣- تەواوکردن و رێکخستنی کاری دەزگای نرخ.

٤- نەهێشتنی ئەو بێکاری و هەڵاوسانەی کەلە ئاکامی بارگۆڕانی ئابوورییەوە (الدورات الاقتصادیة) سەرهەڵدەدەن.

خەسڵەتەکانی ئابووری تێکەڵاو :

١- بوونی کەرتی گشتی (القطاع العام) شان بە شانی کەرتی تایبەت (القطاع الخاص).

٢- بوونی پلاندانان یان ئاراستەکردن لەلایەن میرییەوە.

٣- رۆڵی دەوڵەت لە چاودێریکردنی کەرتی تایبەت.

٤- دڵنیایی (التامین) دەوڵەت لە بەرژەوەندی کار و کرێکاران دژ بە بێکاری.

٥- دانانی سنوورێك بۆ قۆرخکاری (الاحتكارات).

سێ یەم : چالاکییە ئابوورییەکان : Economic Activities

١- بەرهەمهێنان: Production

بریتییە لە کرداری گۆڕینی بەردەوامی هێزە سروشتیە ماددیەکان کە ناتوانن راستەوخۆ پێویستییەکانی مرۆڤ پڕبکەنەوە، کە مرۆڤ دەیگۆڕێت بۆ شمەك و خزمەتگوزاری کەوا شیاون بۆ پڕکردنەوەی پێویستە مرۆییەکان. کەواتە بەرهەمهێنان کردارێکە سوود دەرەخسێنێ یان زیادی دەکات.

٢- دابەشکردن : Distribution

پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئەو تاکانەی کە لە کۆمەڵگەدا لەگەڵیان دەژی و کە بەشداری یەکتر دەکەن لە کرداری بەرهەمهێنان و ئەو دەرەنجامانەش کە بەهۆی بەشداری کردنەکەوە پەیدا دەبێت لە بەدیهێنانی پسپۆری و کار دابەشکردن، دابەشکردنی بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر ئەو کەسانەی کە بەشدارییان کردووە لە چالاکی ئابووریداو بەسەر ئەو کەسانەش بەشدار نەبوون.

٣- ئاڵوگۆڕکردن : Exchange

واتا گواستنەوەی کارگێری بۆ خاوەنداریەتی شمەك و خزمەتگوزاری کە لە چالاکی ئابووری بەدەستهێنراون، هەروەك بازرگانی ناوخۆ بازرگانی دەرەکی نموونەن بۆ ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕکردنە.

٤- بەکاربردن: Consuming

کرداری ئامادەکردنی دەرامەتەکانە بۆ بەکاربردنی تاك و کۆمەڵ و تێرکردنی پێویستە مرۆییەکان و پاڵنەر هۆکارە رەفتاری و کۆمەڵایەتییەکان کە بوونەتە هۆی زیادبوونی خەرجییەکانی بەکاربردن.

بنەماكانی بەرهەمهێنان
FACTORS OF PRODUCTION

ئەو ئامرازانەن کە بەهۆیەوە پرۆژەکان ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن. بە واتایەکی دیکە (هەموو ئەو شتانەن کە بەشدار دەبن لە کرداری بەرهەمهێنان). بنەماكانی بەرهەمهێنان ئەمانەن:

١-زەوی (دەرامەتە سروشتیەکان): Natural Resources (*Land*)

بریتییە لە سەرجەم ئەو دەرامەت و کەرەستانەی لە سروشتدا هەن، هەروەها هەموو شتەکانی سەر زەوی و ئەو دەرامەتە مادیانەش دەگرێتەوە کە لەسەریەتی، هەروەها ئەوەش دەگرێتەوە کە چواردەوری زەوی داوە (**محيط الارض**) زەوی بنەمایەکی گرنگە، چونكە بنەمایەکی سەرەکیە بۆ بەرهەمهێنان و لە سەریدا کردارەکانی بەرهەمهێنان ئەنجام دەدرێن.

٢- کار (دەرامەتە مرۆییەکان): Human Resources (*Labour*)

کار: چالاکییەکی هوشیارانەی مرۆڤە بە مەبەستی ئەوە ئەنجام دەدرێت کە سوودێك بگەیەنێت یان سوودێك زیاد بکات.

یان بریتییە لە چالاکیەکی قورسی و ناچاری (ملزم) مرۆڤ و بەسەرچاوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە دادەنرێ.

بۆ ئەوەی کارکردن واتایەکی ئابووری هەبێت پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

أ- ئەم هەوڵەی ئەنجام دەدرێت لە لایەن مرۆڤەوە بێت.
ب- بەزۆر نەبێت، بەڵکو بە ئارەزوو بێت (الرغبە Desire).وەکو سوغرە پێکردن.
ج- کەسێکی هۆشمەند کارەکە ئەنجام بدات، بۆ ڕابواردن و کات بەسەر بردن نەبێت.
و- ببێتە مایەیی دروست بوون یان زیاد بوونی کەڵک (سوود).

٣- سەرمایە : Capital

ئامرازێکی بەرهەمهێنانە کە بەمەبەستی بەکاربردنی ڕاستە وخۆ بە کارنایەت، بەڵکو بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی شمەکی دیکە. دەتوانین سەرمایە دابەش بکەین بۆ دوو جۆر:

أ – سەرمایەی ئەختینەیی و سەرمایەی ڕاستەقینە
Monetary and Real Capital

ب – سەرمایەی بەرهەمهێن و سەرمایەی دەسهات.

٤- ڕێکخستن: Organization Enterpreneur

جۆرێکی تایبەتە لە چالاکی مرۆڤ هەندێ جار لە ژێر ناوی کار دادەنرێت، بەڵام جۆرێك لە تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئاماژەش بە گرنگی کۆکردنەوەی بنەماکانی دیکەی بەرهەمهێنان دەکات کە (زەوی، کار، سەرمایە) و بەکارهێنانیان لە کرداری بەرهەمهێنانـدا، و بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارەو لە ئەستۆگرتنی مەترسیەکانی جێبەجێکردنی.

ڕێکخەر ئەو کەسە نییە کە تەنها ئەرکی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکەی پێ ڕادەسپێردرێت، بەڵکو پێشڕەوە ئەو کەسەیە کە هەموو بەهرە و تواناکانی لە خزمەتی پڕۆژەکە دادەنێت بۆ گەشەپێدانی، ئەویش لە ڕێگای بەرهەمهێنانی شمەکی نوێ یان بەکارهێنانی ڕێگای تەکنەلۆژی نوێ لە بەرهەمهێناندا.

چوارەم: پێویستییەکان Wants Needs

پێداویستی: ئارەزوویەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامرازانەی کە پێویستن بۆ مانەوەی مرۆڤ یان بۆ پاراستنی بە بێ ئەوەی پەیوەست بێ بەدەستکەوتنی ئەم هۆیانە، بەڵام زانیارییەکانی مرۆڤ وا دەکات ئەو مەبەستانە بزانێ کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات و ئەو ڕێگەو شێوازانەش بزانی ڕێگە دەدات بە دەستکەوتنی ئەم مەبەستە.

پێداویستی هەر جۆرێك بێت سێ بنەمای هەیە، کە ئەمانەن:

١. هەستکردن بە ئازار (وەك برسیەتی، و تێنیبوون بۆ نموونە).

٢. زانینی ئامرازێك بۆ نەهێشتن یان سارێژکردنی ئەو ئازارە.

٣. ئارەزوو بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە بە مەبەستی نەهێشتنی هەستکردن بەو ئازارە.

پرسیارەکانی بەشی یەکەم

پ ١ : ئەم زاراوانەی خوارەوە پێناسە بکە :

زانستی ئابووری – مێژووی هزری ئابووری – کار – سەرمایە– ڕێکخستن– پێویستییەکان – ئاڵوگۆڕکردن.

پ٢: وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە:

١. ئایا ئابووری زانستە یان هونەر؟

٢. پەیوەندی نێوان زانستی ئابووری و زانستەکانی تر(هەر زانستێك بەتەنها یان هەموو زانستەکان).

٣. ئەو لایەنانە چین کە هزری ئابووریان لەسەر دامەزراوە؟

٤. باس لە ڕێگە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان بکە.

٥. ئەو هۆکارانە چین کە وایکرد وڵاتان دابەش بکرێن بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو لە ئابووری و وڵاتانی گەشەکردوو.

٦. تایبەتمەندییەکانی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری باس بکە.

٧. باسی سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی بکە.

٨. باسی سیستەمی ئابووری تێکەڵاو بکە.

٩. ئەرکی چالاکییەکانی ئابووری لە سایەی سیستەمی ئابووری تێکەڵاو دیار بکە.

١٠. تایبەتمەندییەکانی سیستەمی ئابووری تێکەڵاو بکە.

١١. چالاکییەکانی ئابووری چین ؟ بیانژمێرەو باسیان بکە.

١٢. بنەماکانی بەرهەمهێنان دیاری بکەو شرۆڤەیان بکە.

١٣. ئەو بنەمایانە چین کە مانایەکی ئابووری بە کار دەبەخشن؟

١٤. سەرمایە دابەش دەکرێت بۆ چەند جۆرێك، باسیان بکە.

١٥. باس لە ڕێکخستن بکە وەك هۆکارێکی بەرهەمهێنان.

١٦. بنەماکانی پێویستی مرۆڤ چین؟

سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

١. بول أ. ساموبلسون و ويليام د. نوردهاوس، الاقتصاد، الطبعة الخامسة عشرة، ترجمة : هشام عبدالله، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠١.

٢. د. حسين عمر، مقدمة في علم الاقتصاد : نظرية القيمة، الطبعة السادسة، دار الشروق، جدة، ١٩٨٢.

٣. د. عبدالكريم كامل عبدالكاظم، النظم الاقتصادية المقارنة، جامعة الموصل، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨.

٤. د.مصطفى رشدي شيحة، علم الاقتصاد من خلال التحليل الجزئي، الدار الجامعية،الاسكندرية، ١٩٨٦.

٥. د. كريم مهدي الحسناوي، مبادئ علم الاقتصاد، الجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٩.

٦. لبيب شقير، تاريخ الفكر الاقتصادي، مطبعة نهضة مصر، القاهرة، ١٩٧٨.

٧. د. محسن كاظم، تاريخ الفكر الاقتصادي: ابتداء بنشاته وانتهاء بالماركسية، الطبعة الاولى، ذات السلاسل، الكويت، ١٩٨٩.

٨. د. عبدالقادر محمد عبدالقادر عطية، التحليل الاقتصادي الجزئي بين النظرية و التطبيق، الدار الجامعية،الاسكندرية، ٢٠٠٥.

٩. د. محمد علي الليثي و د. عبدالرحمن يسري احمد، مقدمة في علم الاقتصاد : الاقتصاد الجزئي، الجزء الاول، الدار الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٧.

١٠. د. علي يوسف خليفة و د. احمد زبير جعاطة، النظرية الاقتصادية : التحليل الاقتصادي الجزئي، دون، ناشر، دون مكان، دون تاريخ.

١١. د. رضا صاحب ابو حمد و د. مؤيد عبدالحسين الفضل، اساسيات اقتصاديات الاعمال، الطبعة الاولى، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٣.

١٢. د. صبحي تادرس قريصة و د. اسماعيل محمد هاشم و د. محمد عبدالعزيز عجمية،مقدمة في الاقتصاد، دار الجامعات المصرية، الاسكندرية، ١٩٧٦.

١٣. د. محمد صالح القريشي و د. ناظم محمد نوري الشمري، مبادئ علم الاقتصاد، جامعة الموصل، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣.

١٤. د. كامل البكري، الاقتصاد التجميعي، مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر، الاسكندرية، ١٩٨٥.

١٥. سوزان لي، ابجدية علم الاقتصاد، ترجمة : خضر نصار، مركز الكتب الاردني،عمان، ١٩٨٨.

١٦. يوسف كمال محمد، فقه اقتصاد السوق : النشاط الخاص، الطبعة الثالثة، دار النشر للجامعات، القاهرة، ١٩٩٨.

17. Michael A. Leeds, Peter Von Allen & Richard C. Schiming, " Econo - mics ", Pearson Education Inc., Boston, 2006.

18. Jeffrey M. Perloff, " Microeconomics ", Fourth Edition, Pearson Int'l Edition, Boston, 2007.

19. Robert J. Gordon, "Macroeconomics ", 10th Edition, Pearson Inc., New York,2006.

20. Stanley L. Brue & Campbell R. McConell, " Essentials of Economics ", McGraw – Hill Inc., Boston, 2007.

21. Damodar N. Gujarati, " Essentials of Economics ", Third Edition, McGraw – Hill Inc., Boston,2006.

22. Stephen L. Slavin, " Economics ", 8th Edition, McGraw – Hill, New York, 2008.

23. Bradley R. Schiller, " The Microeconomics Today ", 10th Edition, McGraw – Hill, Boston, 2006.

24. Bradley R. Schiller, " The Macroeconomics Today ", 10th Edition, McGraw – Hill, Boston, 2006.

25. David D. Friedman, " Price Theory ", 2nd Edition, South – Western Publishing Co., Cincinnati,1990.

بەشی دووەم

بەهاو نرخ

VALUE AND THE PRICE

بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕکردن :

Value in use and Value in exchange

هەموو شمەکێك ئابووری بێت (واتە مرۆڤ ڕۆڵی هەبێت لە بەرهەمهێنانی) یا سەربەخۆ بێت (واتە لە سروشتدا هەبێت) بەهایەکی بەکارهێنانی (Value in use) هەیە، و مەبەست لە بەهای بەکارهێنان: (توانای شمەکێك کە پێداویستییە راستەوخۆکانی مرۆڤ پڕ بکاتەوە، بە واتایەکی تر بەهای بەکارهێنان ئەو کەڵکەیە کە دەرئەنجامی بەکارهێنانی شمەکێکە). و لە بەر ئەوەی کە بەهای بەکارهێنان هەر تەنیا شمەکی ئابووری ناگرێتەوە، بەڵکو شمەکی نائابووریش دەگرێتەوە، ئەو بەهایە پێویستی بە بازاڕ یاخود ئاڵوگۆری بازاڕ نییە لە لایەن تاکەکان.

مەبەست لە بەهای ئاڵوگۆڕکردن (القیمة التبادلیة Value in exchange) (توانای شمەکێکە کە ئاڵوگۆڕ بکرێت لەگەڵ شمەکێکی تر کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە تایبەتمەندییەکانی شمەکی یەکەم). لێرەدا بەهای ئاڵوگۆرکردن خۆی لە پەیوەندێکی رێژەیی (العلاقة الکمیة) دەنوێنێ بە واتا ئەو ڕێژەیەی کە شمەکێك بە شمەکێکی تر ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

بەهای ئاڵوگۆڕکردن بە پێچەوانەی بەهای بەکارهێنان تەنها پەیوەندی بە شمەکی ئابوورییەوە هەیە، و بریتییە لە بەهایەکی کۆمەڵایەتی، چونکە بەهای ئاڵوگۆڕکردن بوونی نییە بەبێ بوونی تاکەکان کە شمەکی ئابووری بەرهەم دێنن و لە بازاڕ دەیخەنە روو بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنیان.

بەهای ئاڵوگۆڕکردن و نرخ :
Value in Exchange & Price

چەمکی بەهای ئاڵوگۆڕکردن بەستراوەتەوە بە بەراوردکردن یان بە پەیوەندی لە نێوان بڕی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان دوو شتی جیاواز، بۆ نموونە دەکرێ باس لە بەهای ئاڵوگۆڕکردنی شمەکێك "بۆ نموونە زێڕ" ڕێژەیەکی ئاڵوگۆڕکردنی بە شمەکێکی تردا "بۆ نموونە کەلوپەل"دیاربکرێ و لەبەر ئەوەی ئاڵوگۆڕکردن لە کۆمەڵگاکانی هاوچەرخدا لە ڕێگای " دراوەوە "دەکرێ دوای وازهێنان لە شێوازی سەوداکردن (المقايضة Barter) بۆیە دەکرێ نرخی کەلوپەلەکان بە دراو دابنرێ – و نرخی زێڕ بە دراو دەست نیشان بکرێ، بەم شێوەیە نرخ بریتییە لە گوزارشتی نەختینەیی (التعبير النقدي) بۆ بەهای شمەکێکی ئابووری.

کاتێك دەڵێت ئاو " بەهای "خۆی هەیە مەبەست لەوە پێداویستییەکی دیاریکراوی مرۆڤ پڕ دەکاتەوە بە بەکارهێنانی ئەم شمەکە دێتە دەست – لەم سۆنگەیەوە بیرکردنەوە لە " سوود " ئەوا بەهای بەکارهێنانی ئەم شمەکە دەگرێتەوە بە بێ ڕەچاو کردنی بەرزی ونزمی نرخەکەی لە بازاڕدا – بەڵام باسکردنی بەهای خانوویەکی دیارکراو، ئاماژە بەم بەهایە مەرج نییە بە نرخی فرۆشتنی ئەم شمەك دابنرێ یان بەهای ئاڵوگۆڕکردنی بێت، بەواتایەکی تر ئەم نرخەیە کە کڕیارێك دەیەوێ بیدات بەرامبەر بەدەست هێنانی خانووەکە – یان ئەم نرخەی کەوا پێویستە بیدات ئەگەر ئارەزووی بەدەست هێنانی هەبێت گەر بیەوێت تێیدا نیشتەجێ بێت.

پەرەسەندنی بیردۆزەی بەها :

The progress of Value Theory

شیکردنەوەی کێشەی بەها بەچەند قۆناغێك تێپەڕبووە تاکو گەیشتۆتە ئەوەی ئێستا هەیە، دەتوانین بەگوێرەی ئەو بیردۆزانەی خوارەوە لێکۆڵینەوە لەبارەی پەرەسەندنی شیکردنەوەی بەها بکەین:

یەکەم - بیردۆزی بەهای کار و خەرجی بەرهەم :

نووسەرە کلاسیکیەکان جیاوازیان لە نێوان بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕکردن کردووە. **بەهای بەکارهێنان** ئەم کەڵکەیە کە کەسێك لەبەکارهێنانی شمەکێك دەستی دەکەوێ. بەڵام **بەهای ئاڵوگۆڕکردن** ئەو ڕێژەیەیە کەوا لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕکردنی شمەکێك بە شمەکێکی تر لە بازاردا بەدەست دەهێنرێت. بەهای ئاڵوگۆڕکردن بۆ هەر شمەکێك بە بۆچوونی کلاسیك لەسەر بنەمای ئەو کارەیە کە دەیکات. یاخود لەسەر بنەمای ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنە کە کاری تێدا کراوە بۆ بەرهەمهێنانی شمەکەکە.

ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی بیردۆزەی بەهای کار کراون:

١- فەرامۆشکردنی کاریگەری خواست بۆ بەهای شمەکەکان. چونکە بڕێکی زۆر لە کار بۆ بەرهەمهێنانی شمەکێکی دیاریکراو خەرج دەکرێت، بەڵام کە ئەم شمەکە دەخرێتە بازاڕ خواستی لە سەر نابێت، دواتریش بەهای ئاڵوگۆڕکردنی نابێت.

٢- ڕەچاوی بنەماکانی دیکە ناکات کە بەشداری لە بەرهەمهێنان دا کەدا دەکەن. هەرچەندە دیڤید ڕیکاردۆ دانی بە گرنگی سەرمایە داناوە لە کرداری بەرهەمهێنان، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، چونکە بە کارێکی پاشەکەوتکراوی لە قەڵەم دەدات. بەڵام ئەم بۆچوونەی کەوا سەرمایە هەمیشە لەگەڵ کاردا بە ڕێژەیەکی جێگیر بەشداری دەکات لە کرداری بە بەرهەمهێناندا بۆچوونێکە لە ڕاستییەوە دوورە.

٣- بیردۆزەیەکە ناتوانێ دیاردەی بەها لێك بداتەوە. و بەهای فرۆشتنی هەر شتێك لە بازاڕدا تەنها بە بڕی تێچوونی بەرهەمهێنانەکەی دیاری ناکرێت، ئەم بیردۆزە بارودۆخی خواستی لەسەر شمەکەکە لە بازاڕدا پشتگوێ دەخات.

٤- هەروەها ناتوانێت بەهای شمەکە دەگمەنەکان لێك بداتەوە واتا ئەم شمەکانەی ناتوانرێ جارێکی دیکە بەرهەم بهێندرێت بۆ نموونە تابلۆ هونەرییەکان.

دووەم: بیردۆزی سوودی سنووردکی: Marginal Utility Theory

کاتێك کەسێك بیر لە نرخی شمەکێك دەکاتەوە کەوا بەنیازە بیکڕێت ئەوا ڕاستەوخۆ بیر لەو سوودەش دەکاتەوە کە لەو شمەکە دەستی دەکەوێت. بە دەگمەن بیر لە بەهای شمەکەکەو تێچوونی بەرهەمهێنانەکەی دەکاتەوە. دەکرێ بڵێین کڕیار هەمیشە هەوڵ دەدات بەهای شمەکەکەو کەڵکەکەی بەیەکترەوە ببەستێتەوە، لێرەدا پێویستە ئەم پرسیارە بورووژێنین کە لە بەرچی ئابووریناسانی کلاسیك (کۆن) بەهای شمەکەکان بە کەڵکەکەی نابەستنەوە؟

ئابووریناسە کلاسیکییەکان وەکو: "ئادەم سمیث، و دیڤید ڕیکاردۆ، و ئەوانی تر" ئەم بەیەکتر نەبەستنەوەی نێوان بەهای ئاڵوگۆڕی شتەکان و سوودەکەی بۆ دوو هۆکار دەگەڕیننەوە:

١-هۆکاری سەرەکی یەکەم ئەوەیەکە کلاسیکییەکان بەرەو ڕووی ئەوە دەکاتەوە کە لە مێژوویی بیردۆزی بەهاکان بە (نهێنی بەها) ناسراوە ئەوانە تێبینی ئەوەیان کرد کە هەندێك شمەك هەیە کەڵکی زۆر گەورە دەبەخشن وەك (هەوا) کەچی بەهایەکی بازاڕی نییە، هەوا لە شێوە سروشتیەکەیدا شمەکێکی سەربەخۆیەو هەموو بونەوەرێك دەتوانێ پێداویستی خۆی لێ دابین بکات بەبێ هیچ بەرامبەرێك، ولەهەمانکاتدا تێبینی ئەوەیان کرد کە هەندێك شمەك هەیە کەڵکیان زۆرکەمترە لە کەڵکی هەوا کەچی سەرەڕای ئەوەش نرخەکانیان زۆر بەرزە. ئەم بیرکردنەوە سادەیە ئاماژە بە نەبوونی پەیوەندی نێوان بەهای هەواو کەڵکەکەی دەکات.

بەڵکو وا دەکات وا بزانرێ کەوا نرخی هەوا یەکسانە بە هیچ، چونکە کەسەکەهیچ شتێك نادات بۆ بەدەست هێنانی.

٢– هۆكـاری دووەم خـۆی لـه خـەرجيـەكانی بەرهـەم دەبينێتـەوە بـۆ گـەڕان بەدوای لێكدانەوەی بەهای ئاڵوگۆڕكردن بۆ شمەكـەكان و سـەرقاڵبوونيان بـە بابەتی شيكردنەوەی ئەو هۆكارانەی كە بەشی ڕێژەيی ئـەم بنەمايانـە ديـاری دەكات كە لە بەرهەمهێنانەكە بەشداريان كردووە.

تا كۆتاييەكانی سەدەی نۆزدەهەم بيردۆزی خەرجی بەرهـەمهێنانی بـۆ بەهاكان بەردەوام هـزری ئـابووری سـەرقاڵ كردبـوو كاتێـك بـيردۆزی كـەڵكی سنوورەكی لەسەردەستی ڕێبەرانی " قوتابخانەی شی كردنەوەی سنوورەكی " (مدرسة التحليل الحدي) وەك: (كـارل مێنجـر، وسـتانلی جيڤۆنز، وليـون ڤـالراس) سـەری هەڵـدا. و ئـەوكات گرنگـی ئـەم دۆزينـەوە زانـستييە لـە پەرەسەندنی بيردۆزی بەها دەركەوت.

جێگەی ئاماژە پێدانە كەوا بنەما سەرەكييەكانی بيردۆزی – جيڤۆنز – و قوتابخانـەی كلاسـيكی لـە پـەرتووكی "جۆشـن" دا باسـی لێـوەكراوە – بنەمای سەرەكی بيردۆزەكەی بۆ بەها لەم برگەيەدا پوخت كراوەتـەوە (بـەها بە تەواوی پشت بە سوود دەبەسـتی) بەهـەمان ڕێـڕەوی (جۆشـن) (جيڤـۆنز) ئەو كاريگەريانەی شی كردۆتەوە كە گۆڕانی بـڕی شمەكـەكان بەسـەر كەڵكـە وەرگيراوەكـان دادێـت لەسـوودە يـەك بـەدوای يەكەكانـدا. بـە بنـەمای كەمبوونـەوەی كەڵكـەكانی دانـاوە، و لـە باسـكردنی بـۆ پێكهـاتنی بـەهای ئاڵوگۆڕكردن لە گەڵ ياسای دووەمی جۆشن كۆكە – گەيشتە ئـەنجامێك كـە حاڵەتی هاوسەنگی لە ئاڵوگۆڕكردنی دوو شمـەك، "كـاتی هاوسـەنگی دەبێـت كە كەڵكەكانی سنوورداری لـە نێـوان دوو شمەكدا نرخـەكانيان وەكـو يـەكتر بن".

بەواتایەکی تر هزرڤانانی قوتابخانەی سنووورداری ڕاو و بۆچوونیان وایە کەوا بەهای هەر شمەکێك سەبارەت بە کەسێك بەو کەڵکە دیاری دەکرێت کە لە دوایین یەکەی بەکاربراوەکە وەری دەگرێت بەم شێوەی خوارەوە ڕەخنەی لێ گیراوە:
یەکەکانی یەکەم لە شمەك کەڵکێکی زۆر دەدات بە بەراورد لە گەڵ کەڵکی دوایین یەکە، و چۆن بەهای هەموو یەکەکان لە سەر بنەمای کەڵکی دوایین یەکە دیاری دەکرێت؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاماژە بە لایەنگرانی قوتابخانەی سنووورداری دەکرێت بە یاسایەکی تر وەری دەگرن کە ئەویش (یاسای جێگرتنەوە) یە بە پێی ئەم یاسایە یەکەکانی هاوشێوە وجێگر لە شمەکدا کەوا هەمان خەسڵەتیان هەیە کە دەکرێ هەندێکیان شوێنی هەندێکیان بگرنەوە هەموویان هەمان بەهایان هەیە بەمجۆرە یەکە وێکچووەکان لە هەمان شمەك دا گشتیان لای یەکێك بوون هەمان بەهای دەبێت. چونکە هەر شمەکێکیان شوێنی یەکەکانی تر دەگرێتەوە و لەبەر ئەوەی کەڵکی دوایین یەکە هەڵوێستی کەسەکە دیاری دەکات بۆ گشت یەکەکانی شمەك،بۆیە هەر یەکەیەك لە یەکەکانی شمەك هەمان بەهای هەیە کەوا لە سەر بنەمای کەڵکی دوایین یەکە دیاری دەکرێت.
ئەو ڕەخنەیەی لەم بیردۆزە (بیردۆزی کەڵکی سنووردار) گیراوە، ئەوەیە کە لایەنی خستنەرووی لە شیکردنەوەی بەها فەرامۆش کردووە — بە پێچەوانەی بیردۆزی کار بۆ بەها.
بەڵام (ئەلفرێد مارشال) بە گونجاندنی نێوان کەڵکی سنووورداری و خەرجی سنووورداری لە شیکردنەوەی بۆ بەهادا وەرگرتووە یەکەمیان حوکمی خواست دەکات و دووەمیان حوکمی خستنەڕوو دەکات، بەڵام (هێکس) ڕەخنەکەی لە پێوانی کەڵکی سنووورداریەکە ئەوەیە کە ناتوانرێت لە جیاتی ئەوە بیرۆکەی تێکرایی جێگرتنەوەی سنووورداری بەکاربهێنرێ.

چەمکی نرخ: Importance Of Price

دامـەزراوە بەرهەمهێنـەرەکان و کارگێڕییـەکان بـە تایبـەتی دەزگـا بەرهەمهێنەکان بەم شێوەیە پێناسەی نرخ دەکەن:

– دیاریکردنی بەهای شمەك یان خزمەتگوزارییە بە پارە.

– یان بریتییە لە بڕی ئەو دراوەی کەوا کڕیارێکی دیاری کـراو دەیداتـە فرۆشیارێك بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕێکـی دیـاریکراو لـە شمـەکێك یـان خزمەتگوزاریەك.

نرخەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێن:

نرخە ڕەهاکان: بریتییە لە نرخی شمەکێك و پێوانەکردنی بە دراو.

نرخە ڕێژەییەکان: بریتییە لە بەهای شمەکێك بە پێوانەی بە شمەکێکی تر.

گرنگی نرخ : Importance Of Price

گرنگیەکەی لەوەدا سەرهەڵدەدات کەوا ئامرازێکی کاریگەرە بۆ:

١. دابەشکردنی دەرامەتە ئابوورییەکان لە نێوان کەرتە جیاجیاکاندا، لە ڕێگای دابەشکردنی بەکارهێنراوەکانی کرداری بەرهەمهێناندا.

٢. دابەشکردنی شمەك و خزمەتگوزارییەکان بەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

٣. بەرزکردنەوەی توانای بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان و هاندانیان بۆ پێشخستنی لایەنی (هونەری یان تەکنۆلۆژی).

٤. کاریگەری لەسەر شێواز و ئاڕاستەی بازرگانی نێودەوڵەتی و دابەشکردنی داهاتەکان لە نێوان وڵاتاندا هەیە.

دیاریکردنی نرخ لای کۆمپانیاکان :

لەسەر ئاستی کۆمپانیا یان یەکەی ئابووریدا، کرداری نرخدانان ئەرکێکی گرانە کەوا ڕووبەڕووی بەڕێوەبردنی کۆمپانیەکان دەبێتەوە،چونکە بەستراوەتەوە بە چارەنووس و توانای مانەوەی لە بازار، تاوەکو بتوانێ شمەك وخزمەتگوزاری بە باشترین نرخ و بەکەمترین ئەرك و تێچوون پێشکەش بەکاربەران بکات و ڕەچاوی پابەندبوونیان کردوە لە بەرامبەر کۆمەڵگا کەوا بنەمای بوونیەتی. هەرچەندە کۆمپانیاکان بەدوای بەدەستهێنانی گەورەترین داهات لەگەڵ بەرزترین ڕێژەی قازانجدا دەگەڕێن، بۆیە بە ئەنقەست نرخەکان کەم دەکاتەوە بۆ دەستەبەربوونی بەشەکەی لە بازاڕدا و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشبڕکێی کۆمپانیاکانی تر.

میکانزمی دیاریکردنی نرخەکان لە سیستەمێکی ئابووری بۆ سیستەمێکی تر جیاوازە، هەروەها جیاوازە لە نێوان بازارەکانی یەك سیستەمیشدا،ئەو هۆکارانەی کەوا نرخی بەرووبومی کشتوکاڵی لە بازار دیاری دەکەن جیاوازن لە گەڵ ئەم هۆکارانەی کەوا نرخی شمەکە پیشەسازیەکان و خزمەتگوزارییەکان دیاری دەکەن.

لە سیستەمی سەرمایەداریدا نرخەکان بە پێ میکانزمی بازاڕ "هێزەکانی خستنەڕوو و خواست" دیاری دەکرێن، خاوەنداریێتی تایبەت (الملكية الخاصة) پێویستێ بە بوونی شێوازی بەکاربردن و مافی بەکاربردنی ئەم شێوازانە هەیە ویەکاریەر ئازادە لە چۆنییەتی بەکارهێنانی داهاتەکەی وئەو شێوازەی کە لەگەڵ خۆی گونجاوە،و گریمانەکانی تر کە لە سایەیاندا میکانزمی نرخەکان کاردەکەن بۆ حوکم کردنی ئەم میکانزمە بەپێی یاسای خواست و خستنەڕوو نرخەکان بڕیاردراون بەڕادەیەکی گەورە لە ڕێگای پەیوەندی لە نێوان بەرهەمهێن و بەکاربەر – واتا گونجان لە نێوان ئارەزووەکانی بەرهەمهێنەران و بەکاربەرەکان – بۆیە نرخەکان پێوەرێکی گرنگن و ڕێنیشاندەرن بۆ بەرهەمهێنەران بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە نرخەکان بکەونە ژێر کاریگەری میکانزمی بازار و هێزەکانی خواست و خستنەڕوو بەبێ ڕێکخستن ودیاریکردن.

ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر نرخەکان :

دەکرێ گرنگترین ئەو هۆکارانە دەست نیشان بکەین کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر دیاریکردنی نرخەکان بەم شێوەی خوارەوە:

١ – تێچوونەکان : Costs

تێچوونەکان بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێ بۆ دیاریکردنی ئاستی نرخەکان کەلەکاتی دەست نیشان کردنی نرخەکان پێویستە ڕەچاوبکرێت. تێچوونەکان هەموو ئەو خەرجیانە دەگرێتەوە کە پێویستن بۆ بنەماکانی بەرهەمهێنان لە کار و پێداویستی شمەك وخزمەتگوزاری – سەرەڕای ئەم خەرجیانەی کە شمەك دوای بەرهەمهێنانی و پێویستی پێیەتی تاکو گەیاندنی بە دەستی بەکاربەر.

هەر زیادەیەك لە خەرجییەکانی تێچووندا دەبێتە مایەی زیادە لە نرخەکاندا و پێچەوانەش ڕاستە. نرخەکان پێویستە کەمترین ڕادە لە تێکڕایی تێچوونە گۆڕاوەکان بدات بۆ ئەوەی دامەزراوەکان لە کارەکانیاندا بەردەوامبن.

٢ - هۆکارە رامیارییەکان : Political Factors

ڕێ و شوێنی پەیرەوکراو لە لایەن دەوڵەتەوە کە پەیوەستە بە ئامانجە رامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتییەکان بۆ هەر رژێمێکی رامیاری هۆکارە کاریگەرەکان دەژمێردرێت بۆ دیاریکردنی نرخەکان. بۆ نموونە ڕێو شوێنی دیاریکردن و چەسپاندنی نرخەکان بۆ هەندێك لە شمەك و خزمەتگوزاریەکان دەرئەنجام دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی توانای کڕینی تاکەکان، و یان دابینکردنی داهاتی بەرهەمهێنەرەکان لە ڕێگای دەستەبەرکردنی کەمترین

ڕادەی نـرخ بـۆ بەرهەمـەکانیان و دابینکردنـی شمـەکی بەرهەمهێنـەرەکان و کەرەستە خاوەکـان بـە نرخێکی کـەم، هـەموو هۆکـاری گرنگ و ڕێوشوێنی رامیارین کە دەوڵەت بە کاریان دەهێنێت ئامـانجی ئەوەیـە کـار بکاتـە سـەر نرخەکان.

٣ - پلەی کێبڕکێکردن (المنافسة): Competition

ئـەو کێبڕکێکردنـەی کـە لـە بـازاڕدا هەیـە بـەگرنگترین هۆکـار هـەژمار دەکرێـت بـۆ دیـاریکردنی نرخـەکانی شمـەك و خزمەتگوزاریـەکان، چـونکە هۆکاری کێبڕکێ لە دانانی نرخدا لەو سیستەمانەی کە پلانی ناوەندی پەیڕەو دەکـەن لـە بـەڕێوەبردنی ئابووریـەکانیان کـەمترە، چـونکە نرخـەکان بـەپێی ڕێنمـایی و ڕێـو شـوێنێك کـە دەوڵـەت لـە ناوەنـدەوە دەری دەکـات دیـاری دەکرێت. و هەروەها هۆکـاری کێبڕکـێ لـە بەرامبـەر شمەکـە قۆرخکراوەکـان کاریگەری نابێت، چـونکە نرخـەکان لـە لایـەن کۆمپانیـا بەرهەمهێنـەرەکان و قۆرخکراوەکان دیاری دەکرێت.

٤-رامیاری دارایی (خەرجیەکان): Fiscal & Polic Expenditure

زیادکردنی رامیاری خەرجیەکانی دەوڵەت لە هـەردوو لایـەنی بەگـەڕو و وەبەرهێناندا. کاردانەوەی گەورەی هەیە لە سـەر ئاسـتی نرخـەکان، چـونکە زیادکردنی خەرجیە گشتییەکان، ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی زیادبوونی خواست لـە سـەر شمـەك و خزمەتگوزارییـەکان و بەشێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ داهـاتی تاکەکان زیاد دەبێ، "کاریگەری دوو ئەوەندە زیاد دەبێت"

(اثر المضاعف Multiplier effect) ئەگـەر ئـەم زێـدە خواسـتە زیادەیـەکی بەرامبـەر نـەبێت لـە بەرهەمهێنانـدا، دەرئـەنجام دەبێتـە مایـەی زیـادبوونی خواسـتێ بـە بـەراورد لـە گـەڵ خـستنەڕوودا و نرخـەکان بـەرز دەبنـەوە. و

پێچەوانەش ڕاستە، کۆنترۆڵکردنی ئاستی نرخەکان لەم حاڵەتانەدا بابەتێکی گرنگە پێویستی بە ڕێوشوێن هەیە بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتە خنکێنراوەکان ئەوەش بە ڕێکخستنی گۆڕانی نرخەکان دەکرێت.

٥- رامیاری بازرگانی دەرەکی دەوڵەت: Foreign Trade Policy

ئەو رامیاریەی دەوڵەت پەیرەوی دەکات لەبواری"هاوردەوناردەنی" دا کاریگەرە لەسەر ئاستی نرخەکان، چونکە بازرگانی دەرەکی رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە جەختکردن لەسەر نرخەکان لەمیانەی کاریگەری خواستی دەرەکی لەسەر شمەکە ناوەخۆییەکان و ئەو شمەکانەی کە لە دەوڵەتدا خراونەتە ڕوو. بە ئاشکرا دیار دەکەوێت. ئەم خواستە لە بەرزبوونەوەو دابەزین دایە لە میانەی زێدەکردنی نێردراوەکان یان بەکاربرەکان و یاخود دابەزینیان، هەروەها هاوردەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی شمەك و خزمەتگوزاریەکان بەم پێیەی کە ڕێگەیەکە بۆ گواستنەوەی هەڵاوسانی جیهانی، بۆیە کار دەکاتە سەر ئاستی نرخەکانی ناوخۆ بە تایبەتی لەم وڵاتانەی کە ئابووریەکانیان پشت بەجیهانی دەرەوە دەبەستی وەك لە زۆربەی وڵاتە تازە پێگەشتووەکاندا.

٦- رامیاری نەختینەیی (دراو): Monetary Policy

رامیاری نەختینەیی (بە رامیاری متمانە کردنیشەوە) بەنرخەکان بەستراوتەوە لە ڕێگای کاریگەری ڕێژەی دراو لە ئاڵوگۆڕکردندا (خستنەڕووی دراو) دەکرێ، دەتوانرێ ئەم سیاسەتە بە کاربهێندرێت بۆ هاندانی تاکەکان بۆ پاشەکەوتکردن و وەبەرهێنان و یان کەمکردنەوەی ئاسانکاری بەنکی بە شێوە جیاجیاکانی ئەمەش دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی قەبارەی دراو لە ئاڵوگۆڕکردندا.

٧- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان : Social Factors

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کار دەکەنە سەر نرخ و ئاراستەکانی ئەمەش لەرێگەی بەیەکتر بەستنەوەی خواست لە سەر شمەك و خزمەتگوزارییەکان و کاریگەری لەسەر ئەو شێوازە بەکاربراوەی کە هەیە.گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

أ- قەبارە و پێکهاتەی دانیشتوان بە پێی تەمەن و ڕەگەزە.

ب- هاتوچۆی دانیشتوان لە ناوخۆ و دەرەوەدا.

ج- ئەو شێوازە بەکاربردنەی کە پەیوەستە بە دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە.

پرسیارەکانی بەشی دووەم

پ١/ پێناسەی ئەم زاراوانە بکە:

بەهای بەکارهێنان –بەهای ئاڵوگۆڕکردن – سوودی سنووردار– سوودی سەرجەم.

پ٢/ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە :

١. بەگوێرەی بیروڕای کلاسیك چۆن بەهای ئاڵوگۆڕکردن دیاری دەکرێ؟

٢. باسی بۆچوونی کارڵ مارکس بکە سەبارەت بە بەها ؟

٣. باسی ئەو رەخنانە بکە کە ئاراستەی بیردۆزی کارکرا بۆ بەها ؟

٤. ڕێسای کەمبوونەوەی سوود شرۆڤە بکە.

٥. بەها لە لایەن جیفونزەوە چۆن شیکراوەتەوە (شرۆڤەکریە) ؟

٦. چۆن دەتوانین بەهای هەموو یەکەکانی شمەکێك لەسەر بنەمای سوودی دوا یەکە دیاری بکەین؟

٧. چۆن نرخ دیاری دەکرێ لە سیستەمی ئابووری سەرمایەداری؟

٨. کۆمەڵێك هۆکار کاردەکەنە سەر نرخ. ئەو هۆکارانە چین؟

٩. لەبەرچی بۆچوونی دیڤید ریکاردو لەبارەی بەها بە (**بیردۆزێك بۆ تێچوونەکانی بەرهەمهێنان دادەنرێ؟**)

١٠– بۆچی ئابووریناسانی کلاسیك بەهای شتێکیان بەو کەڵکەی کە لەو شتە وەردەگیرێت نەبەستۆتەوە؟

پ٣/ ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕاستن (✓) یا چەوتن (X)دیاریان بکە:

١. پەیوەندی نێوان شتێك و کەڵکەکەی: ڕاستەوخۆ لە نێوان بەهاکەی و سەرجەم کەڵکەکەی دا نییە، بەڵکو لە نێوان بەهاکەی و کەڵکی سنووردارەکەیەتی.

٢. لاری چەماوەی خواست لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە چەپەوە بۆ ڕاست بۆ بنەمای زیادبوونی سوودی سنوورەکی دەگەڕێتەوە.

٣. بیردۆزی سوودی سنووردار لایەنی خستنەڕووی لە شیکردنەوەی بەها فەرامۆش کردووە.

٤. کاریگەری هۆکاری کێبڕکێ لەسەر نرخ لەم سیستەمانە کە پلانی ناوەندی پەیڕەو دەکەن لە بەڕێوەبردنی ئابوورییەکانیان.

٥. خەرجی بەرهەمهێنان بە گۆڕینی قەبارەی بەرهەم دەگۆڕدرێت بەمەش یەک خەرجی بەرهەمهێنان نییە بۆ هەر شمەکێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی بڕی بەرهەم هێنانەکە.

٦. بەهای هەر شمەکێك بۆ تاك بە پێی ئەو کەڵکە کە لە دوایین یەکەی بەکارهێنراو وەریگرتووە دیاری دەکرێ.

سەرچاوەکانی بەشی دووەم

١. توني همفريز، المال والقيمة بجددان حياتك، تعريب احمد العمري، مكتبة العبيكان، الرياض، ٢٠٠٢.

٢. د. حسين عمر، مقدمة علم الاقتصاد : نظرية القيمة، الطبعة السادسة، دار الشروق، جدة، ١٩٨٣.

٣. د. رضا صاحب ابو حمد و د. مؤيد عبدالحسين الفضل، اساسيات اقتصاديات الاعمال، الطبعة الاولى، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٣.

٤. د. صبحي تادرس قريصة و د. اسماعيل محمد هاشم و د. محمد عبدالعزيز عجمية، مقدمة في الاقتصاد، دار الجامعات المصرية، الاسكندرية، ١٩٧٦.

٥. د. محمد صالح القريشي و د. ناظم محمد نوري الشمري، مبادئ علم الاقتصاد، جامعة الموصل، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣.

٦. د. عبدالقادر محمد عبدالقادر عطية، التحليل الاقتصادي الجزئي بين النظرية و التطبيق، الدار الجامعية،الاسكندرية، ٢٠٠٥.

٧. د. محمد علي الليثي و د. عبدالرحمن يسري احمد، مقدمة في علم الاقتصاد : الاقتصاد الجزئي، الجزء الاول، الدار الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٧.

٨. د. علي يوسف خليفة و د. احمد زبير جعاطة، النظرية الاقتصادية : التحليل الاقتصادي الجزئي، دون، ناشر، دون مكان، دون تاريخ.

٩. د. كامل البكري، الاقتصاد التجميعي، مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر، الاسكندرية، ١٩٨٥.

١٠. يوسف كمال محمد، فقه اقتصاد السوق: النشاط الخاص، الطبعة الثالثة، دار النشر للجامعات، القاهرة،١٩٩٨.

١١. سوزان لي، أبجدية علم الاقتصاد، ترجمة خضر نصار، مركز الكتب الاردني عمان،١٩٨٨.

12. Michael A. Leeds, Peter Von Allen & Richard C. Schiming. " Econo - mics ", Pearson Education Inc., Boston, 2006.
13. Jeffrey M. Perloff, " Microeconomics ", Fourth Edition, Pearson Int'l Edition, Boston, 2007.
14. Robert J. Gordon, " Macroeconomics ", 10th Edition, Pearson Inc., New York, 2006.
15. Stanley L. Brue & Campbell R. McConell, " Essentials of Economics ",McGraw – Hill Inc., Boston, 2007.
16. Damodar N. Gujarati, " Essentials of Economics ", Third Edition, McGraw – Hill Inc., Boston, 20006.
17. Stephen L. Slavin, " Economics ", 8th Edition, McGraw – Hill, New York, 2008.
18. Bradley R. Schiller, " The Microeconomics Today ", 10th Edition, McGraw – Hill, Boston, 2006.
19. Bradley R. Schiller, " The Macroeconomics Today ", 10th Edition, McGraw – Hill, Boston, 2006.
20. David D. Friedman, " Price Theory ", 2nd Edition, South – Western Publishing Co., Cincinnati, 1990.

بەشی سێیەم

بــــــازاڕەکان

THE MARKETS

پێناسەی بازاڕ:

بــازاڕ: چوارچــێوەیەکە کۆمــەڵێك کڕیــار و فرۆشــیار لــە خــۆ دەگرێــت و پەیوەندییــەکی پتــەویان هەیــە و بــەبێ هیچ بەربەســتێك ئــاڵوگۆڕ لــە نێــوان یەکتری دەکەن.

لەم پێناسیەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا بازاڕ چوار ڕەگەز لەخۆ دەگرێت:

١. بوونی شمەکێك بۆ ئاڵوگۆڕکردن.

٢.بوونی کڕیار.

٣.بوونی فرۆشیار.

٤.ئاڵوگۆڕکردن بە ئازادی بەبێ بەربەست.

ئەو هۆکارانەی چوارچێوەی بازاڕ دیاری دەکەن ئەمانەن :

١– سروشتی شمەك.

٢– داب و نەریتی باو.

٣– ئاسانی گەیاندن.

٤– بەربەستی گومرگی و چەندایەتی.

بنەما گرنگەکانی بازاڕ:

بەرلەوەی شێوەکانی بازاڕ شیبکەینەوە پێویستە ئاماژە بۆ ئەم بنەما گرنگانە بکەین کە کار دەکەنە سەر شێوەی بازاڕ:

١- گونجانی بەرهەمەکان و پلەی جێگیربوونیان.

٢- ژمارەی فرۆشیاران لەڕووی کەمی و زۆری.

٣- ژمارەی کڕیاران لە رووی کەمی و زۆری.

٤- رادەی ئەو هاریکارییەی کە لە نێوان کڕیار و فرۆشیار هەیە، واتە تا چەند پەیوەندییە تایبەتیەکان کار دەکەنە سەر ئەو نرخەی کە لە بازاڕ هەیە.

شێوەکانی بازاڕ: *The Types Of Markets*

بازاڕ دوو شێوەی سەرەکی هەیە:

یەکەم - بازاری کێبڕکێی تەواو: *Free Competition Market*

خەسڵەتەکانی ئەم بازاڕە ئەمانەن:

١- بوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمهێنەران و کڕیاران.

٢- گونجاندنی بەرهەم و شمەکەکان.

٣- کەمی قەبارەی خستنەڕوو بۆ هەر بەرهەمێك و کەمی قەبارەی خواستن بۆ هەر بەکاربەرێك بەبەراورد لە گەڵ خستنەروو و خواستی بازاڕ.

٤- هیچ جۆرە بەربەستێك لە سەر نرخ دانەنراوە.

٥- ئازادی لە هاتنە ناوەوە و چوونە دەرەوە لە بازاڕدا.

٦- زانیاری تەواو لەسەر بارودۆخ و چۆنیتی بازاڕ هەیە بەتایبەتی لەبارەی نرخەکانی کڕین و فرۆشتن.

٧- نەبوونی تێچوونی گواستنەوە، چونکە بوونی ئەم تێچوونە مانای هاوتایی نییە لە نرخەکان، بەڵکو دوو جۆرە نرخ هەیە نەوەك یەك نرخ، وئەگەر ئەم تێچوونەش هەبێت ئەوا پێویستە بەلایەنی کەم هاوشێوە بێت لەنێوان فرۆشیاران لەلایەك وکڕیاران لەلایەکی ترەوە. واتا نەمانی ئەو جیاوازییە کەوا لە ئاکامی تێچوونی گواستنەوەدا دێتە ئاراوە)).

تێبینی: ئەگەر تەنها پێنج مەرجەکانی یەکەم هەبوون ئەوا بەم بازاڕە دەڵێن بازاڕی رکابەرایەتی(کێبڕکێ)ی پوخت، بەڵام کاتێك هەرحەوت مەرجەکە هەبوون ئەم بازاڕە پێی دەڵێن بازاڕی رکابەرایەتی(کێبڕکێ)ی تەواو.

دووەم -بازاڕی کێبڕکێی ناتەواو:

ئەم بازاڕە بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

١. بازاڕی قۆرخکراوی ڕەها:

مەرجەکانی قۆرخکراوی ڕەهایی لە فرۆشتندا :

أ - یەك بەرهەمهێن هەیە.

ب - ئەم بەرهەمهێنە کۆنترۆڵی خستنەڕووی شمەکەکان دەکات.

جـ- چەماوەی خستنەڕووی قۆرخکار بریتییە لە خاڵێك یان چەمارەیەك کە نەرمی نانوێنێ.

مەرجەکانی قۆرخکاری ڕەها لە کڕیندا:

١- یەك کریار هەبێت.

٢- دەست بەسەر خواست دادەگرێت.

٣- چەماوەی خواستەکەی خاڵێکە یان نەرمی نواندنی نییە.

٢- بازاڕی قۆرخکراوی کەم :

مەرجەکانی قۆرخکراوی کەم لە فرۆشتندا:

أ – ژمارەی فرۆشیار یان بەرهەمهێنەران کەمە.

ب – بوونی پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕکردن واتە هەر بەرهەمهێنێك رەچاوی کاردانەوەی بەرهەمهێنەکانی دیکە دەکات.

– بە بوونی دوو بەرهەمهێن دەڵێن بازاری قۆرخکراوی دوولایەنی.

– نرخەکان لەم بازاڕەدا جیاجیان، بەڵام بەرهەمەکان لەیەك دەچن یان بە تەواوی لێك ناچن وئەگەر شمەکەکان لەیەك بچن پێی دەڵێن ئەم قۆرخ کراوە قۆرخ کراوی کەم و ناتەواوە یان جۆراوجۆرە.

مەرجەکانی قۆرخکراوی کەم لە کڕیندا:

ژمارەی کریاڕان کەمە.

هەر یەکێکیان کاریگەری خۆیان لە سەر نرخ هەیە.

٣. بازاڕی کێبڕکێی قۆرخکردن :

مەرجەکانی قۆرخکردن لە فرۆشتندا:

١– بوونی ژمارەیەکی زۆر لە فرۆشیاران یان بەرهەمهێنەران.

٢– هەر بەرهەمهێنێك یان فرۆشیارێك دەتوانێت خۆی لەوانی تر جیا بکاتەوە.

٣– جیاوازی هەیە لە نرخ ((هەر بەرهەمهێنێك دەتوانێت خۆی جیا بکاتەوە لە رێگای رێکلام، شوێن، شێوازی فرۆشتن.... هتد)).

مەرجەکانی کێبڕکێی قۆرخکردن لە کڕیندا:

١– بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کڕیار.

٢– هەندێك لە کڕیاران (بۆ نموونە دابەشکەران) خۆیان دەتوانن جیاوازی لەنێوان فرۆشیاران بکەن، بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ یەکێکیان پێ باشترە لەوانی تر.

هاوسەنگی بەرهەمهێن لە بازاڕی بەربەرەکانێی تەواوەتیدا :

بەرهەمهێن هاوسەنگ دەبێت کاتێك داهاتی سنوورەکی و تێچوونی سنوورەکی یەکسان بن و دەبێ تێچوونی سنوورەکی بەرز دەبێتەوە.

لەم بازاڕەدا بەرهەمهێن بەردەوام دەبێت لەسەر بەرهەمهێنان و فرۆشتن تا ئەو کاتەی کە داهاتی سنوورەکی یەکسان بێت لەگەڵ تێچوونی سنوورەکی، چونکە ئەم دۆخە بەرزترین ئاست لە قازانجی بۆ دابین دەکات و لەم نموونەیەی خوارەوەدا هاوسەنگی لە دانەی یازدەدا دروست دەبێت، چونکە داهاتی سنوورەکی و تێچوونی سنوورەکی یەکسانن بە (٢٠)، و ئەگەر دانەی دوانزە بەرهەم بهێنێت ئەوا داهات سنوورەکی کەمتر دەبێت لە تێچوونی سنوورەکی (٢٠ < ٢٤) بەمەش قازانج کەم دەکات لە (٣٠) بۆ (١٦).

دانە	نرخ	سەرجەمی داهات	تێکڕای داهات	داهاتی سنورەکی	سەرڕای تێچوون	تێچوونی سنووورەکی	قازانج
١	٢٠	٢٠	٢٠	٢٠	٢٨	٢٨	٨-
٢	٢٠	٤٠	٢٠	٢٠	٥٥	٢٧	١٥-
٣	٢٠	٦٠	٢٠	٢٠	٧٤	١٩	١٤-
٤	٢٠	٨٠	٢٠	٢٠	٨٩	١٥	٩-
٥	٢٠	١٠٠	٢٠	٢٠	١٠٠	١١	سفر
٦	٢٠	١٢٠	٢٠	٢٠	١١٢	١٢	٨
٧	٢٠	١٤٠	٢٠	٢٠	١٢٤	١٢	١٦
٨	٢٠	١٦٠	٢٠	٢٠	١٣٨	١٤	٢٢
٩	٢٠	١٨٠	٢٠	٢٠	١٥٣	١٥	٢٧
١٠	٢٠	٢٠٠	٢٠	٢٠	١٧٠	١٧	٣٠
١١	٢٠	٢٢٠	٢٠	٢٠	١٩٠	٢٠	٣٠
١٢	٢٠	٢٤٠	٢٠	٢٠	٢١٤	٢٤	١٦

هاوسەنگی بەرهەمهێن لە بازاڕی قۆرخکاری ڕەهادا:

بەرهەمهێن لەم بازاڕەدا بەردەوام دەبێت لە بەرهەمهێنان و فرۆشتن تا ئەو کاتەی تێچوونی سنوورەکی و داهاتی سنوورەکی یەکسان بێت، چونکە بەرزترین ئاستی قازانج بەدەست دێنێت، لەم نموونەیەی خوارەوەدا لەم نموونەیەی خوارەوەدا باشترین ئاست بۆ بەرهەم هێنان دانەی شەشەمە تیایدا داهاتی سنوورەکی یەکسان دەبێت بە تێچوونی سنوورەکی (١٢=١٢) و بەرزترین ئاستی قازانج بەدەست دێنێت کە یەکسانە بە ٢٠ وە ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر بەرهەمهێنان داهاتی سنوورەکی کەم دەکات و تێچوونی سنوورەکی زیاد دەکات، بەمەش قازانج دەست دەکات بە کەمبوونەوە هەروەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:

دانە	نرخ	سەرجەمی داهات	تێکڕای داهات	داهاتی سنورەکی	سەرمایەی تێچوون	تێچوونی سنووورەکی	قازانج
١	٣٢	٣٢	٣٢	٣٢	٢٨	٢٨	٤
٢	٣٠	٦٠	٣٠	٢٨	٥٥	٢٧	٥
٣	٢٨	٨٤	٢٨	٢٤	٧٥	٢٠	٩
٤	٢٦	١٠٤	٢٦	٢٠	٨٩	١٤	١٥
٥	٢٤	١٢٠	٢٤	١٦	١٠٠	١١	٢٠
٦	٢٢	١٣٢	٢٢	١٢	١١٢	١٢	٢٠
٧	٢٠	١٤٠	٢٠	٨	١٢٤	١٢	١٦
٨	١٨	١٤٤	١٨	٤	١٣٨	١٤	٦
٩	١٦	١٤٤	١٦	صفر	١٥٣	١٥	٩-
١٠	١٤	١٤٠	١٤	٤-	١٧٠	١٧	٢٠-

پرسیارەکانی بەشی سێیەم

پ١– پێناسەی ئەم زاراوانە بکە:

بازاڕ. – خاڵی داخراو.

پ٢– وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١ – ڕەگەزەکانی بازاڕ بژمێرە.

٢ – ئەو هۆکارانە چین کە چوارچێوەی بازاڕ دیاری دەکەن؟

٣ – ئەو بنەما گرنگانە بژمێرە کە شێوەی بازاڕی پێ دیار دەکرێ.

٤ – شێوەکانی بازاڕ چین؟

٥ – شێوەکانی بازاڕی قۆرخکاری ڕەها دیاری بکە.

٦ – چۆن بەرهەمهێن لە بازاڕی کێبڕکێی تەواودا هاوسەنگ دەبێت لەماوەی کورت و درێژدا؟

سەرچاوەکانی بەشی سێیەم

١. بول أ. ساموليلسون و ويليام د. نوردهاوس، الاقتصاد، الطبعة الخامسة عشرة، ترجمة: هشام عبدالله، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠١.

٢. د. حسين عمر، مقدمة في علم الاقتصاد : نظرية القيمة، الطبعة السادسة، دار الشروق، جدة، ١٩٨٢.

٣. د. عبدالكريم كامل عبدالكاظم، النظم الاقتصادية المقارنة، جامعة الموصل، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨.

٤. د.مصطفى رشدي شيحة، علم الاقتصاد من خلال التحليل الجزئي، الدار الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٦.

٥. د. كريم مهدي الحسناوي، مبادئ علم الاقتصاد، الجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٩.

٦. طاهر حيدر حردان، مبادئ الاقتصاد، الطبعة الاولى، دار المستقبل للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٧.

٧. د. محسن كاظم، تاريخ الفكر الاقتصادي: ابتداء بنشاته وانتهاء بالماركسية، الطبعة الاولى، ذات السلاسل، الكويت، ١٩٨٩.

٨. د. عبدالقادر محمد عبدالقادر عطية، التحليل الاقتصادي الجزئي بين النظرية و التطبيق، الدار الجامعية،الاسكندرية، ٢٠٠٥.

٩. د. محمد علي الليثي و د. عبدالرحمن يسري احمد، مقدمة في علم الاقتصاد: الاقتصاد الجزئي، الجزء الاول، الدار الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٧.

١٠. د. علي يوسف خليفة و د. احمد زبير جعاطة، النظرية الاقتصادية : التحليل الاقتصادي الجزئي، دون ناشر، دون مكان، دون تاريخ.

١١. د. كامل البكري، الاقتصاد التجميعي، مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر، الاسكندرية، ١٩٨٥.

١٢. يوسف كمال محمد، فقه اقتصاد السوق : النشاط الخاص، الطبعة الثالثة، دار النشر للجامعات، القاهرة، ١٩٩٨.

١٣. سوزان لي، ابجدية علم الاقتصاد، ترجمة : خضر نصار، مركز الكتب الاردني، عمان، ١٩٨٨.

١٤. د. احمد حسن جاوشين، النظرية الاقتصادية : الاقتصاد الجزئي التحليلي، جامعة صلاح الدين، مطبعة الجامعة، اربيل، ٢٠٠٠.

١٥. د. رضا صاحب ابو حمد و د. مؤيد عبدالحسين الفضل، اساسيات اقتصاديات الاعمال، الطبعة الاولى، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٣.

١٦. د. محمد صالح القريشي و د. ناظم محمد نوري الشمري، مبادئ علم الاقتصاد، جامعة الموصل، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣.

١٧. د. صبحي تادرس قريصة و د. اسماعيل محمد هاشم و د. محمد عبدالعزيز عجمية، مقدمة في الاقتصاد، دار الجامعات المصرية، الاسكندرية، ١٩٧٦.

بەشی چوارەم

دراو (پـــارە)

MONEY

پەرەسەندنی پێداویستییە مرۆڤایەتییەکان وفراوانبوونی ئارەزووەکانی و گەشەکردنیان، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دراو، دوای ئەوەی سەوداکردن (گۆڕینەوە: المقايضة Barter) نەیتوانی ئەو پێویستییانە بە سووکی وئاسانی دابین بکات، چونکە ئەو شێوازە لە بار وکرداری نەبوو، بۆیە دراوەکان بوونە ئامرازێکی گرنگ کە تاک و کۆمەڵگە پشتی پێ دەبەست وەك پێوەرێك بۆ ئاڵوگۆڕکردن .

بە ئامرازێکی گونجاو دادەنرێ بۆ هەڵگرتنی بەهاکان دوای ئەوەی کەوا خوودی دراو بەهاکەی لەخۆگرتبوو وهێزی شت پێ کڕینی خۆی بۆماوەیەکی دیاریکراو پاراستبوو،وئامرازێکە بۆ پاکۆکردن وپێوەرێکی هاوبەشە بۆ بەهای شمەکە جۆرا وجۆرەکان هاوکات ئەم هەل و دەرفەتە دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی ئارەزووی کڕیاران وفرۆشیاران بگونجێنی و نزیکیان بکاتەوە.

هەروەها دراوەکان شێوەی جیا جیایان هەبووە، شێوەی یەکەمی " دراوی شمەکییە" کە خۆی لە قەبوولکردنی جۆرە شمەکێکی دیاری کراو دەنوێنێ لە لایەن تاکەکان بەرامبەر وازهێنانیان و دەست بەردانیان لە شمەکەکانی تردا،جۆری ئەم شمەکە بەکارهێنراوانە جیاجیابوون بۆ ئەوەی ببنە پێوەر لە ئاڵوگۆڕکردندا بە پێی جیاوازی کۆمەڵگاکان وئەو قۆناغە مێژووییە یەك لە دوای یەکانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕ بووە (بەروبووم، و کانزاکان: زیو یان زێڕ و کانزاکانی دیکە) تا دراوەکان ئەم شێوەی ئێستای وەرگرت کە دراوی کاغەزە.

پێناسەی دراو:

دراو کۆمەڵێک پێناسەی هەیە، لەوانە:

١- هەر شتێك بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن خەڵکەوە پەسند بکرێت وەك پێوەرێك بۆ ئاڵوگۆڕکردن و دانەوەی قەرزەکان پێی دەگوترێ دراو.

٢- دراو بریتییە لە هەر شمەکێك کە ئەرکی دراو ڕاپەڕێنێ.

گرنگترین ئەرکەکانی دراو بریتین لە: هۆکارێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردن، پێوەرێکە بۆ بەهاکان و یەکەیەکە بۆ حیساب کردن، وکۆگایە بۆ بەهاکان، و ئامرازێکە بۆ پاشەکەوتکردن، و هۆیەکە بۆ پێدانی پارە دواخراوەکان و پاکۆ (تسویە) کردن.

لێرەدا بەدەردەکەوێت کە دراو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەك خوودی دراو بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی مرۆیی بە کاربردەیی (استهلاکی) و بەرهەمیدا داوا ناکرێ، بەڵکو داوا دەکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانی لە بە دەستهێنانی کەڵکێکی (منفعة) بەکاربردن بێت یان بەرهەمداریدا.

واتا دراو پێویستییە مرۆییەکان لە بەکاربردن و بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستەبەر دەکات لە ڕێگای بە کارهێنانی وەك ئامرازێك بۆ بە دەستهێنانی شمەك وخزمەتگوزایەکان.

شێوەکانی دراو: Types Of Money

دراوەکان شێوەی جیاجیایان هەیە بە پێی:

١. ئەو ماددەیەی کە دراوەکەی لێی دروستکراوە.

٢. ئەو لایەنەی کە دەریدەکات.

٣. ئـەو پەیوەندییـەی کـە لـە نێـوان بـەهای یەکـەی دراوەکـە وەکـو دراو و بەهاکەی وەکو ماددە(شمەك). لەم سۆنگەیەوە شـێوەکانی دراو ئـەمانن: دراوی شمەك، دراوی کانزا، دراوی کاغـەز، و ئـەو دراوەی کـە حکومـەت و بـانکی ناوەنـدی دەریـدەکات، هـەروەها ئـەو دراوانـەی کـە بانکـەکان دەریدەکەن (دراوی سپاردەکان: نقود الودائع).

١- دراوی شمەك: Commodity Money

لە بەرەبـەیانی مێژووەوە زۆر لـە شمەکـەکان وەك پێوەرێك بـۆ بـەها بەکارهێنراون لـە بـواری ئاڵوگۆڕکردنـدا. دیـاریکردنی ئـەو شمەکانـە لەلایـەن کۆمەڵگاکان جیاوازبووە بە پێی جیاوازی ژینگەکەیان، بێگومان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. ئەم شمەکانە و گونجانیـان لەگـەڵ سـامان و دارایـی ئەم سەردەمەدا و هەروەها ئاستی بیرکردنەوە وئارەزووەکان وداب ونـەریت و سروشتی دروشمە ئاینییەکان کە باو بـوون، بـۆ نموونـە مێژووی دراو بۆمـان دیـاری دەکـات کـە (گریکـەکان) **ئاژەڵیـان** وەك دراو بـەکارهێناوە، هیندییـە سوورەکان تووتنیان بەکارهێناوە، و چینیەکانیش " چەقۆ ".

٢- دراوی کانزا : Metal Money

دوای ئەوەی ئادەمیزاد کانزاکانی دۆزیەوە و خەسڵەتەکانی زانی بە مەبەستی دراو بە کاری هێنا. یەکەم جار برۆنز و مسی کردە دراو، دواتر زیو، و لە دوا قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زێڕی(ئاڵتون) بەکارهێنا، چونکە زێڕ و زیو ژەنگ هەڵناهێنن و هەڵگرتن و پاشەکەوتکردنی ئاسانە و دەکرێ بەش بەش بکرێت سەرەڕای ئەوەی دەگمەنیشن.

٣- دراوی کاغەز: Paper Money (Banknote)

ئەم دراوە کاغەزانە لە سێ لایەنەوە دەردەکرێن : میریی، بانکی ناوەندی یان بانکی تایبەت.

١- ئەم دراوانەی کە میریی دەری دەکات بە پێی یاسا دیاریکراون بە دراوێکی دیکە دەگۆڕدرێن بە پێی داخوازیەکان، ئەم دراوانە دەکرێ بگۆڕدرێن یان نەگۆڕدرێن.

٢- بەڵام دراوی کاغەزی کە بانکی ناوەندی دەری دەکات کە لە زۆربەی وڵاتاندا هەیە یەکەی دراوەکە دەکرێ بگۆڕدرێت بۆ دراوێکی تر بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان کە کردارەکانی دراو گۆڕینەوەی بیانی (معاملات الصرف الاجنبی) ڕێك دەخەن.

٣- بەڵام ئەم دراوانەی کە بانکە تایبەتیەکان دەری دەکەن لە زۆربەی وڵاتاندا وەستێنراون، بەڵام لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەر ماوە.

٤- دراوی بانك:

بریتییه له دراوی سپاردن یان پێیان دەوترێت (دراوی چەکەکان) که له میانەیاندا بانکەکان، هەروەها تاکەکان بە شێوەیەکی بەرچاو مامەڵەیان پێ بکات له بەر ئەم خەسڵەتە پۆزەتیڤانەیان (چاکانەیان) که هەیانە له ئاسانی هەڵگرتن و گواستنەوە و مامەڵە پێ کردنیان، سەرەڕای ئەوەش کە بواری بەش بەش کردنی نییە، بۆیە پێویستمان بە ژمارە و بەشی بچووك نییە.

جیاوازی دراوی بانك لەگەڵ دراوەکانی دیکە ئەوەیە کە قەوارەیەکی ماددی و هەست پێکراوی نییە، هەر چەندە قەرزارەکان یان کڕیارەکان ناتوانن قەرزەکەیان یان فرۆشیارەکان پابەند بکەن له سەر قەبوولکردنی له پاککردنەوەی قەرزەکان پاکتاوکردن و دانەوەی نرخی شمەکە کڕاوەکان، ئێمە دەبینین ئەم جۆرە دراوە لایەنێکی گەورە لە خستنەڕووی دراودا له وڵاتە پێشکەوتووەکان پێك دێنێ.

بەڵام سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بەهای دراو وەك دراو و بەهای وەك شمەك ئەوا دراوەکان دابەش دەکرێن بۆ:

١- دراوی پێوانەیی:

بریتییه له دراوێك پێکهاتەیەکی مادی تەواوی هەیە، چونکە بەهاکەی له بازاڕدا وەك شمەك بەرامبەر بەهاکەیەتی هەرچەندە ئەم جۆرە دراوە له بازاڕەکاندا نەماوە،کەچی هەندێ خەڵك تا ئێستا بە باشترین جۆرەکانی دراوی دادەنێن.

٢- دراوی متمانەیی:

ئەم دراوانەن کە بەهاکانیان لە ناوەڕۆکدا زۆر گەورەترە لە بەهای ئەو ماددەیەی کە لێی دروستکراوە. گشت ئەم دراوانەی کە لەکاتی ئیستادا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ دراوی متمانەین (کاغەز بێت یان کانزا هەرزانەکان بێت وەکو مس و فافۆن و نیکل... هتد).

ئەرکەکانی دراو: Money Functions

دراو دوو ئەرك دەبینێت : **ئەرکی یەکەمی** پێی دەوترێت (ئەرکی سەرەکی) یان بنەڕەتی، چونکە پێوەرێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردن و پێوەری بەهایە و یەکەی حیساب کردنە، **ئەرکی دووەمی** پێی دەوترێت (ئەرکە داتاشراوەکان) و یان لاوەکیەکان کە گوزارشتە لەوەی دراو کۆگای بەهاکانە و ئامرازێکە بۆ پاشەکەوت کردن، هەروەها ئامرازێکە بۆ پێدانی دواخراوەکان و پاکۆکردن. دەکرێ ئەرکەکانی دراو بە وردەکاری روون بکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- دراو هۆکارێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردن:

ئەم ئەرکە یەکەم ئەرکە کە دراو کردویەتی و تا ئێستاش دەیکات، ئەمەش دوای مامەڵەکردن بە شێوازی سەوداگردن(شت بە شت) هاتۆتە کایەوە، لە سایەی ئەم ئەرکەدا لە قۆناغی یەکەمی مامەڵەکردن شمەکەکان بە دراو دەگۆڕدرانەوە کەچی لە قۆناغی دواتر گۆڕینەوەی دراو بوو بە شمەکەکانی تر.

دەتوانین ئەم ئەرکە لە میانەی مامەڵەکردنی ڕۆژانەماندا تێبینی بکەین، کەسەکان مووچە و کرێیەکانیان ڕۆژانە یان مانگانە لەبەرامبەر

پێشکەشکردنی ڕەنجەکانیان وەردەگرن، بەڵام هەموو داهاتەکانیان لە کاتی وەرگرتنیاندا خەرج ناکەن – بەڵکو کرداری خەرجکردن لە ماوە و کاتی یەك لە دوای یەکدا و بە بەردەوامی و تا ڕادەیەك لێك دوور ئەنجام دەدرێت (سەرەتای وەرگرتنی داهات و تا کۆتایی خەرج کردنەکە).

ئەم ئەرکەی دراو لە سروشتی دراوەکە کەوا قەبووڵکراوە لە نێوان لایەنە مامەڵە پێکراوەکاندا وەك ئامرازێکی گونجاو بۆچارەسەرکردنی ئاڵوگۆڕکراوەکان و قەرزەکاندا،بۆیە بە دراو دەوترێت (هێزی کڕین).

٢- دراو پێوەرە بۆ بەها و یەکەیەکە بۆ حیساب کردن:

لە بنەڕەتدا دراو بۆ ئەوە دانراوە نرخ و بەهای شمەك وخزمەتگوزارییەکان دیاری بکات. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بەهای شمەك وخزمەتگوزاییەکان بۆ پێوەرێکی هاوبەش بگەڕێندرێنەوە کە ئەویش دراوە، لەسەر ئەم بنەمایە بەراوردی ڕێژەیی لە نێوان بەهای شمەك وخزمەتگوزاریە جیاجیاکان ئەنجام دەدرێت. کاتێك کە دراو بە ئەرکی پێوەری بەهاکان هەڵدەستێت پێویستە بەهای دراو تا ڕادەیەك چەسپاو وجێگیربێت، چونکە ناکرێ تا سەر ئەم بەهایە چەسپاو و جێگیر بمێنێتەوە.

مەبەست لە بەهای دراو هێزی کڕینەکەیەتی کە گوزارشتە لە بڕی ئەو شمەك وخزمەتگوزاریانەی کە دەتوانرێت بە دەست بهێندرێت لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵ یەك یەکەی دراو لە ماوەیەکی دیار کراودا.

لە ڕوانگەی ئەم ئەرکەوە دەکرێ دراو ئامرازێکی گونجاو بێت بۆ حیسابکردن، چونکە کرداری ژمێرکاری ئاسان دەکات بۆ ئەوەی هەڵبستێ بە کاری جۆراوجۆر و جیاجیاکان لە قەبارە و بەها و کێش، پرۆژە و کۆمپانیا و دامەزراوەکان هەڵدەستن بە ئامادەکردنی بوودجەکانیان ئەویش لە ڕێگای خەملاندنی ئەو شتانەی هەیەتی و ئەو شتانەی کە دەیەوێ بە پشت بەستن بە دراو دەبێ وەك ئامرازێکی حیسابکردن.

٣- دراو کۆگەردەوەی بەهاکانە و ئامرازێکە بۆ پاشکەوتکردن :

ئـەم ئەرکـەی دراو داتاشـراوە لەبـەر ئـەوەی بـەهای شمەکـەکان بـۆ ماوەیەکی درێژ ناکرێ بپارێزرێت، چونکە دووچاری فـەوتان و تێکچوون دێن ویان ناتوانرێـت هـەڵ بگرێـت، بۆیـە دراو بـەم ئەرکـە هەڵدەسـتێت بـەهاکانی سـەرجەم شمـەك وخزمەتگوزاریـەکان بـە کۆگـا دەکـات هاوکـات دەکـرێ لـە جیاتی شمەکە ماددەیی و نامادیییەکان کـە ئارەزووەکـانی تـاك و گروپـەکان دەستەبەر دەکات تابەکار بهێندرێن.

لەبەرئەوەی دراو هەر دوو کرداری کڕین و فرۆشتن لێك جیا دەکاتـەوە لەکاتی ئاڵوگۆڕکردندا هاوکات هەڵدەستێت بە هەلگرتنی بەهای شمەکـەکان و بەدەست هێنانیان لە ماوە و کاتەکانی دواتردا – کە ئەمەش وادەکـات ببێتـە ئامرازێـك بـۆ پاشـەکەوتکردن – بـەجۆرێك هـەر تـەنها دواخـستنی کـرداری ئاڵوگۆڕکردنی دراو بەرامبەر شمەك و خزمەتگوزارییەکان بۆ ماوەیـەکی دواتـر لە ئایندەدا ئەمە مانای وایە کە دراو ئەرکی پاشکەوتکردنی بەجێ گەیاندووە، ئـەویش بـەهۆی هـەلگرتنی بـەهای شمـەك و خزمەتگوزارییـەکان لـەکاتی دیاریکراو، لێرەدا گرنگی چەسپاندن و جێگیربوونی ڕێژەی بەهای دراو بەدیار دەکـەوێ بـۆ ئـەوەی دوور بێـت لـە دابـەزینی هێـزی شـت پـێ کڕینـی بۆیـە فاکتـەرێکی گونجـاوترە لـە وانـەی تـر بـۆ ئـەوەی ئـەرکی پاشـەکەوتکردن لەئەستۆ بگرێ، ئـەویش بـەهۆی بـوونی متمانـەی (سـیولە) تـەواو لـە چـار جۆرەکانی دیکە کە لە بارن بۆ پاشەکەوتکردن.

٤- دراو ئامرازێکە بۆ دانەوەی (گێڕانەوەی) دواخراوەکان:

ئـەم ئەرکـەی دراو کـە داتاشـراوە توانـای دراو بـە دیاردەخـات لـە بەجێکەیاندنی ئاڵوگۆڕە دواخراوەکان لەگەڵ ئاڵوگۆڕە هەنووکەییەکان — ئەوە مانای وایە مەرجی سەرەکی بۆ ئەوەی دراو وەکوئەرکی ئاڵوگۆڕکردن ببینێت پێویستە بەشێوەیەکی گشتی قەبووڵ بکرێت بۆ دانـەوەی قـەرزەکان و پـاکۆ کردنەکان.

لـە ئـەنجامی ئـەم هـەموو کـار و ئەرکانـە دراو کردارەکـانی قـەرزدان وقـەرزوەرگرتن ئاسـان دەکـات و بانکـەکان و دامـەزراوە داراییـەکانی تـر و تاکەکان "**متمانة**" دەبخشێتە کۆمپانیا و حکومەت و تاکـەکان، بـە تاییـەتی کۆکردنـەوەی پاشـەکەوت بەشـداری لـە کەڵەکـەکردنی (تـراکم) سـەرمایە و فراوانبوونی وەبەرهێنان و بەرهەم فراوان دەکات، بەم جۆرە گرنگـی ئـەرکی دراو وەك ئامرازێك بۆ دانەوەی دواخراوەکان روون دەبێتەوە، بۆیـە پێویـستە دراو بـەهای تـا رادەیـەك چەسـپاوبێ بـۆ ئـەوەی بتـوانێ لـە دانـەوەی دواخراوەکان لێهاتووبێ— چونکە گۆڕینی بەهای دراو کار دەکاتە سەر لایەنی ئاڵوگۆڕکراوەکـان — کـە لـە ئاکامـدا دەبێتـە مایـەی زەرەرمەنـدی لایـەنێك و سوودمەندبوونی لایەنەکەی دیکە.

ئەرکە دینامیکیەکانی دراو: Dynamic Function of Money

ئـەو ئەرکانـەن کـە دراو دەتوانێـت پێـی هەڵسێت و کـار بکاتـە سـەر چالاکییە ئابوورییەکان و ئاستەکانی گەشەسەندنی و ڕەنگدانـەوەی بـە سـەر بـەهای دراو و هێـزی شـت پێکڕینـی — وکاریگـەری لـە سـەر تـەرخانکردنی دەرامەتەکان و دابەشکردنی داهات و سامان و هەموو گۆڕاوەکانی تر.

خەسڵەتەکانی دراو : Money Characteristics

دوای ئەوەی بۆمان ڕوون بۆوە چۆن دراو سەری هەڵدا و گەشەی کرد بۆ ئەوەی مامەڵەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێ بکەین، هەروەها ئەرکە جۆر بەجۆرەکانی دراومان زانی. دەکرێ ئەم خەسڵەتانەی کە دراوە ناسراوەکان هەیانە دەست نیشان بکەین:

١- هەمیشە داخوازی گشتی لە سەرە، چونکە خەرجکردنی ئاسانە و هەموو کەس ڕازییە مامەڵەی پێ بکات.

٢- ئەم ڕەزامەندییە گشتییەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئامرازێکی گونجاوە بۆ پیادەکردنی ئەرکە سەرەکییەکان و هۆکارێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردن و پێوەرێکە بۆ بەهاکان.

٣- بەهاکەی بەرزە لەچاو ئەو قەبارە بچووکەی هەیەتی و هەڵگرتنی ئاسانە.

٤- ئامرازێکی گونجاوە بۆ پاشەکەوتکردن دەتوانرێ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەڵبگیرێ بەبێ ئەوەی توشی زیان یاخود لەناوچوون ببێ.

٥- بەش بەش دەکرێت بە بێ ئەوەی هیچ تێچوونێك یان کەمبونەوەیەك لە بەهاکەی یاخود هێزی شت پێ کڕینی ڕوو بدات.

٦- پارێزگاریکردنی دراو لەڕێژەی جێگیرییەکەی بۆ بەهاو هێزی شت پێ کڕینی وا دەکات زیاتر بەتوانا بێت لە جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەکی بۆ دانراوەکانی.

٧- یەکەکانی چەسپاوەو بەهای هەریەك لەو دراوە لەگەڵ بەهای دراوەکانی تری هاوچەشنیدا یەکسانن.

بیردۆزەکانی بەهای دراو: بەهای دراو لەژێر سایەی کۆمەڵێك کۆمەڵێك قوتابخانەی ئابووری شی کراوەتەوە هەر بەتەنها لەم بابەتەیان نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو لەچوارچێوەی بیردۆزە یان کۆمەڵێك را لەژێر ناوی (بیردۆزی بەها) هاتووە بەشێوەیەکی تر ئەم قوتابخانانە دوور لە چەمك و هۆکارە ئابوورییەکانی تر لە دراو لێکۆڵینەوەیان ئەنجام نەداوە.

ئەم قوتابخانەش بەسەر ئەمانەی خوارەوە دابەش بوون:

١- قوتابخانەی کلاسیکی:

ئەم قوتابخانەیە بیروڕاکانی لەنێوان سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا باو بوون. ئەم قوتابخانەیە بیروڕای وایە کە نرخی شمەك بەڕادەی تێچوونەکەی و دەگمەنیەکی دیاری دەکرێ، واتا ئەم دوو رەگەزە (تێچوون و دەگمەنی: الكلفة والندرة) بنەمای سەرەکین بۆ دیاریکردنی، بەهاو نرخی شمەك، چونکە تێچوونەکانی بەرهەمهێنان لەقۆناغی بەرهەمهێنانی شمەکەکەو دەگمەنیەکەی گوزارشت لە بڕی خستنە رووی ئەم شمەکە دەکات – وە هەروەها دراویش بەهاکەی لەسەر هەردوو بنەمای(تێچوون و دەگمەنی) دیاری دەکرێت.

کاتێك دراوەکان کانزایی بوون ئەوا تێچوونەکەی بەگوێرەی تێچوونی دەرهێنانی ئەم کانزایەی کە دراوەکەی لێ دروست دەکرا وە دەگمەنی کانزاکە لە سروشتدا دیاری دەکرا. ئەگەر جیاوازیەك لە نێوان دراو و شمەکە کانی تر هەبێ لە دیاری کردنی بەهاکاندا ئەوا بەستراوەتەوە بە خوودی دراوەکە لە سروشتدا.

داواکاری لەسەر دراو بۆ خودی دراوەکە نییە، چونکە راستەوخۆ ئارەزووەکانی مرۆڤ لەبەکار بردن و بەرهەم هێنان تێر ناکات، بەڵکو

هۆکارێکە بۆ بەدەست هێنانی شمەك و خزمەتگوزاریەکان. بەڵام سەبارەت بەخستنەڕوودا پێوەرێکی هاوبەش هەیە بۆ دیاریکردنی بەهای دراو و هەروەها بەهای ئەم شمەکانەی خراونەتە ڕوو. ئەم پێوەرەش پەیوەستە بە بڕی خستنەڕووی دراوو بڕی خستنەڕووی شمەك و خزمەتگوزاریەکان، پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان بەهای دراو و نرخی شمەك و خزمەتگوزاریەکان لە میانەی ئەو بڕە پارەی خراوتە ڕوو– ئەم پەیوەندییە بەستراوەتەوە بە دراوەوە، چونکە پێوەرێکە بۆ بەهاکان کاتێك بەهای یەکەی پێوەریی بۆ بەهاکانی شمەك و خزمەتگوزاریەکان (دراو) کەم دەبنەوە، ئەوا پێویستە بڕی ئەم یەکەیە زیادبکرێت بۆ ئەوەی یەکەکانی پێوەر بپارێزرێن کە تەواو و گونجاوبن لەگەڵ بەهای شمەك و خستنەڕووەکاندا، بە کورتی ئەوە تێڕوانینی کلاسیکیەکانە بۆ بیردۆزی بەها کەپەیوەندی بە بیردۆزەی بەهای دراوەوە هەیە.

٢- قوتابخانەی کۆمەڵایەتی (بەهای کار):

ئەم قوتابخانەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە شمەك بۆ تێربوونی پێویستی بەکاربردن و بەرهەمهێنەکان ئاراستە دەکرێت بۆیە دەکرێ جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە بەهای شمەك بکەین:

یەکەمیان – بەهای بەکارهێنان.

دووەمیان – بەهای ئاڵوگۆڕکردن.

بەڵام چ شتێك بەهای شمەك دیاری دەكات؟

بە پێی شیكردنەوەی قوتابخانەی كۆمەڵایەتی - بەهای ئابووری شمەكی بەرهەمهێنراو بە بڕی ئەو كارە كۆمەڵایەتیەی كە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی شمەكەكە دیاری دەكرێت — بڕی بەهای شمەك كاتی كار: (وقت العمل) دیاری دەكات) — هەر كاتێك بەرهەمهێنانی شمەكێك كاتێكی زۆری خایاند ئەوا بەهاكەی زۆرتر دەبێت و ناتوانرێ بەهای ئەم شمەكە دیاریبكرێ تەنها لە ڕێگای بەراوردكردنی نەبێت لەگەڵ شمەكێكی تردا لە ڕێگەی كرداری ئاڵوگۆڕكردندا.

بەم شێوەیە دەكرێ گوزارشت لە بەهای شمەك بكرێت (بۆ نموونە ئاسن) بە ڕێژەی ئاڵوگۆڕكردن بە شمەكێكی تر(بۆ نموونە گەنم) (١ تەن ئاسن = ٢ تەن گەنم) وە لە بەر ئەوەی ئاڵوگۆڕكردن لە كۆمەڵگای نوێدا لەڕێگای دراوەوە ئەنجام دەدرێت كۆتایی بە باری سەوداكردن " شت بە شت " هێنا. دەكرێ نرخی شمەكەكان بە دراو دیاریبكرێ— نرخ یان بەها: بریتییە لە گوزارشتی دراو بۆ بەهای شمەكەكە.

سەرچاوەی بەها بە پێ ی بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە بە **" كار "** دیاری دەكرێت ودەتوانرێت بەهای شمەك بە هۆی دراوەوە دیاریبكرێ كە گوزارشت لە نرخی شمەك دەكات لە بازاردا، بۆیە گەر دراو لە شمەكە جۆر بەجۆرەكان جیا بكرێتەوە بەهایەكی تایبەت بە خۆی نییە.

كەواتە بابەتی بەها بەپێ ی بیروڕای ئەم قوتابخانەیە ئەوە ڕوون دەكاتەوە بیرۆكەكە سێ ڕەهەندی هەیە پێی دەڵێن چەمكی تێكەڵاو كە ئەمانەن:

١– پەیوەستە بە باسکردنی خودی بەهاکە: واتا بەهای دراو تەنها بە بابەتی ئاڵوگۆڕکردن بەستراوەتەوە. ئەم خەسڵەتە تەنها دراو هەیەتی و لە شمەکەکانی تر جیای دەکاتەوە.

٢– بۆ رواڵەتی دەرەوەی بەها دەڕوانێت: واتا بە گوزارشتی دراو بەهای یەکەیەك یان شمەکێکە کە نرخێك یان بەهایەك دەنوێنێ.

٣– باس لەسەرچاوەی بەها دەکات: ئەوە روون دەکاتەوە کێ هەیە بەها بۆ شمەکەکان دابنێ؟ دەرکەوت کە کاری مرۆیی بەها دروست دەکات لە شتەکاندا. مەبەستی لە کار ئەو برە کارە تێکراییە کە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە داواکراون و کە لە بەهای شتەکاندا بەرجەستە بوون کە لە میانەی ژمارەی یەکە کاتەکانی پێویست دا خۆی دەنوێنێت بۆ بەرهەمهێنانی یەك یەکە لە شمەك و خزمەتگوزارییەکان.

٢– قوتابخانەی سنوورەکی (سنووورداری):

بۆ ئەوەی بەهای یەکەی دراو بەپێ ی قوتابخانەی سنوورەکی بەرجەستە بێت، ئەوا ئەم قوتابخانەیە بۆ دیاریکردنی بەهای شمەك و خزمەتگوزارییەکان پشت دەبەستێ بە سوودەکەی واتە توانای چەندە لەپڕکردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤ. هەروەها ئەم بنەمایە دراویش دەگرێتەوە، بەڵام نابێ ڕەگەزەکانی تریش لە بیر بکەین کە بریار لەسەر پەیوەست بەسوودی بەرهەم (قەبارەی بەرهەمهێنان)دەدەن یان پێی دەوترێت پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

قوتابخانەی سنوورەکی بڕوای وایە کە بەهای یەکەی دراویش بەهەمان شێوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری مەزەندەی کەسایەتیەوە لە بارەی ئەو سوودەی لەوانەیە لەیەکەی دراو بێتە دەست.

ڕوبرتسون یەکێکە لە بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەڵێت: ئێمە مەبەستمان لە بەهای دراو بەهای هەر شتێکی تەواو هاوشێوەی دراوەکەیە بۆ نموونە (نان وپۆشاک)، بەڵام ئەوەی لێرەداجیاوازە ئەوەیە ئێمە دەتوانین لە بەهای شمەکەکان بە دراو دیاری بکەین. بەڵام ناتوانین نرخی دراو وەك خودی دراو دیاری بکەین. بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم حاڵەتانە بکەین قوتابخانەی سنوورەکی ڕوویکردە بیرۆکەی سوودی پێکهاتووی دراو.

واتا بەهای دراو بەڕادەی توانا و دەسەڵاتەکەی بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە مرۆییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوانە دەکرێ. لەمەدا قوتابخانەی سنوورەکی وا دادەنێن کە دراو چەشنی ئۆتۆمبێلێك یا هۆکارێکی گواستنەوەیە بەشداری لە ئاڵوگۆڕکردن دەکات لە نێوان شمەك و خزمەتگوزاییەکان – بەڵام بنەمای پێوانەیی بۆ بەهاکان بەو سوودەی کە لە یەکە دراوەکە بەدەست هاتووە دیاری دەکرێ.

شیکردنەوەی قوتابخانەی سنوورەکی هەوڵدەدات چالاکیە ڕاستەقینەکان و چالاکیە دراوییەکان بکەونە ژێر ڕکێفی هەمان یاسا سنووردارییەکان. کەچی زەحمەتە یاساکانی بەهای تایبەت بە شمەك و خزمەتگوزاریە ئابووریەکان لە سەر بەهای دراو جێبەجێ بکرێن، چونکە لەوانەیە نەتوانرێ دراو (شمەکێك) بێت هەروەکو شمەکە ئابوورییەکانی تر. بە واتایەکی وردتر دراو ناتوانرێ بەهای بەکارهێنراوی هەبێ هەروەك لە شمەك و خزمەتگوزاریە ئابووریەکاندا (بەرهەم هێنراو) هەیە، هەر چەندە تا ڕادەیەك بەهایەکی ئاڵوگۆڕکردنی گەورە هەیە، بۆیە دەکرێ بەهای ئاڵوگۆڕکردنی دراو بەبەهای بەکارهێنانی دیاری بکرێ، بەڵام بە پێچەوانەوە نابێ.

هەڵاوسان : (Inflation)

دیاردەی هەڵاوسان لەو دیاردانەیە کە زۆرترین پەیوەندی بە دیاردەکانی ئابووری و دراوی ئابووریە هاوچەرخە پێشکەوتووەکان و گەشە کردووەکان هەیە. بە چاوپۆشینی لە پلەی گەشەسەندن و ئاستی پەرەپێدان کە ئەم ئابووریانە هەیانە.

ئەم دیاردەیە دوای جەنگی جیهانی دووەم (١٩٤٥ و دواتر) سەری هەڵداوەو، شێوەو ناوەڕۆکی ئەم دیاردەیە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بەتەواوی بەدیارکەوت. هەر چەندە ئەدەبیات و کولتووری ئابووری پڕاوپڕە لە بابەتەکانی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخەکان، بە تایبەتی ئەو کێشانەی کە کۆمەڵگای ئەورووپی لە هەر دوو سەدەی شانزدەهەم و حەڤدەهەمدا و دواتریش وڵاتەکانی تر دووچاری بوون.

هەڵاوسان:
واتا بەرزبوونەوەی زیاد و بەردەوام لە ئاستی گشتی نرخەکان لە ماوەیەکی دیاریکراو کەماوەکەش کورت بێت.

هەموو بەرزبوونەوەیەك لە نرخەکان بە مانای هەڵاوسان نایەت، بەڵکو هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخەکانە.

بۆیە هەڵاوسان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەرزبوونەوەی زۆرو لە ئاستی گشتی نرخەکان لە ماوەیەکی دیارکراودا. بەڵام بەرزبوونەوەی ڕێژەیی بۆ هەندێك لە شمەك و خزمەتگوزاریەکان بۆ ماوەیەکی دیارکراو، مەرج نییە حاڵەتی هەڵاوسان بێت یان لەوانەیە هۆکارەکانی ڕوودانی ئەم هۆکارانە نین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی هەڵاوسان. هەروەك لە وەرزە نەهاتەکانی کشتوکاڵ یان کەمبوونەوە لە بەرهەمهێنان بەبێ ئەوەی هێزی بەرهەمهێنانی

دابین بکرێ و یان گۆڕانی تەکنۆلۆژی هونەری و یاخود گۆڕانی باج و کۆمەکەکانی حکومەت وچەندان هۆکاری تر.

هەروەها دەکرێ هەڵاوسان پێناسە بکرێت:

– بڕێکی زۆر لە دراو لە بەرامبەر بڕێکی کەم لە شمەك و خزمەتگوزاریەکان.

– زۆر بوونی ئەو بڕە پارەی کە لە کۆمەڵگە ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ.

– زۆربوونی خواستە لە سەر ئەو شمەك و خزمەتگوزاریانەی کە هەیە و لە سەر داهاتی ڕاستەقینەش.

جۆرەکانی هەڵاوسان: Types of Inflation

گرنگترین جۆرەکانی هەڵاوسان ئەمانەن:

١- هەڵاوسانی خشۆک: Creeping Inflation

بەردەوام بەرزبوونەوەی ئاستی گشتی نرخەکانە، بەڵام بەشێوەیەکی لە سەرخۆ، واتە زیادبوونی نرخ لەسەرخۆ وپلە بەپلەیە، ئەوە کەمترین ئاستەکانی هەڵاوسانە، بۆیە لەچاو جۆرەکانی تری هەڵاوسان ماوەیەکی درێژ دەخایەنێ، وەك بەرزبوونەوەی نرخەکان لە ماوەی دە ساڵ بە رێژەی ١٠٪ واتا تێکڕایی زیادەی ساڵانەی ١ ٪ دەبێت بە مانا ئەم جۆرە هەڵاوسانە ئاماژە بە جووڵەی بەرزبوونەوەیە لە ئاستی گشتی نرخەکاندا و بە ئاستێکی بەردەوام و مامناوەندی کە لە نێوان ١٪ بۆ ٣٪ بێت.

٢- هەڵاوسانی کپکراو (هەست پێ نەکراو): Suppressed Inflation

ئەم جۆرە هەڵاوسانە بە زیاد بوونی نرخەکان بەستراوەتەوە کە دەبوایە روویان بدایە ئەگەر دەست تێوەردانی میری نەبوایە کە بەهۆی سەپاندنی چاودێری لە سەر نرخەکان و کۆمەك و پشتگیری کردنی نرخەکان بۆ چەند شمەکێك و خزمەتگوزارییەکی سەرەکی و پەیرەوکردنی سیستەمی کۆبۆنەکانی خۆراك. بۆیە زیاد بوونی نرخەکان هەستی پێ ناکرێت، چونکە حکومەت بە گرتنە بەری رێو شوێنی (دابەشکردنی شمەك، دیاریکردنی نرخەکان) ئەو زیادە راستەقینانەیە کە لە نرخەکان بە شێوەی خەرجی دراو لە بازاڕی رەشدا دیار دەکەوێ لای نابات، بۆیە حکومەت ناچار پابەند دەبێت بەم نرخە زیادانە کە لە بەرامبەریدا پێدانی دراو زۆر دەبێ و دەبێتە مایەی زیادبوونی خواست لە سەر شمەك وخزمەتگوزاریە جیاجیاکاندا.

٣ – هەڵاوسانی لە رادە بەدەر (سەرکێش): Hyper Inflation

ئـەم جـۆرە هەڵاوسـانەبە بـەرزترین ئاسـتی زیـاد بـوونی نرخـەکان دادەنرێ، بـە جۆرێك نرخـەکان بەبـەردەوامی و بـە پلەیـەکی زۆر بـەرز زیـاد دەکـەن، لـە ئەنجامیـشدا دەبێتـە هـۆی هـەرەس هێنـانی سیـستەمی نەختینەیی(دراو)بە هۆی ئەو داڕمانە لە رادە بـەدەرەی کـە لـە بـەهاو هێـزی شـت کـرین روودەدات، وپـارەی نیـشتیمانی هـەموو متمانەیـەك لـە دەسـت دەدا.بۆیە تاکەکان وایان پێ باشە هەر شمەکێك یاخود کەلوپـەلێك هـەڵبگرن لەجیاتی دراو، چونکە گەر بەردەوام نرخـی شمەکـەکانزیاد بکـا ئـەوا دەبێتـە هۆی دابەزینی بەهای پارەی نیشتمانی، و بەردەوام لەدەستدانی هێـزی شـت کڕینی و هەڵگرتنی، پارەی نیشتمانی یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی خۆی وەکو کۆگای بەها(کۆکەرەوەی بەها) لە دەست دەدا، ئەمەش وادەکـات داخواسـت لە سـەر بـەکارهێنانی دراو بـۆ نـزمترین ئاسـت کـەم بێتەوە،لەبەرامبـەر زیـاد بوونی خواست لە سەر شمەك وخزمەتگوزاریە جۆر بەجۆرەکان،کە بـەردەوام نرخیان بەرز دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم جـۆرە هەڵاوسـانە بـە ترسـناکترین جۆرەکانی نرخ هەڵاوسان دادەنرێ، چونکە هەڕەشە لەسەر قەوارەی ئابووری دراوی دەوڵەت دەکات.

پرسیارەکانی بەشی چوارەم

پ ١ : ئەم زاراوانەی خوارەوە پێناسە بکە :

دراو – دراوی پێوانەیی – دراوی متمانەیی – بەهای دراو – هەڵاوسان

دراوی ئەلیکترۆنی – دراوی ژمارەیی (دراوی کاش یان دیجیتال)

پ ٢ : وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە :

١ – دراو چەند جۆرێکی هەیە، باس لە جۆرەکانی دراو کە.

٢ – باسی ئەرکەکانی دراو بکە.

٣ – خەسڵەتەکانی دراو چین ؟

٤ – بەهای یەکەی دراو ناوی زۆری پێ دەگوترێ دەست نیشانیان بکە.

٥ – سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی هەڵاوسان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو چین ؟

٦ – ئەو لایەنانەی دراوی کاغەز دەردەکەن بیانژمێرە.

٧ – باسی جۆری دراو بە پێی پەیوەندی لە نێوان بەهای دراو وەك دراو و بەهایەکەی وەك شمەك بکە.

پ ٣ – ئایا ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕاستن (✓) یا چەوتن (X) :

١ – دراو وەك خودی خۆی خواستی لەسەرنیە، بەڵکو بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ بەدەستهێنانی شمەك و خزمەتگوزارییە.

٢ – مەرج بۆ توانستی دراو تاوەکو ببێتە ناوەندێك بۆ ئاڵوگۆڕکردن ئەوەیە کە بە گشتی ڕەزامەندی وەربگرێت بۆ دانی قەرز و پاکانەکردن.

٣ – پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان بەهای دراو و نرخی شمەك و خزمەتگوزارییەکان لە میانەی قەبارەی دراوی خستنەڕوودا هەیە.

٤ – سنووردارییەکان بڕوایان وایەکە دراو وەك ئامێرێکە گواستنەوەیە ویەشداری دەکات لە ئاڵوگۆڕکردنی شمەك و خزمەتگوزارییەکان.

سەرچاوەكانى بەشى چوارەم

١- د. احمد حسين علي الهيتي، اقتصاديات النقود و المصارف، جامعة الموصل، دار ابن الاثير للطباعة والنشر، الموصل، ٢٠٠٥.

٢- جمال خريس و ايمن ابو خضير و عماد خصاونة، النقود و البنوك، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع والطباعة، عمان، ٢٠٠٢.

٣- د. عوض فاضل اسماعيل الدليمي، النقود والبنوك، جامعة بغداد، مطابع دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٩٠.

٤- د. محمود يونس و د. عبدالنعيم مبارك، اقتصاديات النقود والصيرفة، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، ١٩٨٢.

٥- د. ناظم محمد نوري الشمري، النقود والمصارف، جامعة الموصل، مديرية دار الكتاب للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٨٨.

٦- د. صبحي تادرس قريصة، النقود و البنوك، دار الجامعات المصرية، الاسكندرية، ١٩٨٨.

٧- د. عبدالمنعم السيد علي، اقتصادات النقود والمصارف، الجزء الاول، الطبعة الاولى، الجامعة المستنصرية، مطبعة الديواني، بغداد، ١٩٨٦.

٨- د. محمد احمد الرزاز، محاضرات في النقود و البنوك، دار الحمامي للطباعة، القاهرة، ١٩٧٤.

٩- د. كامل البكري، الاقتصاد التجميعي، مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر، الاسكندرية، ١٩٨٥.

١٠- د. اكرم حداد و مشهور هذلول، النقود و المصارف : مدخل تحليلي و نظري، دار وائل للنشر، عمان، ٢٠٠٥.

١١-١١ - د. احمد حسين الرفاعي و د. خالد واصف الوزني، مبادئ الاقتصاد الكلي بين النظرية والتطبيق، الطبعة الثانية، وائل للطباعة و النشر، عمان، ١٩٩٧.

12-M. L. Burstein، " Modren Monetary Theory "، Mac Millan Press Inc.، London، 1988.

13-Klaus F. Zimmermann، " Fronteers In Economics " Springer، 2002.

14-Richard Coughlan،" The Theory Of Money and Finance " MacMillan Press Inc.، London، 1986.

15-Paul Hallwood and Ronald MacDonald،" International Money: Theory، Evidence and Institution "، Basil Blackwell Inc.، 1988.

بەشی پێنجەم

بانکەکان

BANKS

بانکەکان ئەو دامەزراوانەن کەوا یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانیان متمانەدانە بە سەوداکەران جا کەسەکان بن یان پڕۆژەکان. و دەزگایەکە مامەڵە بە قەرزو بازرگانی پێ دەکات.

بانکەکان لەسەر پاشماوەی کۆمەڵێك لە داب و نەریتی سەردەمەکانی پێشوو دامەزراون. کە سەرەتا کاری متمانەیی بەشێوەیەکی سادە لە ڕێگای گەورە بازرگانەکان و زێڕینگران و سووخۆرەکان (المرابين) بەڕێوەدەچوون. یەکەمین کار کە بانقەکان پێی هەڵسان بریتی بوو لە قەبووڵکردنی سپاردەی سەوداکەران لەسەر بنەمای قەرز وەرگرتن و بەڵێندان بۆ پێدانەوەیان لەکاتێکی دواتردا، ئینجا قۆناغێکی دیکە بەرەو پێشەوە چوو کاتێ جەماوەر دەستی کرد بە وەرگرتنی قەرز لەو سپاردانە. بەمەش هەردوو کرداری " قەرز وەرگرتن و قەرزپێدانی بەیەکەوە کۆکردەوە " ئەوەش سەرەتایەك بوو بۆ ڕێکخستنی متمانەیی و گەشەپێدانی بۆ ئەوەی باشترین شێوە لەخۆ بگرێت کەشێوەی دروستکردنی سپاردەکان و سپاردە پێکهاتووەکان (الودائع والودائع المشتقة).

بە تێپەربوونی کات سیستەمی بانکی گەشەی سەندو ئەرکەکانی هەمە جۆر بوون. شان بە شانی بانکە بازرگانییەکان (بەم پێیەی کەوا یەکەم دامەزراو بوون بۆ پارەدارکردنی بازرگانی دروست بوو بوون) بانکی

دیکەدامـەزران کـە هـەر یەکـەیان بـەجۆرێکی دیـاریکراو متمانـەی پێشکەش دەکرد، ئەم بانکانە دوو ئەرکی سەرەکیان پیادە دەکرد:

- یەکـەمیان" ئـەرکی نەختینـەیی (Money Function) بـوو کـە خـۆی لـە قـەبوولکردنی سـپاردەکان و پێـدانی قـەرز و دروسـتکردنی سـپاردەکان و دەرکردنی دراوی کاغەزدا دەنواند.

- دووەمیان " ئەرکی پارەدارکردن Financing Function " بووکە بانکـەکان لە ڕێگای پێدانی پـارە بـەو پڕۆژانـەی کـە پێویـستیان پـێ هەیە، جا چ بـە مەبەستی دامەزراندنیان بێت یان بۆ چوونە ناو قۆنـاغی بەرهـەمهێنان یـاخود بۆ پەرەپێدانی بەرهەمەکانیان بێت.

دامەزرانـدن و گەشـەی دەزگـا بانکییـەکان پەیوەسـت بـوو بـە گەشەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری - سەرهەڵدانی زێڕنگـران لـە کۆتـایی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەورووپا (هەر وەك لە سەرەوەدا ئاماژەی پێکـراوە) سـەرەتای راسـتەقینەیە بـۆ چـالاکی بانکـە متمـانی و وەبەرهێنـەکان. ئـەم چالاکیە قۆناغ بە قۆناغ شان بە شانی ئەو گەشەندنە ئابووری و کۆمەڵایەتیـە بەرفراوانەی کە سیستەمە ئابووریـەکان لـەو ماوەیـەدا بـە خۆیـان دیـووە تـا وەکو ئەمڕۆ.

ئـەو چـالاکیە متمانەییـە کـە زێڕنگەرەکـان پیادەیـان دەکـرد بنـەمای بنـچینەیی سـەرهەڵدانی بانکـە بازرگانیـەکان بـوو و دواتـر بـووە بنـچینەی سەرهەڵدانی بانکە ناوەندییـەکان کـە ئـەرکی ڕێکخستن و چـاودێری چـالاکی بـانکی و متمانـەیی لەئەستۆ گرتبـووە - سـەرەڕای قـۆرخکردنی دەرکردنـی دراوو ئەرکەکانی دیکە کە لەلایەن حکومەتەوە پێی سپێردرا.

جۆرەکانی بانك: Types of Banks

هەروەك لە سەرەوە دیاری کرا جۆرەها بانکی جیاجیا هەیەو هەر یەکەشیان کار و ئەرکێکی دیاریکراو پیادە دەکات و بەمشێوەی خوارەوە:

یەکەم - بانکە بازرگانییەکان: Trade Banks

ئەو دامەزراوانەن کە سپاردەکان لە تاکەکان و دەستەکان وەردەگرن بۆ خواستی ژێر دەست و پاشینە ئینجا ئەم سپاردانە بۆ پێدانی قەرزو پێشینەی قەرز (سلفە) بەکار دەهێنرێ.

واتا ئەم دامەزراوانە مامەڵە بە متمانەیی ماوەی کورت خایەن دەکەن بە مەبەستی بەدی هێنانی دوو ئامانج:

١. دابینکردنی پاشەکەوتە ناوخۆییەکان بۆ یەکە ئابووریەکان، تاکەکان بن یان کۆمپانیاکان ویان دامەزراوو و بریکارەکان.

٢. پێشکەشکردنی قەرز و ئاسانکاریەکانی تر بۆ یەکە ئابووریەکان.

بانکی بازرگانی متمانە دروست بکات ئەوا پشت بە چوار پێوەر دەبەستێت ئەوانیش:

١ – کەسایەتی قەرز وەرگر.

٢ – سەرمایەی قەرز وەرگر.

٣ – توانای دارایی قەرز وەرگر.

٤ – دەستەبەر (ضمان).

ئەرکەکانی بانکی بازرگانی:

دەتوانین ئەرکەکانی بانکی بازرگانی بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١- وەرگرتنی سپاردەکان.

٢- قەرز پێدانی دەرامەت وئاسانکارییەکانی متمانەیی کە لە سەرەتادا تەنها داشکانی کۆمپیالەی بازرگانی بوو وەرگرتنی لە کاتی شایستەبووندا.

٣- ڕەخساندنی دراوی بانکی بۆ بەشداریکردن لە زیادبوونی چالاکییەکانی ئابووری.

کۆمپیالە:

بریتییە لە کاغەزێك کە خاوەن قەرز دەری دەکات تێیدا فەرمان بەسەر قەرزارەکەیدا دەدات کە پارەیەکی نەختینەیی دیاریکراو کەبەڕوارو ڕۆژی دیاریکراو لەسەری نوسراوە بدات بە هەلگری کاغەزە(کۆمپیالەکە) واتە (کۆمپیالە کاغەزێکی بازرگانییە).

کۆمپیالە داشکاندن:

کاتێك بانقەکە(کومپیالە)ی بۆ دەبەن وەری دەگرێت و قبولی دەکات پێش تەواو بوونی ماوەی قەرزەکە لەجیاتی قەرزارەکە بەهای کۆمپیالەکە دەداتەوە، بەلام دەستخۆشانە (بڕێ پارە) بۆخۆی لێ ی دادەشکێنێ.

پشك (سهم):

بریتییە لە کاغەزێ: کەتێیدا بەشی سەرمایەی کەسێك لەپرۆژەیەکدا دیاری دەکات و هەموو کەسێك بەپێی ئەو(پشکە)ی کە هەیەتی لە پرۆژەکەدا (قازانج) و (زەرەر) ی بەردەکەوێت و (پشك) لەبازاڕی ماڵ و دارایدا کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێ خاوەنداریەتی لەکەسێکەوە دەگوازێتەوە بۆ کەسێکی

تر))، نموونـه ئەگـەر قـەبارەی سـەرمایەی کۆمپانیـای (تۆیۆتـا) پێـك هـاتبێ لە(١٠٠ پشك) و کەسێك (٢پشك) بکڕێت لـەکۆمپانیای(تۆیۆتـا) بـە (٤٠٠٠٠$) ئـەوا ئـەم کەسـە بـەپێی ئـەو پـشکەی کـە هەیـەتی لەسـەرمایەی کۆمپانیاکـە(قـازانج) و (زەرەر)ی بەبـەر دەکـەوێت و ئـەم کەسـە دەتوانێـت (پشك)ی خۆی بفرۆشێت لە بازاڕی ماڵ و دارایی بـەو نرخـەی کـە کڕیویـەتی یان زیاتر یان کەمتر.

قەباڵە(سەنەد) :

((بریتییە لـە کاغـەزێك کـە قـەرز وەرگر دەری دەکات جا قەرزارەکـە(بانـك بازرگـانی) بێت یـان تاکەکـەی خـەڵك یـان حکومـەت بێـت کـە لـەم کاغـەزە بازرگانییە ناوی کەسەکەو بڕی قەرزەکەو نرخـی سـوودەکەو مـاوەی دانـەوەی قەرزەکە تێیدا تۆمارکراوە ئەم کاغـەزە کـڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێـت واتـا خاوەنداریەتی لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر))

دروستکردنی سپاردەکان :

بڕۆکەی دراوە سپاردەکان: بانکە بازرگانییەکان متمانەی خۆیان بە دوو ڕێگا پەیدا دەکەن:

١– گەر بێتو بانکەکە بڕی قەرز بە یەکجار یان چەند جارێك بە شێوەی دراوی یاسایی لەو دراوەی هەیەتی بداتـە قـەرز وەرگر،لـەم حاڵەتـەدا ئـەوەی کـە ڕوودەدات تەنها کرداری گواستنەوەی بـڕی ئـەم دراوەیـە لـە بانکـەوە بـۆ دەستی قەرزوەرگران بەبێ ئـەوەی هـیچ گۆڕانکاریـەك لـە سـەر کـۆی بـڕی دراووە خستنەڕووەکەدا رووبدات.

٢– بانك ئەو مافە بە قەرز وەرگر بدات کەوا ئەو بڕە قەرزەی لـە سـەری ڕێـك کەوتوون بە هۆی چەکەوە (Cheques) یـان ڕەوانـەکراوەکان (Transfers)

ئەو برە بکێشیتەوە. لەم حاڵەتەدا قەرزوەرگر بۆی هەیە ئەم برە پارەیە لە ڕێگای چەکەکانەوە بۆ دانەوەی بەهای شمەك و خزمەتگوزاریەکان بەکاربهێنێت هەر وەك دراووی یاسایی بەکارهێنابێت — بەم ڕێگایە هەندێك لە پێداوەکان بێ بەکارهێنانی دراوی یاسایی ئەنجام دراوە، ئەوەش بە بەکارهێنانی دراوی تر کە بانکەکە دروستی کردوون واتا دراوی سپاردەکان (Money Deposits) کە بانك بە بەربەستەژمێرییەکانی لە تۆمارەکانی دروستی کردون لەم حاڵەتەدا بڕێکی دیکە لەم دراوە لە جۆرێکی تر خرانە سەر بڕی دراوە یاساییەکە، ئەمەشە پێی دەڵێن "دراوی سپاردن" کە بانك دروستی کردوون لە ئاکامدا دەبێتە مایەی زیاد بوونی بڕی کۆکراوی دراوە خراوەرووەکە.

دووەم – بانکە ناوەندییەکان: Central Banks

بانکی ناوەندی ئەو بانکەیە کە بە لوتکەی سیستەمی بانکی دادەنرێ چ لە بارەی دەرچوونی دراو بێت یان لە بارەی کرداره بانکیەکانەوە چاودێری لە سەریاندا. وهەر وەها بریتییە لە دامەزراوێکی گشتی کە زیاتر گرنگی بە مامەڵەکردن دەدات لە گەڵ دامەزراوەکان نەك لە گەڵ خەڵکدا. ئەوەی باوە هەر وڵاتێك بانکێکی ناوەندی هەیە جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە زیاتر لە دوانزە بانکی تایبەت بە دەرکردنی دراوی هەیە و لەژێر چاودێریکردنی ئەنجومەنێکی فیدراڵیدایە، بانکی ناوەندی دامەزراوێکە مەبەستی سەرەکی قازانجکردن نییە.

زۆرجار دەبینین بانکی ناوەندی وەك بانکێکی بازرگانی گرنگ دادەمەزرێت کە حکومەت دەسەڵاتی دەرچوونی دراوی پێ دەدات هەر وەك لە ساڵی ١٨١٤ ز لە هوڵەندا پیادەکرا لە ولە ئینگلترا لە ساڵی ١٨٤٤ ز

وفەرەنسا لە ساڵی ١٨٤٨ ز وئەڵەمانیا لە ساڵی ١٨٧٥ ز وە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩١٤ز. و لە عێراق لە ساڵی ١٩٤٧ز. هەبوو.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی بانکی ناوەندی دەڵێن: بریتییە لە کۆمەڵێك دامەزراوەی دراوی و پێکهاتەکانی کە مەبەستیان ئەنجامدانی کۆمەڵێك ئامانج و پیادەکردنی کۆمەڵێك ئەرکە بۆ بەڕێوەبردن و نەخشەدانانی سیاسەتی نەختینەیی.

سێ بیروڕای تایبەت بە دیاریکردنی چەمکی بانکی ناوەندی هەیە :

١. کۆمەڵەی یەکەم بڕوای وایە کە بانکی ناوەندی ئەو دامەزراوەیە کە چاودێری بانکەکانی تر دەکا بە شێوەیەك یارمەتی جێبەجێ کردنی سیاسەتی نەختینەیی دەدات.
٢. کۆمەڵەی دووەم بڕوایان وایە کە بانکی ناوەندی ئەو دامەزراوەیە کە هەوڵی پاراستنی جێگیربوونی ڕێسای دراو دەدات بەتایبەتی لە چاودێری بەکارهێنانی دراوەکان.
٣. کۆمەڵەی سێیەم بڕوایان وایە کە بانکی ناوەندی ئەو دامەزراوەیە کە ڕێگەی پێ دەدرێت ئەرکی قەبارەی دراو ومتمانەی ئابووری ڕێکبخات.

بانکە ناوەندییەکان سیاسەتەکانی خۆیان لە میانەی کۆمەڵێك ئامرازی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە (**الادوات الكمية والنوعية**) پەیڕەو دەکەن:

أ- ئامرازە چەندایەتیەکان پەیوەستن بە یەدەگی یاسایی، و نرخی داشکاندن، و کردارەکانی بازاڕەکراوەکان و کردارەکانی پاکۆکاری.

ب- ئامرازەکانی چۆنایەتی: ئەم ئامرازانەن کەوا پەیوەستن بە سەرنج ڕاکێشان و ئاراستەکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و دیاریکردنی ریزەکانی متمانەو ڕێوشوێنی قەرزدانەوە و سوودەکان.

ئەرکی بانکە ناوەندییەکان :

بانکە ناوەندییەکان سێ خەسڵەتیان هەیە کەلە هەمان کاتدا ئەم خەسڵەتانە ئەرکی سەرەکی ئەم بانکانەن:

١-بانکی ناوەندی بانکی دەرکردنی دراوە:

بانکی ناوەندی لە زۆربەی وڵاتاندا بە بەپێی یاسا تاکە قۆرخکەری دەرکردنی دراوە، بەم پێیە کە پایەیەکی ئەوتۆی هەیە دەتوانێ چاودێرێکی کاریگەر بێ لەسەر پارەدا کەلە ئاڵوگۆڕکردندان لە نێوان خەڵکدا. بەپێی پێویست بریار لەسەر بڕی ئەو پارەیە دەدا بۆ مەبەستی مامەڵەکردن و یەدەگ و ئاڵوگۆڕکردن بەکار دێت. لە سەر بانکی ناوەندی پێویستە بڕی ئەو پارەیە دابین بکات بۆ پارەدارکردنی چالاکییە ئابوورییەکان پێویستن بەرێژەیەك بێ نەبێتە هۆی هەڵاوسانی نەختینەیی.

٢- بانکی ناوەندی بانکی بەنکەکانە:

بەبانکی ناوەندی دەگوترێت بانکی بانکان، چونکە تەنها مامەڵە لەگەڵ بانکەکان دەکات بەبێ تاکەکان، لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەوە بانکی ناوەندی دوا پەناگەیە کە بانکەکان هەر کاتێ پێویست بوو پەنای بۆ دەبەن، چونکە بانکەکان سپاردەی خۆیان لەم بانکە هەڵدەگرن وەك (یەدەگی یاسایی) هەروەها هەر پێویستی بە دەرامەت بوو ئەوا هەڵدەستێت بە دوویارە داشکاندنی ئەو کاغەزە بازرگانیانەی کە بانکەکان هەیانە، و هەروەها هەڵدەستێ بە کرداری پاکۆکردنی حسابی بەنکەکان بەمەبەستی راستکردنەوەی حسابەکان، ئەمەش لە ئەنجامی مامەڵەکردن لە نێوان ئەو بانکانەدا هەیە، بەم جۆرە بانکی ناوەندی چاودێری بانکە بازرگانیەکان دەکات.

دەتوانێت كۆنترۆڵی پەدەگی دراو بكات و دوایش لەسەر توانای بە قەرزدان و دروستكردنی دراو بزانێ، ئەوەش لە میانەی سێ ئامرازدا:

١- گۆڕانی ڕێژەی پەدەگی یاسایی.

٢- كردارەكانی بازاڕی كراوە.

٣ - گۆڕانی نرخ داشكاندن.

٢- بانكی ناوەندی بانكی دەوڵەتە :

بانكی ناوەندی وەك بریكاری دارایی حكومەت كار دەكات، چونكە سپاردەكانی حكومەت دەپارێزێت و لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی تر لە ناو وڵات و دەرەوەدا دەیانگوازێتەوە، و هەروەها كڕین و فرۆشتنی كاغەزە داراییەكان بۆ حسابی حكومەت و یارمەتی دەدات بۆ دەركردن و بازارگێری پسولەی حكومەت، وهەروەها پێدانی سوودو بەدەستهاتووەكان، و لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە كە بانك هەڵدەستێ بە نەهێشتنی ئەو كاریگەرییە زیانبەخشانەی كە لەوانەیە كار بكاتە سەر باری دارایی حكومەت لەئابووری نیشتیمانیدا، كە لەئەنجامی خەرجی حكومەت و باجی زۆرەوە ڕوویدات، هەروەها ئەو قەرزە گەورانەی كە دەیكات.

سێیەم- بانكە تایبەتمەندەكان :

یەكێك لە چالاكییە هەرە گرنگەكانی بانكە تایبەتمەندەكان بریتییە لە پارەداركردنی كەرتە جۆربەجۆرەكانی ئابووری. یەكەم بانكی ئێراقی تایبەتمەند بریتی بوو لە بانكی كشتوكاڵی – پیشەسازی كەلە ساڵی ١٩٣٥ دامەزرا، بەڵام زیادبوونی چالاكییە بانكیەكان و فراوانبوونی كردارە

پارەدارکردنی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان وایکرد حکومەت ئەم بانکە دابەش بکات. بۆیەکەمیان بانکی کشتوکاڵی و دووەمیان بانکی پیشەسازی، ئەو بانکانە بەهۆی پێشکەشکردنی قەرزو ئاسانکارییەکان دەتوانێ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر چالاکییە ئابورییەکان هەبێ.

بانکە تایبەتمەندەکانی عێراق ئەمانەی خوارەوەن:

١- بانکی کشتوکاڵی:

ئەم بانکە لە ١٩٤٦/٤/١ لە بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی جیابۆوەو بووە بانکێکی سەربەخۆ، چالاکی پارەدارکردنی کەرتی کشتوکاڵی لەئەستۆ گرت، ئەویش لەرێگەی پێدانی قەرزو پێشینەو، یارمەتیدانی کۆمەڵە هەرەوەزیە کشتوکاڵیەکان بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی ولەسەر ئاستی عێراق چەند لقێکی هەیە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا رۆڵی سنوردارکراوە، ئەوانیش پەیوەندیان بەرەوشی گشتی عێراقەوە هەیە.

٢- بانکی پیشەسازی:

ئەم بانکە لە ساڵی ١٩٤٦ دوای جیابوونەوەی لە بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی دامەزرا، مەبەستیش لە دامەزراندنی ئەم بانکە گەشەدان بوو بە کەرتی پیشەسازی عێراقی ئەویش لەرێگەی پێشکەشکردنی قەرزی مامناوەندو قەرزی درێژخایەن لەپێناو دامەزراندن و فراوانکردنی پرۆژە پیشەسازییەکان و، ناوەندێك بێت بۆ فرۆشتنی بەرووبوومەکان لەناوەوەو دەرەوە. هەروەها وەرگرتنی سپاردەو متمانەو و کردنەوەی حساباتی بەگەڕ بۆ سەوداکەران و خاوەن پرۆژە پیشەسازیەکان و هەروەها لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق لقی هەیە.

٣ - بانکی خانووبەرە:

ئەم بانکە لەنیوەی سەدەی بیستەم وەك پێویستییەك سەری هەڵدا ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەی کرێی خانوو و کەمی خانوویەرە لەچاو ئەو خواستە زۆرەی لەسەر نیشتەجێ بوون هەبوو، سەرەڕای ئەو نرخە سووەی کە بانك لەسەر سەرمایە بەقەرز دراوەکەی دادەنێت و زۆری بارمتەکان بە نرخێکی بەرز لە سوودخۆرەکان، بۆیە داواکرا ئەم بانکە دابمەزرێ ئەرکی بریتی بوو لە قەرز پێدان بە عێراقیەکان بەم برە پارەیە کە جێی دڵنیایی بێت بۆ موڵکایەتی یان بەمافە جێگیرەکانی تر.

چوارەم -متمانە Credit

پێشتر ئەوەمان روون کردەوە کە چۆن دراو سەری هەڵداوەو ئەم ئەرکانەش چین پیادەیان دەکات، بۆ نموونە کە ئامرازێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردن و پێوەرێکە بۆ بەهاکان و ئامرازێکە بۆ پاشەکەوتکردن و گێڕانەوەی دواخراوەکان مەرجێکی گرنگ و سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی متمانەکردن بە دەزگا زۆرو جۆربەجۆرەکانی، ئەرك و دامەزراوە متمانەکیەکان لەگەڵ ئەو قۆناغە مێژووییە یەك لە دوای یەکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیوە گەشەیان کردووە. متمانەکردن بوو بە رەگەزێکی سەرەکی لە رەگەزەکانی پارەدارکردنە پێویستیەکان بۆ دامەزراندن و گەشەسەندنی پرۆژە جیاجیاکان.

پێناسەی متمانەکردن:

وازهێنان یان دەستبەردانە لە داراییەکی ئێستا بۆ دارایەکی ئایندەو بنەماکەشی متمانە بێت، بەواتایەکی ترمتمانەکردن (بریتییە لە گۆڕینەوەی بەهایەکی هەنووکەیی بە بەهایەکی دواخستراو (داهاتوو)).

بۆ نموونە خاوەن قەرز کاتێ بڕێ پارە بە قەرز دەداتە قەرزار ئەوا بەهایەکی هەنووکەیی دەگۆڕێتەوە بەئومێدی ئەوەی کاتێ لەدوارۆژدا بەهای دواخراوی قەرزەکە لەکات و ساتی خۆی وەربگرێتەوە کەلەسەری ڕێک کەوتوون. ئەم چەمکە دەکرێ گوزارشت لە متمانەکردن بێ و، لەلایەکی تریش گوزارشت بێ لەچەمکی (قەرز)، چونکە هەردوو چەمکەکە پەیمان بەدانەوەی لە ئایندەدا، بەڵام لەسەر ئاستی چالاکی ئابووریدا مەبەست لە متمانەکردن: کۆمەککردن و دەستەبەرکردنی ئەو هۆکارانەیە کە لەبواری چالاکییە ئابوریيە جۆربەجۆرەکان پێویستی بە دراوی هەنووکەیی یاخود ئەو شتانەی لەجیاتی بۆ ئاڵوگۆڕکردن بەکار دێ.

کردارەکانی متمانەکردن لە ڕێگای یاسا جیاجیاکاندا پیادە دەکرێت، وەك قەرزو داشکاندن و پێشینە و فرۆشتنی دواخراو و کرێ — و گرنگترین شمەك کە بابەتی متمانەپێکردن بێت دراوە، چونکە ڕێگە بە تاکەکان دەدات بۆ بەدەستهێنانی گشت شمەك و خزمەتگوزارییەکانی تر. ئەم شێوە یاساییەی کە متمانەکردن بەزۆر جار وەریدەگرێت بریتییە لە (قەرزی دراو) و بنەمای سەرەکی متمانەکردن بوونی متمانەیە لە نێوان قەرزدەرو قەرزوەرگر واتا متمانەکردن بە توانستی قەرزوەرگر لە دانی سوودەکەو دانەوەی قەرزەکە لەکات و ساتی خۆیدا لە متمانە پێکردندا پێویستە ماوەیەك لە نێوان پێدان و وەرگرتنەوە واتا قەرزو دانەوەیدا هەبێت.

ئامرازەکانی متمانەکردن ئەمانەن:

١- کاغەزە بازرگانیەکان وەکو کۆمپیالەو چەك و قەباڵەی ڕێپێدراو - بریتییە لەو کاغەزانەی کە دەتوانرێ بگۆڕدرێنەوە کە بۆ کردارەکانی متمانەی کورت خایەن بەکاردەهێندرێت.

٢- کاغەزەکانی بنکنۆت

٣- کاغەزە داراییەکان - پشك - قەباڵەکان

جۆرەکانی متمانە بانکییەکان:

مەبەست لە متمانەو ڕۆڵی لە ژیانی ئابووریدا بەگوێرەی سروشت و فەلسەفەی سیستەمی ئابووری کە لە کۆمەڵگادا هەیە دەگۆڕێت، هەروەها ئاستی گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئابووری، بۆیە جۆرەکانی متمانەکردن بەپێی مەبەست و ئەرکە داواکراوەکەی متمانە پێکردن جیاوازن و ئەم پۆلینکردنە هەرچۆنێك بە چ شێوازێك دابەشکرابن ئەوا ناکرێ لێك جیابکرێنەوە، وا تێبینی دەکرێ کە جۆرە تێکەڵکردنێك لەنێوان ئەم جۆرە متمانانەدا هەبێت. وا لەخوارەوە جۆرەکانی متمانەکردن بەپێی مەبەست و ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدات پۆلێن کراوە.

یەکەم - متمانەکردن بە پێی چالاکی ئابووری:

ئەم جۆرە پۆلێن کردنە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

١- متمانەکردنی بازرگانی:

مەبەست لەم متمانەکردنە ئەوەیە کە بە شێوەی قەرز و ئاسانکاری بانکی دەدرێنە مامەڵەکارەکان بۆ ئەنجامدانی کردارەکانی کڕین و فرۆشتن و بازارگێری و ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی ناوەخۆ و دەرەکی جا حکومی بێت یان پرۆژەکان یان تاکەکان، ئەمجۆرە متمانەکردنە کورت خایەنن.

٢- متمانەکردنی بەکاربردن:

ئەم متمانەیە کە تاکەکان بۆ پارەدارکردنی خەرجیەکانی بەکاربردن دەستیان دەکەوێ، بە تایبەتی بۆ پارەدارکردنی شمەکە تەمەن درێژەکان، ئەم جۆرە متمانەکردنە دەدرێنە خاوەن شوێنە بازرگانیەکان و کۆمەڵەکانی پێشینەو بەکاربردن.

٣- متمانەکردنی وەبەرهێنان:

مەبەست لەم قەرز و ئاسانکاریانەیە کە دەبەخشرێنە پرۆژە دام و دەزگا بەرهەم هێنەکان بۆ پارەدارکردنیان تا پێداویستییە وەبەرهێنەکانیان پڕبکاتەوە، زۆربەی کاتیش ئەم جۆرە متمانەیە درێژ خایەنن.

دوودم – متمانەكردن بە پێی ماوە.

سێ جۆرە متمانەكردن لەخۆ دەگرێت.

١-متمانەكردن بانكی ماوە درێژ:

زۆر جـاران ئـەو پرۆژانـەی پێویـستیان بـە پـارەداركردنی سـەرمایە چەسپاوەكانیان هەیە، پێویستی بەمجۆرە متمانەكیە دەبێت، بۆیە ماوەكەی لە(٥) سالّ زیاترەو دەگاتە(٢٥) سالّ و (٣٠) سالّ.

٢-متمانەكردنی ماوە مامناوەندی:

ئەم جۆرە متمانە دەدرێنە ئەم پرۆژانەی كە پێویستیان بە سـەرمایە هەیـە بـۆ نوێكردنـەوەو تازەكردنـەوەی ئـەو شـتانەی هەیـەتی، هـەروەها ئەمجۆرە متمانەكردنی بـەكاربرەكیش دەگرێتـەوە كـە پێشكەش بەتاكـەكان دەكرێت بۆ بەدەستهێنانی شمەكە تەمەن درێژەكان، بۆیە ماوەكەی لەساڵێك زیاترە و لە (٥) پێنج سالّ كەمترە.

٣-متمانەكردنی ماوە كورت:

ئەم جـۆرە متمانەیـە تاكـەكان و پرۆژەكـان بـۆ پـارەداركردنی كـردارە جیاجیاكانیـان بـە دەسـتی دەهێنـت و بـۆ ماوەیـەكی كورتـە كـە لـە سـاڵێك كەمترە (سێ، یان شەش یان (٩) نۆ مانگ بگرە تا (١٢) دوانزە مانگ).

سێیەم – متمانەكردن بە پێی جۆری بیمەكردن (ضمان):

مەبەست لەم متمانە پێكردنەیە كـە لایەنـە جیاجیاكـان و بـەهۆی ئـەم بیمەیـەی دەیبەخـشنە ئـەم لایەنـەی متمانەكـەیان پـێ دەدات و ئـەم چـەند جۆرەی هەیە:

١-متمانەی کەسێتی :

ئەم متمانەیە کە دەدرێتە قەرز وەرگرەکان بەبێ ئەوەی بیمەیەکی (بینراو) پێشکەش بکەن، تەنها پەیمان دەدەن بۆ دانەوەی قەرزەکە لە کاتی خۆیدا. بانکەکان و لایەنە قەرزدەرەکان پشت بەم پەیمانانە دەبەستن لە میانەی زانینی پلەو شوێنی قەرزدارەکان لە بازاڕدا.

٢-متمانەکردنی بینراو:

لەم جۆرە متمانەیەدا قەرزدارەکان بیمەی جۆراوجۆری بینراو پێشکەش دەکەن ئەگەر قەرزدارەکە بۆی نەڕەخسا ئەوەی لە ئەستۆیەتی بداتەوە، ئەوا بانکەکان هەڵوێستی یاسایی دەگرێتەبەر پەنا بۆ ئەو(بیمانە) دەبات کەلەلایەن قەرزدارەکان دراوەن.

چواردم – متمانەکردن بە پێی لایەنی داواکار:

ئەم جۆرە متمانەکردنە خۆی لەمانەدا دەنوێنێت.

١- متمانەکردنی گشتی.

بەو متمانەیە دەگوترێ کە دەبەخشرێتە دەوڵەت یان حکومەت یاخود دامەزراوە داراییەکانی دەوڵەت.

٢- متمانەکردنی تایبەت.

ئەم متمانەیەیە کە دەدرێتە تاکەکان و دەستەکان و کۆمپانیا تایبەتە ناحکومییەکان.

مەبەستەکانی متمانەکردنی بانکی:

متمانەکردنی بانکی رۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی ئابووری هاوچەرخدا ئەم گرنگیەش لە کاتێکدایە کە رۆڵ دەبینێت لەچارەسەرکردنی ئاڵوگۆڕکراوەکانی بازرگانی ناوەخۆو دەرەوەدا، پوختەی مەبەستەکانی متمانەکردنی بانکی ئەمانەی خوارەوەن:

١- پارەدارکردنی بەرهەمهێنان:

دەکرێ بەرهەم هێنەرەکان متمانەکردن بە دەست بهێنن لە رێگای دەرکردنی قەباڵە و فرۆشتنی بە پرۆژە و تاکەکان، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی قەبارەی پاشکەوتەکان لەلایەن ئەو کڕیارانەی قەباڵەکان دەکڕن، بەمەش ئەم دامەزراوە متمانەپێکردنانە رۆڵی نێوەندکار دەبینێت لە نێوان پاشەکەوتکەران و وەبەرهێنەرەکاندا ئەم نێوەندکاریە یارمەتی ئاسانکاری و خێرایی و زێدەبوونی قەبارەی وەبەرهێنان و بەرهەم دەدات لە ئابووریدا، سەرەڕای ئەمەش بانکەکان هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی قەرزەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ وەبەرهێنەرەکان لە سپاردە پاشکەوت کراوەکان کە هەیەتی.

٢- پارەدارکردنی کردنی بەکاربردن:

مەبەست لە ئەرکی پارەدارکردنی بەکاربردن ئەوەیە کە بەکاربەران شمەکی بەکاربردنی هەنووکەییان بە پارەدانی دواتر دەست دەکەوێ، ئەم جۆرە متمانەیە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بەکاربەرەکان شمەکی بەکاربردنیان دەستکەوێ، هەروەها لە بەگوڕخستنی لایەنی خواستنەکان لەسەر شمەك وخزمەتگوزاریەکان و دواتر بەشداربوونی لە زیادەکردنی پانتایی بازاڕ و زیادکردنی قەبارەی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان.

چارەسەری ئاڵوگۆڕەکان :

ئەنجامدانی ئەرکی چارەسەری ئاڵوگۆڕکردن و پاکانەکردن لەلایەن متمانەکردنەوە، گرنگیەکەی لە میانەی پێك هاتووەکانی خستنەرووی دراودا یان بڕی ئامرازەکانی پێدان لە کۆمەڵگادا دەردەکەوێت. وزیادبوونی گرنگی ڕێژەیی بۆ دراوە سپاردەکان لە کۆی پێکهاتووەکانی خستنەڕووی متمانەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە چارەسەری ئاڵوگۆڕەکان و راوێژچوونی قەرزداران لە نێوان لایەنەجیاجیاکاندا هەڵسان بانکەکانی بازرگانی بە دروستکردنی سپاردەکان و بەکارهێنانی ئامرازەکانی تری متمانەکردن لە کاغەزە داراییەکان و کۆمپیاڵەکان یارمەتی زۆری داوە لە ئاسانکاری کرداری ئاڵوگۆڕکردن و فرەوانبوونی قەبارەکەی دا.

پرسیارەکانی بەشی پێنجەم

پ ١ - ئەم زاراوانە پێناسە بکە: متمانە - بانکی بازرگانی.

پ ٢ - وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرە:

١. باس لە جۆرەکانی بانك بکە.

٢. ئەو پێوەرانە چین بۆ دروستبوونی متمانە لە بانکی بازرگانی؟

٣. ئەو لایەنانە چین کە بانکی بازرگانی متمانەیان پێدەدا؟

٤. ئەو گریمانە چین کە بانکی بازرگانی پەیرەو دەکات بۆ دروستکردنی دراوی سپاردن.

٥. باس لەو هۆکارانە بکە کە قەبارەی سپاردە پێکهاتووەکان لە لایەن بانکی بازرگانی دیاری دەکرێ.

٦. چ جۆرە پەیوەندیەك هەیە لە نێوان متمانەی نوێ (سپاردە پێکهاتووەکان) وئامرازە چەندایەتیەکان؟

٧. ئەو کۆمەڵە ڕاوبۆچونانەی سەبارەت بە چەمکی بانکی ناوەندی هەیە دیاری بکە.

٨. باسی ئەرکەکانی بانکی ناوەندی بکە.

٩. جۆرەکانی بانکی پسپۆر (تایبەتمەند) چین ؟

١٠. ئامرازەکانی متمانەکردن بژمێرە.

١١. جۆرەکانی متمانەی بانکی چین؟

١٢. باسی متمانەکردن بەپێی چالاکی ئابووری بکە.

١٣. باس لە متمانەکردن بەپێی ماوە و کاتەکان بکە.

١٤. باس لە متمانەکردن بەپێی جۆری بیمەکردن.

١٥. باس لە متمانەکردن بکە بەپێی لایەنی داواکار.

١٦. مەبەستەکانی متمانەی بانکی ڕوون بکەوە.

١٧. باس لە بیرۆکەی دروستکردنی دراوی سپاردە بکە.

پ ٣ - ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕاست (✓) یا چەوت (X):

١. توانای بانك بۆ دروستکردنی سپاردەکان پشت بە ڕێژەی یەدەگ دەبەستێ.

٢. توانای بانك بۆ لە (دووهەندکردن : مضاعفة) سپاردەی دروستکراوەکان پێچەوانەیە لەگەڵ ڕێژەی یەدەگ.

٣.سەرجەم بودجەی بانکی بازرگانی یەکسانە بە هەڵگەڕاوی (مقلوب) ڕێژەی یەدەگ.

٤.بانکە ناوەندییەکان لە میانەی کۆمەڵێک لەئامرازەکانی چەندایەتی وچۆنیایەتیەکاندا پیادەی سیاسەتەکانی دەکات (**الادوات الكمية والنوعية**).

سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم

١. احمد حسين علي الهيتي، اقتصاديات النقود و المصارف، جامعة الموصل، دار ابن الاثير للطباعة والنشر، الموصل، ٢٠٠٥.

٢. جمال خريس و ايمن ابو خضير و عماد خصاونة، النقود و البنوك، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع والطباعة، عمان، ٢٠٠٢.

٣. د. عوض فاضل اسماعيل الدليمي، النقود والبنوك، جامعة بغداد، مطابع دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٩٠.

٤. د. محمود يونس و د. عبدالنعيم مبارك، اقتصاديات النقود والصيرفة، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، ١٩٨٢.

٥. د. ناظم محمد نوري الشمري، النقود والمصارف، جامعة الموصل، مديرية دار الكتاب للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٨٨.

٦. د. صبحي تادرس قريصة، النقود و البنوك، دار الجامعات المصرية، الاسكندرية، ١٩٨٨.

٧. د. عبدالمنعم السيد علي، اقتصادات النقود والمصارف، الجزء الاول، الطبعة الاولى، الجامعة المستنصرية، مطبعة الديواني، بغداد، ١٩٨٦.

٨. د. محمد احمد الرزاز، محاضرات في النقود و البنوك، دار الحمامي للطباعة، القاهرة، ١٩٧٤.

٩. د. كامل البكري، الاقتصاد التجميعي، مؤسسة شباب الجامعة للطباعة والنشر، الاسكندرية، ١٩٨٥.

١٠. د. اكرم حداد و مشهور هذلول، النقود و المصارف : مدخل تحليلي و نظري، دار وائل للنشر، عمان، ٢٠٠٥.

١١. د. أحمد حسين الرفاعي و د. خالد واصف الوزني، مبادىء الاقتصاد الكلي بين النظري و التطبيق، الطبعة الثانية، وائل للطباعة و النشر، عمان، ١٩٩٧.

بەشی شەشەم

بێکاری

UNEMPLOYMENT

بێکاری وەکو دیاردەیەك لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە تاکو ئێستا هەبوە وهیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤی کەم تا زۆر بێ ئەم دیاردەیە نەبووە،لە سیستەمی ئابووری سەردەم وا دەردەکەوێت کە خولی ئابووری چالاک بەبێ دیاردەی بێکاری روونادات، ئەم حاڵەتەش بەسەر ئابووری ناوخۆو نەتەوەییەوە رەنگ دەداتەوە، لە بوارەکانی گەشەکردن و بوژانەوەو پەرەپێدان، کە دەبێتە هۆی دابینکردنی هەلی کاری جۆراوجۆر و دواتریش کەمبوونەوەی رێژەی بێکاران لەناو کۆمەڵگادا، بەمجۆرە خولی ئابووری رۆڵی سەرەکی لە پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگا شارستانیەکان و چالاکی لە بازاڕی کاردا دەبینێت، چونکە بێکاری بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی کاتدا بەو بارگۆڕانە ئابوورییانەی دەوڵەت دەبەسترێتەوە، کاتێك بێکاری دەردەکەوێت کەرێژەکەی لەگەڵ زیادبوونی رێژەی داکشانەوەی ئابووری، هاوکات لەگەڵ روودانی قەیرانی ئابووری کاتی کە بە هۆکاری ناوخۆیی روودەدات لە ئاکامی کارو کردەوەی کار یاخود خراپی پەیوەندی نێوان پرۆگرامەکانی خوێندن و بازاڕی کار یاخود بە هۆی هۆکارو فشاری دەرەکی پەیوەستە بە سیستەمی ئابووری نێو دەوڵەتی.

بێکاری بە یەکێك لە دیارترین گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی تاك و حکومەت دادەنرێ کە کێشەو گرفتی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، ئەمەش لە ئاکامی ئەو کاریگەریە خراپانەی کە لەسەر سیستەمی ئابووری

وسیستەمی کۆمەڵایەتی دروستی دەکات، بۆیە زۆربەی وڵاتان لە جیهانی هاوچەرخ بە بەردەوامی هەوڵی لێکۆڵینەوە لەسەر بێکاری و هۆکار ودەرئەنجامەکانی لەسەر کۆمەڵگاکانیان بەدیار دەخەن ولەگەڵ سەرجەم دانیشتوان بەراورد بکەن، دەیانەوێت ژمارەی بێکاران و کێشەی بێکاری کەلە نەبوونی هەڵی کاری گونجاو دەکەوێتەوە چارەسەر بکەن.

بێکاری لە گرنگترین ئەو کێشانەیە کە (سیاسەتمەدارو بڕیاربە دەستدان)ی سەرقاڵ کردووە و هەوڵی دانانی پلان و پرۆگرامی داڕێژراون بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاران و کەمکردنەوەیان لەناو کۆمەڵگادا، ئەم گرنگیدانە زۆرەش لەو ڕوانگەیەوە دێت کە دیاردەی بێکاری خۆی لە خۆیدا گرنگە و شوێنەواری گەورەی لێدەکەوێتەوە بە تایبەتی لەسەر ژێرخانی کۆمەڵایەتی.

بۆ گەیشتن بە چەمکێکی وردی بێکاری پێویستە ئاماژە بەم دەستەواژانەی خوارەوە بکەین، کە یارمەتیمان دەدات بۆ داڕشتنەوەی پێناسەیەکی ئاشکراو ڕوونی بێکاری:

کار: Labour

کار لە بنەما گرنگەکانی بەرهەمهێنانە (رەنگە لە گرنگترینیان بێت) ئەو داهاتەی لە ئاکامی کارەکەوە دەست دەکەوێت بەشی هەرە زۆری داهاتی نەتەوە پێك دێنێ، کار بریتییە لە خستنەڕووی دەرامەتە مرۆییەکان لە هەردوو بواری جەستەیی و (physical) وهزرییەوە (mental) ئەم خستنەڕووەش پشت بە دوو هۆکار(فاکتەر) دەبەستێت کە ئەمانەن:

١- هێزی کاری کۆمەڵایەتی بەردەست، بە واتا دانیشتوان جگە لەو توێژو گروپەی کە کار ناکەن.

٢- ژمارەی کاتژمێرەکانی کاری هەفتانەی دانیشتوان کە ئامادەیە ئەنجامی بدات.

کار بەوە پێناسە دەکرێت، (توانایەکی جەستەیی و بیریە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە بواری چالاکی ئابووری و پشەیی لە پێناو بەدەستهێنانی سودێك واتە بە دەستهێنانی پاداشتێك).

کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر هەیە کەکاریگەری لەسەر توانای کاری هەیە لەوانە:

١. تەندروستی گشتی هێزی کار.
٢. رۆشنبیری گشتی و ئەو پێشینە زانیاریەی کە هێزی کار هەیەتی.
٣. ئەو پاداشتەی لەبەرامبەر کار پێشکەش دەکرێ.
٤. مەشقکردن.

هێزی کار: Manpower

ئەو هێزەیە کە مرۆڤ لەسەر کار هەیەتی، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك توانای ماددی و هزری تەواو لە لەشی مرۆڤدا ولە کەسایەتی زیندووی، کەلە رێگایەوە دەتوانێت توانای مادی (شمەك و کارگوزاری) بەرهەم بهێنێت.

هێزی کار دامەزرێنەرو جولێنەری هۆیەکانی بەرهەمهێنانە، لەگەڵ پێشکەوتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لە مرۆڤدا توانای زیاتر بۆ کارکردن دروست دەبێت، کار توانای مرۆڤە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ودابینکردنی پێداویستی ولەئەنجامدا بەشداریکردن لە دروستکردنی خۆشگوزەرانی گشتی بۆ کۆمەڵگە.

بەڵام هێزی کارکەر (labor force) ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەتوانای کارکردنیان هەیە ویە کاری بەرهەمهێنی هەڵدەستن ولە بری ئەم کارەشیان کرێیەکی نەختینە یان زیندەماڵی وەردەگرن، ئەم حالەتە ئەو بێکارانەش دەگرێتەوە کە (حەزو ئارەزووی کاری یان هەیە، بەڵام دەستیان ناکەوێت).

بە دەستەواژەیەکی تر ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە کۆی دانیشتوان کە هێزی کاری ناو کۆمەڵگا پێك دەهێنن (سەرجەم ئەو هێزەیە لە هەر قۆناغێکی زەمەنی دەخرێتە روو) واتە ئەو بەشەی دانیشتووانە کە توانای وئارەزووی کارکردنیان هەیە.

کارپێدانی تەواوەتی: Full Employment

ئەو حالەتەیە کە تێیدا ئابووری نەتەوەیی دەگاتە توانای بەگەڕخستنی سەرجەم تاکەکانی هێزی کارکردن کە بەدوای کاردا دەگەڕێن و توانای کاریان هەیە بەو نرخە ئاساییە پەیڕەوکراوە هاوشان لەگەڵ کارپێدانی تەواوەتی بێکارییەکی لاوەکی پەیدا دەبێت، چونکە کارپێدانی تەواوەتی بە شێوەیەکی کەم لە هەموو سیستەمە ئابوورییە جۆر بە جۆرەکان بەرچاو دەکەوێ، بەو پێیەی کارپێدانی تەواو بریتییە: (لەو ئاستەی کە بەکارهێنان کۆتایی بە باروذۆخی بێکاری زۆرەملی دەهێنێ، ئەم ئاستەش لەیەکەمجاردا وەکو ئەوە وایە:(ڕێژەیەکی دیاریکراو لەکارکردن کە دەتوانرێ لەگەڵ کاتژمێری کارکردنەوە ئەژماربکرێت گەر زانیاری تەواو و تایبەت بەخستنە ڕوو و خواستن لە بازاڕی کارکردن هەبوو).

بێكاری: Unemployment

دیاردەیەكە لەوەدا دەردەكەوێت ئەو كەسانەی كە لە تەمەنی كاركردندان ناتوانن بەشداری لە چالاكی ئابووری بكەن لە كات و رۆژگارێكی دیاریكراو لە ئاكامی هۆكاری بەدەر لەویست و خواستی ئەوان، گەرچی توانای كاركردن و ویستی بەدەستهێنانی كاریان هەیەو بە بەردەوام بەدوایدا دەگەڕێن.

بەشێوەیەكی گشتی بێكاری نیشانەیەكە بۆ بوونی جیاوازی لە نێوان بڕی خستنەرووی كار وبڕی كاری بەگەڕخراو، لە ناو چالاكیە ئابوورییەكان لە ئاست رێژەی كرێ و بارودۆخی ئەوكارەی لە بازاڕدا هەیە و تێكڕای بێكاریش جیاوازە لە نێوان پیشە و چالاكیە ئابوورییە جۆراوجۆرەكان، هەروەها لەنێوان ناوچەی جوگرافی و توێژەكان و تەمەنە جیاوازەكان.

تێكڕای بێكاریش: كە بە نیشانەیەكی ئابووری سەرەكی دادەنرێ بۆ توانای ئابووری، ئەو ئابووریەی كە دووچاری بێكاری بەرزو بەردەوام بووە دووچاری بەفیڕۆچوونی دەرامەتەكانی بەرهەمهێنان دەبێت، ئاستی بەرهەمهێنانیش نزمترە لە ئاستی دەرامەتەكانی بەرهەمهێنان، لەسەر ئەم بنەمایە دانیشتووان بە پێی ئامارەكان دابەش دەبێ بەسەر چوار كۆمەڵە(گروپدا):

١- ئەو كەسانەی كە لە ناو هەندێك جۆری كار لەكاتی ئەنجامدانی سەرژمێری.

٢- ئەو كەسانەی داوای ئیش دەكەن، بەڵام بەدوایدا ناگەڕێن، چونكە وادەزانن كاریان دەست ناكەوێ.

٣–ئەو کەسانەی داوای کار دەکەن و بە دوایدا دەگەڕێن، بەڵام ئەو کارەیان دەست نەکەوتووە کە داوای دەکەن.

٤–ئەو کەسانەی لە دەرەوەی هێزی کارن و داوای کاریش ناکەن.

کاتێکیش بێکاری بەتێکرای بێکاری دەپێورێت، بریتییە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کارناکەن لەسەر سەرجەمی هێزی کار وەك بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

$$\text{ڕێژەی بێکاری} = \frac{\text{ژمارەی بێکاران}}{\text{سەرجەم هێزی کار}} \times ١٠٠$$

هۆکارەکانی بێکاری: The Causes Of Unemployment

دەتوانین هۆکارەکانی بێکاری بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە بگەڕێنینەوە:

یەکەم - هۆکارە ناوخۆییەکان:

بێکاری لەئابووری هەر وڵاتێك بێت دەکەوێتەژێر کاریگەری ئەم هۆکارانە جا چ لەلایەنی خواستەوە بێت یاخود لە لایەنی خستنە ڕووەوە:

١– بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتووان بە تایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو.

٢– زیادبوونی دەرچووان لە بواری خوێندن لە سەرجەم پسپۆڕایەتییە زانستییەکان.

٣- لێشاوی هاتنی کرێکارانی دەرەکی جا کرێکارانی هاتوو بێ یاخود کرێکارانی کۆچبەر یاخود ئەو کرێکارانەی کە لە ناوخۆدا کۆچ دەکەن لە ئاکامی هۆکاری (ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی... هتد).

٤- بێ توانای ئابووری ناوخۆ لە پێکهێنانی کەڵەکەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژە ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆدا، لەسەرجەم بوارەکانی (بونیادنان و فراوانکردن و پێشخستن)

دووەم : هۆکارە دەرەکییەکانی بێکاری بریتییە لە :

١ – بارودۆخی ئابووری جیهانی کە دووچاری بارگۆڕانی ئابووری ناوبەناو بە تایبەت وەستاوی و داکشانەوەی ئابووری دەبێت، بەتایبەتیش ئابووری وڵاتانی پێشکەوتوو، کە رۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر ئابووری وڵاتانی تر هەیە).

٢ – کاریگەری رووداو و کارەساتە جیهانییەکان کە لە سەرجەم ئابوورییە جۆربەجۆرەکان روودەدات و دەبێتە هۆی تەنگژەی ئابووری جیهانی و کار لە زیادبوونی رێژەی بێکاری و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی وزە دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچوونی بەرهەم و کەمبوونەوەی بەکارهێنانیان.

جۆرەکانی بێکاری: Types of Unemployment

بێکاری چەندین جۆر لەخۆ دەگرێت بەهۆی هۆکارەکانییەوە، ئەمەش وا دەکات چەندین رێوشوێنی بۆ رووبەڕووبوونەوەی بگرینەبەر، دەکرێت جیاوازی لە نێوان دوو جۆری سەرەکی بێکاری بکەین، لە ناو هەر یەکێکیشیان چەند جۆرێکی جیاوازی تر هەیە ئەویش:

یەکەم: بێکاری ئاشکرا (دیار) کە دابەش دەبێ بۆ:

(١) بێکاری زۆرەملێ وەك بێکاری نەگونجان (رێك نەکەوتن) و پەیکەربەندی و ناو بەناو و وەرزی.

(٢) بێکاری ئارەزوومەندانە.

دووەم : بێکاری شاراوە (نادیار)

وا لەخوارەوە بە وردی لێیان دەدوێین:

١- بێکاری زۆرەملێ: کە چوار جۆرە:

أ- بێکاری نەگونجان (بەریەك کەوتن):

واتە کەسانێك توانای کارکردنیان هەیە بۆیە بەدوای کارێکی گونجاو یان باشتر دەگەڕێن ئەمەش لەکاتێکدایە کەوا کاری ئەوتۆ هەیە کە لەگەڵ تواناو شارەزایی و تەمەنیان دەگونجێت، کەچی ئەو کارانەیان دەست نەکەوتووە، لەبەر ئەوەی نەیان زانیوە کە ئەم کارانە هەیە و لە کوێیە لە هەمان کاتیشدا خاوەن کارەکانیش هەوڵ دەدەن کرێکاری تر بدۆزنەوە بۆ ئەوەی جێگای ئەو کرێکارانەیان بۆ بگرنەوە کە خەریکە تەمەنیان بەسەردەچێ و خانەنشین دەبن یاخود بەهۆی فراوانبوونی دەزگاو کارگەکانیان پێویستیان بە کرێکاری تر هەیە.

ب- بێکاری پەیکەربەندی (ژێرخان):

بەشێك لەو کرێکارە نەشارەزاو ناکارامەنە دەگرێتەوە کە ناتوانن کار بکەن لە پیشەسازی و کشتوکاڵی تازە و پێشکەوتوو بەهۆی پێشکەوتنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و رانەهێنانی ئەم کرێکارانە، واتە نەگونجانی تواناکانی ئەو کرێکارانە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو بازاڕی کارە، ئەم جۆرە بێکارییە زۆر

دەخایەنێ بۆ کرێکارەکە تا خۆی رادەهێنێ لەسەر ئەو پێشکەوتنانەی بەسەر ئەم بوارانە داهاتن.

هەر لەنێو ئەم جۆرە بێکارییە ئەم دەرچووانە دەگرێتەوە کە ژمارەیان زۆر زیاترە لە پێداویستی بەو پسپۆریانە وەك ژمارە زۆرەی دەرچووان (لە ئەندازیاران، پزیشکان، مامۆستایان، ژمێریاران) کە زۆر زیاترە لە پێداویستی بازاڕ واتە پەیکەربەند و ژێرخانی ئابووری ناتوانێ ئەو ژمارە زۆرە لەخۆ بگرێ.

ئەم جۆرە بێکارییە زیاتر لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەرچاو دەکەوێت، چونکە زیادەیەکی زۆری دەستی کاری ناشارەزا و هونەری کەڵەکە بووە کە لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕدا ناگونجێت، ئەمجۆرە بێکارییە لە ئەنجامی نەبوونی بنەماکانی دیکەی بەرهەمهێنان دروست دەبێ کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان پێویستە.

دوو رەهەندی جیاواز هەیە لەسەر ئەم جۆرە بێکارییە:

١- نەگونجان لە نێوان توانای بێکاران و ئەو شارەزاییەی هەیانە لەگەڵ ئەو پێداویستییەی کە هەلی کار دەیەوێ.

٢- نەگونجان لەنێوان ئەو شوێنەی کاری تێدایە و ئەو شوێنەش کە بێکار دەیەوێ کاری لێبکات.

ج- بێکاری ناو بە ناو: Cyclical Unemployment

بێکاری ناو بە ناو بە بێکارییەکی زۆرەملێ دادەنرێت و بەستراوەتەوە بە هەڵکشان و داکشانی چالاکی ئابووری کە بە بارگۆڕان ناودەبرێت (Trade Cycle) کە لەکاتی وەستاوی و داکشانەوە دەردەکەوێت، چونکە خواستی هەمووەکی لە سەر شمەك و خزمەتگوزارییەکان کەم دەبێتەوە، خاوەن

کارەکـان هەڵدەسـتن بەدەسـت هـەلگرتن لـە بەشـێك لـە کرێکارەکـان، ئابووریناسان و بەرپرسە دەسەڵاتدارەکان بایەخێکی زۆر بەمجۆرە بێکارییـە دەدەن، ئەمـەش لـە ئاکـامی ئـەو مەترسـیە زۆرەی کـە لێـی دەکەوێتـەوە. هەوڵیش دەدەن توانای بەرهەمهێنان دانەبەزێتە خوارەوە، هاوکات هەوڵی بە دیهێنانی ئاستێکی گونجاو دەدرێت لە چالاکیە ئابوورییـەکان، کـە وادەکات ئەمجۆرە بێکارییە دەرنەکەوێت و کاریگەرییە خراپەکانی کـەمتر بێت کـەمتر کاریگەری هەبێت.

هـەر چـەند ئـابووری وڵاتـانی تـازە پێگەیـشتوو زیـاتر پـێش بکـەوێ و پەیکـەری ئـابووری جۆراوجـۆرتر بـێ، ئـەوا کاریگەرییـە بارگۆڕانەکـە کـەمتر دەبێت لە سەرئابووریەکانی دیکە و بە پێچەوانەشەوە راستە.

د- بێکاری وەرزی: Seasonal Unemployment

لـە ئاکـامی کەمبوونـەوەی خواسـت لەسـەر کرێکـاران روودەدات، بـە واتایەکی تر زیادبوونی خستنەرووی کـار لـە وەرزێکـی دیـاریکراودا. لەوانەیـە وەرزەکانی ساڵ یاخود وەرزێکی تر، کە وا دەکـات کـاتێکی دیـاریکراوی لـەو ساڵەدا بێکاری زۆربێت، بۆ نموونە لە زستاندا کرێکـارانی خـانوو و بیناسـازی یاخود لە زستاندا کارمەندانی بواری گەشتوگوزار بێکار دەمێننەوەو کەچی لە وەرزێك کە ئاووهـەوا لـەبار بێـت واتـە کەشـێکی دیـاریکراو و گونجـاو یـاخود ئاینی بێـت، ئـەو کاتانـەی گەشـتیاران نـەبێت کاریـان لـە دەسـت دەچـێت، ئەمجۆرە بێکارییە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا زیاتر بڵاو دەبێتەوە کە چڕی دانیـشتووانیان زۆرە و بەرێژەیـەکی گـەورە پـشت بـە چـالاکی کـشتوکاڵی دەبەسـتن، چـونکە پێویـستی بـە برێکـی کـەمی سـەرمایە وئاسـتێکی کـەمی

شارەزایی و تەکنیکی هەیە، زیادبوونی کارمەند و کرێکار لەم کەرتەدا دەبێتە هۆی زیادبوونی داواکاری لە سەر کرێکار لە وەرزەکانی کشتوکاڵ یاخود درۆینە لە نێوان ئەو دوو ماوەیەشدا بەشێکی زۆری کرێکاران بێکار دەبن.

٢- بێکاری ناڕەزوومەندانە : Voluntary Unemployment

ئەمجۆرە بێکارییە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە توانای کاریان هەیە، بەڵام بە هۆی نزمی کرێکانیان ئامادەنین لەو بوارانەدا کار بکەن، بۆ نموونە ئەو کەسانەی داوای کرێیەکی زۆر دەکەن یاخود هەندێ لە سواڵکەرەکان پارەی کەم وەرناگرن یاخود ئەو کەسانەی پێشتر کارێکیان کردووە و مووچەکەی زیاتر بووە لەو کارەی کە ئێستا دەستی دەکەوێت، ئەمجۆرە بێکارییەش ناچێتە چوارچێوەی (هێزی کار لە ناو کۆمەڵگە).

دووەم/ بێکاری شاراوە (نادیار- ژێر پەردە): Unemployment Disguised

پێی دەوترێت شاراوە یاخود ژێر پەردە، چونکە نادیارە، ئەو کرێکارانە دەگرێتەوە کە لە ئاستێکی نزمی بەرهەمهێنان کار دەکەن، بگرە بەرادەیەك ئاستی بەرهەمهێنانیان (سفر)ە، واتە کرێکاران بەکەمتر لە توانای بەرهەمهێنانی خۆیان کاردەکەن، زۆرجاریش ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران لە کەرتێکدا کار دەکەن بێ ئەوەی زێدە ڕێژەیەك بخەنە سەر بەرهەمەکە لەو کەرتەدا، خاوەنی بەرهەمێکی ڕاستەقینەیی نین، سەرجەمی بەرهەمهێنانیان سفرە و زۆربەی جاریش سالبە، دوو لێکدانەوە بۆ ئەمجۆرەی بێکاریی هەیە:

١) ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کار دەکەن، بەڵام بە هەموو تواناکەیانەوە نییە، یاخود لە بواری وادا کاردەکەن کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی زۆر کەمترە بە بەراورد بەکاری تر.

٢) ئـەو کەسـانە دەگرێتـەوە کـە لـەو کارانـەدا کـار دەکـەن کـە ڕێـژەی بەرهەمهێنانی سنوورداری (**الانتاجية الحدية**) زۆر کەمـە یـاخود هـەر نییـە یان سالبیە، ئەم بۆچوونەش زیاتر بڵاوە.

ئـەمجۆرە بێکارییـە زیـاتر لـەبوارەکانی کشتوکاڵی سـەرەتایی یـاخود کارەکانی کەرتی گشتی حکومەت بەدیار دەکەوێت، واتـە ژمـارەی کرێکـاران لە یەکەیەکی بەرهەمهێنان زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی کە پێویستی پێیە، واتـە کێڵگەیەك دەکرێت بە دوو کرێکار بـەڕێوە بـچێت کەچـی پێـنج کرێکـار کـاری تێدا دەکات، ئەم شێوازەش لە کشتوکاڵی سەرەتایی ڕوونتر دیارە بۆ نموونـە خێزانێکی (دە) کەسی کە چواریان توانـای کاریـان هەیـە لـە زەوییەکـەدا لـە ماوەیـەکی دیـاریکراوی سـاڵ کـار دەکـەن، کاتێـك کاتـەکانی کارکردنیـان دەژمێردرێت بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر تـەنها یـەك کرێکـار ڕۆژی هەشـت کاتژمێر کار بکات ئەوا زیاتر لە سـەرجەم کاتـەکانی ئـەو چـوار کەسـە کـاری کردووە.

هاوکات فەرمانگەیەکی حکومەت کە پێنج فەرمانبەر کاری تێدا دەکات، گەربێت و کاتـژمێرەکانی ڕۆژانـە حسـاب بکرێن بـۆ نموونـە شـازدە کاتـژمێر دەردەچێت، کـە واتـە بـە ژمـاردنی کاتـەکانی کـار کـە هەشـت کاتـژمێرە لـە ڕۆژێکدا ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو فەرمانگەیە سێ کەسی زیادەیـە کـە دەچنە ناو قاڵبی بێکاری شاراوە، بەڵام نازانرێت ئەو سێ فەرمانبەرە بێکـارە کێیە، چونکە هەر پێنج فـەرمانبەرەکە بەکارکەر دادەنرێن.

ئەمجۆرە بێکارییە زیاتر لـە وڵاتـانی تـازە پێگەیشتوو سـەر هەڵدەداو تەشەنە دەکات، ئەمە لە کاتێکدا هەلی کارکردن سنووردارو کەمە، بە تایبەت لە بوارەکانی بەرهەمهێنان، ئەمەش وا دەکات کەسـەکان لـە هـەموو کارێکدا کار بکەن تەنانەت ئەگەر لە ئاستێکی نزمدا بێت و بەرهەمەکەشی کـەم بێـت، ئـــەوەی بارودۆخەکـــەی ئـــاڵۆزتر کـــردووە، نزمـــی ئاســـتی فێرکـــردن و بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەستی کاری نا شارەزا.

شوێنەوارەکانی (کاریگەری) بێکاری:

زۆرینەی ئابووریناسان لە کاتی لێکۆڵینەوەی بێکاری جەخت لەسەر کاریگەرە ئابوورییەکانی دەکەنەوە، گەرچی شوێنەواری بێکاری ڕەهەندە ئابوورییەکان تێدەپەڕێنێت و لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیشی دەگرێتەوە، بۆیە زیاتر باس لە هەر سێ شوێنەواری (ڕەهەندەی) بێکاری دەکەین:

یەکەم : شوێنەوارە ئابوورییەکان:

کار ڕەگەزێکی بەرهەمهێنانە و هەر کەموکورتییەک لەم ڕەگەزە ڕوویدات واتە لە دەستدانی بەرهەمهێنانە لە کۆمەڵگە، چونکە بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ناکات، لەلایەکی ترەوە کرێکاری دەست بەتاڵ توانای بەدەستهێنانی داهاتێکی نییە، واتە توانای بۆ کڕینی کەمە یان هەر نییەو ئەمەش کاریگەری لەسەر قەبارەی خەرجی گشتی هەیە، ئەمەش وادەکات ئاستی خواستی گشتی دادەبەزێت، کەمبوونەوەی داواکاری گشتی کاریگەری خراپی لەسەر داکشانەوەی یان بێ بزووتی ئابووری نیشتمانی هەیە، چونکە خواست پاڵنەری بەرهەمهێنانە، کەمبوونەوەی خواست و داواکاری بەرهەمهێنانیش کەم دەکاتەوە، کە لە کۆتاییدا بێکارییە کە ئاڵۆزتر و فراوانتر دەکات.

بەمشێوەییە شوێنەوارەکانی ئابووری لەسەر بێکاری ڕاستەوخۆ (نەرێنییە)، چونکە دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی داهاتەکانیان یاخود دەگاتە سەر سفر، لەم حالەتانەدا بێکارەکان پەنا بۆ خەرجکردنیئەو پارەیە دەبەن کە پێشتر پاشەکەوتیان کردووە، نزمبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی یاخود نەبوونی داهات دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی خەرجییەکان، لەئەنجامدا کار دەکاتە سەر تەندروستی تاکەکان و ڕێژەی بەرهەمهێنانیان کەم دەبێتەوە.

شوێنەوارە ئابوورییەکانی بێکاری تەنیا کار ناکاتە سەر بێکارەکە، بەڵکو کار دەکاتە سەر ئابووری وڵاتیش، چونکە لەکاتی وەستاوی و داکشانەوەی ئابووری، واتا بوونی بێکاری و وەستانی جموجوڵ و چالاکییەکانی بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتن، وادەکات تێکڕای وەبەرهێنان نزم بێتەوە، کە بەبزوێنەری سەرەکی چالاکی ئابووری دادەنرێت، لێرەدا دەکرێت شوێنەوارە خراپەکانی بێکاری کۆبکەینەوە کە لە دەرئەنجامدا تێکڕای گەشەکردنی سەرجەم بەرهەمی ناوخۆی و پەرەپێدانی ئابووری نزم دەبێتەوە.

دووەم: شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان:

بێکاری کاریگەری خراپی لەسەر باری دەروونی و کۆمەڵایەتی تاکی بێکار هەیە، هەستکردن بە دارمان و باوەڕ بەخۆ نەبوون و بگرە پابەندبوون (ئینتمابوون) بۆ ژیان لاواز دەکات، ئەم هەستە زیاتر دەبێت تاوەکو مەودای بێکارییەکە زیاتر بێت، و ئەم هەستەش کاریگەریشی لەسەر کۆمەڵگای بێکار کاریگەرییەکی کاولکارە، بە تایبەت مەسەلەی ئینتما کە هۆکارێکی بنەڕەتی لەسەر پرۆسەی پەرەپێدانی سەرتاسەری (سەرتاپاگیر) هەیە، کەسایەتی بێکار کە هەست بەوە دەکات مافی خۆیەتی لە بەدەستهێنانی کار و هەڵی باشتر زۆر زەحمەتە ڕەزامەندی لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی لە پرۆگرامی پەرەپێدان لە ناوخۆی وڵاتدا، زۆرجاریش شوێنەوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی بێکاری دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و تاوان و زیادبوونی هەڵوەشانەوەی خێزان.

دەکرێت شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی بێکاری لەم خاڵانەی خوارەوە پوخت بکرێنەوە:

١- هەستکردن بەدارمان و بۆشایی و بێزاری دەبێتە هۆی لادانی ڕەوشتی تاکەکان لەناو خێزان و کۆمەڵگە.

٢- هەستکردن بە خۆ ونکردن دەبێتە هۆی دزی و تاوان و هەڵوەشانەوەی خێزان.

٣- دڵەڕاوکێ و نائارامی لە ناو کۆمەڵگەدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی تاوان.

٤- پشێوی بارودۆخەکە، کە جێگیرنەبوونی رامیاری دەوڵەت و ئەگەری گۆڕانی حکومەتەکانی بە دوایدادێت.

پرسیارەکانی بەشی شەشەم

پ١: یەکێك لەو خاڵانەی تایبەتە بە وەڵامی پرسیارەکە هەڵبژێرە :

١. ئەو بێکاریەی لە ئاکامی گۆڕانکاری لە جۆری پێداویستی تواناکانی کرێکاران دەکەوێتەوە پێی دەڵێن:

أ – بێکاری پەیکەریەندی.

ب – بێکاری ناو بە ناو.

ج – بێکاری شاراوە.

د – بێکاری نەگونجاندن (بەریەك کەوتن)

٢. ئەو بێکاریەی لە ئاکامی کات بەفیڕۆدانی بێکاران بۆ گەڕان بە دوای کارێکدا کە لەگەڵ توانکانیاندا بگونجێت پێی دەگوترێ:

أ – بێکاری پەیکەریەند.

ب – بێکاری ناو بەناو.

ج– بێکاری شاراوە.

د – بێکاری وەرزی.

٣. ئابووری گۆڕاو بە بەردەوام:

أ – دووچاری بێکاری بەریەککەوتن و پەیکەری دەبێتەوە.

ب – تەنها دووچاری بێکاری ناو بە ناو دەبێت.

ج – نەمانی بێکاری.

د – بێکاری شاراوە نییە.

٤. زیادبوونی کاتی گەڕان نموونەیی بۆ کار:

أ – ڕێژەی بێکاری کەم دەکاتەوە.

ب – ڕێژەی بێکاری زیاد دەکات.

ج– نرخی خستنە روو کەم دەکاتەوە.

د – نرخی خستنەروو زیاد دەکات.

٥. تێکڕای بەکارخستنی یەکسانە :

أ – ژمارەی ئەو کەسانەی کار دەکەن دابەشکراوە بەسەر ژمارەی بێکاران.

ب – ژمارەی کەسە بێکارەکان دابەشکراو لە سەر ژمارەی دانیشتوانی مەدەنی.

ج – ژمارەی کەسە کرێکارەکان کە دابەشکراون لەسەر هێزی کارکردنی مەدەنی

د – ژمارەی ئەو کەسانەی کاردەکەن دابەشکراون لەسەر ژمارەی دانیشتوانی مەدەنی

پ٢: ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بە ڕاست (✓) یان هەڵە (×) وەڵام بدەرەوە:

١. زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و تاوانەکانی ڕۆژانە هۆکارەکەی بۆ بوونی کێشەی بێکاری دەگەڕێتەوە.

٢. ڕێژەی بێکاری بەم شێوەیە پێوانە دەکرێ:–

٣. بێکاری پەیکەریەندی، لە ئاکامی زیادەی هێزی کاری نا هونەری دەکەوێتەوە، کە ناکرێت لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بەکاربهێنرێت، چونکە ئەو دوو کەرتە پێویستیان بە توانایەك هەیە بگونجێت لەگەڵ شێوازی نوێی بەرهەمهێنان.

٤. نیمچە بێکاری بەو ناوە ناونراوە، چونکە بێکاریەکی تەواوە لە ناو کۆمەڵگادا.

پ٣: پێناسەی ئەم چەمکانەی خوارەوە بکە :

بێکاری بەیەك کەوتن(بەریەك کەوتن)– بێکاری شاراوە–گەڕان بەدوای کار – کار – هێزی کار – بەکارهێنانی تەواو.

پ٤: چەمکی بێکاری روون بکەرەوە، چۆن تێکڕای بێکاری دەپێورێت ؟

پ٥: بێکاری هۆکاری ناوخۆیی هەیە، ئەو هۆکارانە دیاری بکە و روونیشیان بکەوە؟

پ٦: کۆمەڵێك بێکاری هەیە کە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر جیاوازەو دەوڵەتێك بۆ دەوڵە تێکی تر دەگۆڕێت، بە شێوەیەکی درێژ جۆرەکانی بێکاری روون بکەرەوە.

پ٧: گرنگترین ئەو ڕێو شوێنانەی بژمێرە کە بۆ نەهێشتنی دیاردەی بێکاری بەکاردێت.

پ٨: وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. بێکاری کارەکاتە سەر خۆشگوزەرانی ئابووری بەزۆری لەخستنەرووی بازاڕدا تەنها لەبازاڕی کار نەبێ؟

٢. گرنگترین ئەو هۆکارانە چین کار لە توانای کارکردن دەکات؟

٣. باسی دەستەی دانیشتوان بکە بۆ کارکردن.

٤. ئەو بۆچوونانە روون بکەوە کە لەبارەی بێکاری شاراوە هەیە.

٥. باسی کاریگەری بێکاری بکە.

٦. رۆڵی سیاسەتی دارایی و نەختینەکی لە چارەسەرکردنی بێکاری.

٧. کاریگەرە کۆمەڵایەتیەکانی بێکاری روون بکەوە.

پ٩: لەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی کرێکاران و ژمارەی بێکارانی وڵاتێک پیشان دەدات.

داواکراو: تێکڕای بێکاری بدۆزەوە:

ساڵ	ژمارەی دانیشتوان	ژمارەی کرێکار	ژمارەی بێکار	تێکڕای بێکاری ٪
١٩٩٨	٢٠٠٠٠٠٠	٥٠٠٠٠٠	٧٥٠٠٠	
١٩٩٩	٢٥٠٠٠٠٠	٨٠٠٠٠٠	١٠٠٠٠٠	
٢٠٠٠	٣١٥٠٠٠٠	١٠٠٠٠٠٠	١٥٠٠٠٠	
٢٠٠١	٣٨٥٠٠٠٠	١٣٠٠٠٠٠	٢٠٠٠٠٠	
٢٠٠٢	٤٣٥٠٠٠٠	١٦٠٠٠٠٠	٢٧٥٠٠٠	
٢٠٠٣	٥٠٠٠٠٠٠	١٩٥٠٠٠٠	٣٢٥٠٠٠	
٢٠٠٤	٥٦٠٠٠٠٠	٢٢٥٠٠٠٠	٤٠٠٠٠٠	
٢٠٠٥	٧١٥٠٠٠٠	٣٠٠٠٠٠٠	٤٩٠٠٠٠	

پ١٠: گرنگترین شوێنەوارەکانی (کاریگەری) بێکاری روون بکەوە.

سەرچاوەکانی بەشی شەشەم

١. د.حربي محمد موسى عريقات،مبادئ الاقتصاد : التحليل الكلي، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٦.

٢. حسام داود و مصطفى سلمان و عماد الصعيدي واخرون، مبادئ الاقتصاد الكلي، الطبعة الثانية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ٢٠٠١.

٣. د. حسن علي سليمان، اقتصاديات العمل وسياسات الاستخدام، الكويت، ١٩٨٥.

٤. د. خالد واصف الوزني ود. احمد حسين الرفاعي، مبادئ الاقتصاد الكلي بين النظرية والتطبيق، الطبعة السابعة، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٤.

٥. سوزان لي، ابجدية علم الاقتصاد، ترجمة : خضر نصار، مركز الكتب الاردني، دون مكان، ١٩٨٨.

٦. طاهر حيدر حردان، مبادئ الاقتصاد، الطبعة الاولى، دار المستقبل للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٧.

٧. د. عادل فليح العلي و هناء هادي محمدعلي وشاؤول ايشو، اقتصاد العمل، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٩٠.

٨. د. علاء شفيق الراوي و د. عبدالرسول عبد جاسم، اقتصاد العمل، الطبعة الثانية، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٦.

٩. ____ و ___، اقتصاد العمل، الطبعة الثانية مزيدة، مطبعة العمال المركزية، بغداد،١٩٨٩.

١٠-د. صادق مهدي السعيد، عقد العمل والاجور في الاسلام، بحث منشور في ندوة الاقتصاد الاسلامي، معهد البحوث والدراسات العربية، بغداد، ١٩٨٣.

١١. د. علي عبدالوهاب نجا، مشكلة البطالة واثر برنامج الاصلاح الاقتصادي عليها دراسة تحليلية – تطبيقية، الدار الجامعية، الاسكندرية، ٢٠٠٥.

١٢. د. مجيد علي حسين و د. عفاف عبدالجبار سعيد، مقدمة في التحليل الاقتصادي الكلي، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٤.

١٣. محمد سلمان محمد، بطالة الخريجين في اقليم كوردستان (دراسة تطبيقية في مدينة اربيل)، مجلة الادارة والاقتصاد، العدد٥٢، الجامعة المستنصرية، بغداد، تموز٢٠٠٤.

14. Belton، M. Fleisher، "Labor Economics: Theory and Evidence "، Prentice Hall Inc.، New Jersey، 1970.

15. Delong، J. Bradford، " Macroeconomics "، Int'l ed.، McGraw-Hill، Irwin،2002.

16. Smith،W.Stephen،"Labor Economics، First ed.، Routledge، London، 1994.

17. Whitehead، Geoffrey، " Economics "، Int'l ed.، Heinemann، London، 1988.

18. Zimmermann، Klaus،" Frontiers in Economics"، Springer، Berlin،2002..

بەشی حەوتەم

جیهانگیری (العولمە)

GLOBALIZATION

چەمکی جیهانگیری: The Concept Of Globalization

لە نەوەدەکانی سەدەی بیست زۆر گۆڕانکاری جیهانی و خێرا و یەك لە دوای یـەك و کاریگـەر روویانـدا، کـە شـوێنەواری لـە سـەر ئاینـدەی و تێڕوانینـەکان هـەبوو، ئـابووری جیهـانی بەراسـتی کـردە گونـدێکی بـچووك، گوندێك کە چەندین پێگـە و لایـەنی تێدا گەشـەی کـرد، ئەمـەش لـە ئاکـامی شۆڕشـی تەکنـەلۆژیا و زانیارییـەکان روویانـدا، بـەم شـێوەیە یـەك بـازاڕ لـە چوارچێوەکی فراواندا دامەزراو بواری بۆ سـەرجەم کێبرکێکـان و مامەڵـە نێـو دەوڵەتییەکان کردەوە، بە جۆرێك کاراکتـەرەکان لـە بـازاڕە جیهانییەکـەدا تـەنیا حکومـەت و دەوڵەتـەکان نـین، بـەڵکو رێکخـراوە جیهـانی و کۆمپانیـا فرەڕەگـەزەکان و کۆڕبەسـتە ئابوورییـەکانیش (التکـتلات الاقتـصادیة) دەگرێتەوە.

بازاڕە جیهانییەکان و جموجوڵی نرخەکان وگۆڕانکاری لە سەر قـەبارە و جـۆری بەرهـەم و ئاراسـتە بازرگانییـە جیهانییـەکان و جموجـوڵی سەرمایەداری دروست کرد، کە بە شێوەیەکی کاریگەر لە جامبازیی (Spread) نێـو دەوڵـەتی بـە کاردەهێنرێـت بـە تایبـەت جامبـازیی کۆمپانیـا فـرە ڕەگەزەکان، کە بـە بـەردەوامی کـار بـۆ کەمکردنـەوەی خـەرجی و تێچوونی گواستنەوەو گەیاندن دەکات وپاشان هەوڵی بەدیهێنانی تەکنەلۆژیای گـەورە دەدات تا وەکو جیهانگیری بهێنێتە دی.

لە سەر ئەم بنەمایە جیهانگیری (Globlization) تەشەنەیکرد (لەڕووی زاراوەوە بەمانای گشتاندنی شتێك و بەخشینی مۆرکێکی جیهانی بەو شتە و فراوانکردنی ئەو بازنەیە، بۆ ئەوەی هەموو جیهان بگریتەوە) لە سەرجەم ئاستەکانی بەرهەمهێنان و پارەدارکردنی دارایی و تەکنەلۆژیا و بەخستنەبازاڕ و کارگێڕی، لەلایەکی تر جۆرەکان و بوارەکانی پراکتیزەکردنی چەندین شێوەی هەیە.

بۆ نموونە جیهانگیریەکی ئابووری هەیە کە بەبنەڕەت و سەرچاوەی هەموو شێوەکانی تر دادەنرێ کە دابەش دەبێتە سەر جیهانگیری بەرهەمهێنان و جیهانگیری دارایی، هاوکات چەند دووکەوتەیەکی تری جیهانگیری ئابووری هەیە لە وانە جیهانگیری رامیاری و جیهانگیری رۆشنبیری و جیهانگیری کۆمەلایەتی.

پێناسەی جیهانگیری ئابووری:

بۆ پێناسەکردنی جیهانگیری پێناسەیەکی یەکگرتوی سەرتاپاگیر کۆك بۆ زاراوەی (Globlization) (جیهانگیری) نییە، بەهۆی ئالۆزی ناوەرۆکی هزری زاراوەکە و تەوەری ئابووری لەگەڵ تەوەرەکانی تری رامیاری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و تەکنەلۆژیا و زانیاری تێکەڵ بە یەکتر بووە، جیهانگیری زاراوەیەکی دینامیکیە و لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکان دەجولێت و دروست دەبێت و پێك دێت.

لەگەڵ ئەمەشدا جیهانگیری بە شێوەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی زیاتر لایەنە ئابوورییەکەی بەسەر بوارەکانی تردا زاڵە، کە دەکرێت ئەو بوارانەی تر بە پاشکۆی جیهانگیری ئابووری دابنرێت، جیهانگیری ئابووری چەمکێکە زۆر بە خێرایی لە سەر سەرجەم ئاستەکانی بەرهەمهێنان ودارایی وتەکنەلۆژیا

وخـــستنەبازاڕ و كـــارگێری تەشـــەنە دەكات،لـــە زانـــستە ئابووریـــەكان وەكوئـامرازێكی توێژینـەوە دەردەكـەوێت بـۆ دەستنیـشانكردنی پرۆسـەی گۆڕانی ئـەو بوارانـە، بـە لەبەرچـاو گـرتنی ئـەوەی جیهـانگیری پرۆسـەیەكی بەردەوامـە، بـە بـەكارهێنانی نیشانەكانی چـەندایەتی و چۆنیەتی لـە بـوارە پراكتیكییە جۆراوجۆرەكاندا دەكرێت تێبینـی بكرێـت، هـەروەها دەكرێـت لـە رێگای پرۆسە بنەڕەتییەكانی كـە جیهـانگیری لـە چـوار دەوری دەخولێتـەوە تێبینی بكرێت، كە كێبركـێ و داهێنـان و تەكنـەلۆژیا و ئـازادكردنی بازرگـانی نێو دەوڵەتی و نوێكردنەوە و تەشەنەكردنی جیهانگیری بەرهەم و جیهانگیری داراییە، كە پێكهێنـەری سـەرەكی جیهـانگیری ئابووریـە لـەو روانگەیـەی : هەردوو پرۆسـەی دوای (جیهـانگیری بەرهـەم و جیهـانگیری دارایـی) لـە سـەر بنەمای پشت بەستن بە ئاڵوگۆڕی (مبدأ الاعتماد المتبادل Interdependence) هاوبەش دامەزراوە.

دەتوانین بڵێین: داڕشتنی پێناسەیەكی وردو زانستییانە بـۆ جیهـانگیری مەسـەلەیەكی ئاسـان نییـە بـەهۆی زۆری پێناسـەكان، كـە لـە سـەر بنـەمای كاریگەری هزر وتێروانینی جۆراوجۆری نووسەر و لێكۆڵـەرەوە و ئایـدۆلۆژیا و تێڕوانینیان بۆ جیهانگیری پەسەندی بكەن یان رەتیبكەنـەوە دامـەزراوە. بـۆ نزیكبوونەوە لە پێناسەیەكی سەرتاپاگیر (شامل) بـۆ جیهـانگیری پێویـستە رەچاوی سێ لایەن بكەین بۆ بە روونكردنەوەی ناوەرۆكەكەی:

١- لایـەنی یەكـەم: پەیوەنـدی بـە تەشـەنەكردنی زانیـاری و شۆڕشـی زانیارییەكانەوە هەیە كە لە بـەردەم سـەرجەم هاووڵاتیـان دابـین و فـەراهـەم كرابێت.

٢- لایەنی دووەم: پەیوەندی بە لابردن و هەلگرتنی کۆت و بەربەستە سنوورییەکانەوە هەیە لە نێوان وڵاتان.

٣- لایەنی سێیەم: زیادبوونی ڕێژەی لێکنزیکبوونەوە و لێکچوونی نێوان گروپ و کۆمەلگە و دامەزراوەکانە.

سەرجەم ئەم پرۆسانە ڕەنگە کاریگەری خراپی لە سەر هەندێك ئابووری هەبێ و بە پێچەوانەشەوە بۆ هەندێ لە ئابوورییەکانی تر بە ئیجابی بکەوێتەوە. ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەوەی: جیهانگیری لە ڕێگای تەکنەلۆژیا گەیاندن و کێبڕکێ و گفتوگۆی نموونەیی دەزگاکان ڕوودەدات، کە لە ڕێگای میکانزمی دیاریکراو دەچێت بەڕێوە و پێی دەگوترێت : میکانزمەکانی جیهانگیری.

میکانزمەکانی جیهانگیری :

گرنگترینیان :

١- نوێکردنەوە.

٢- شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیارییەکانە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش زانینی گرنگترین پێناسەکانی جیهانگیری کارێکی پێویستە، هەوڵێکە بۆ قووڵبوونەوە بە ناو ڕەهەندە جیا جیاکانی ئەم چەمکە، بگرە هەوڵێکیشە بۆ گەیشتن بە پێناسیەکی گونجاو :

زاراوەی جیهانگیری (Globlization) ئاماژە بە پرۆسەیەکی چڕ و قووڵی پشت بەستن بە ئاڵوگۆڕی نێوان دوو بکەر Actors لە ئابووری جیهانی دەکات، بە شێوەیەك ڕێژەی بەشداریبوونی لە ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە ئابوورییە نێو دەوڵەتیەکان زیاد دەبێت، لە ڕوانگەی ئاست و قەبارە و قورسایی سەرجەم بوارەکان گرنگترینیان شمەك و خزمەتگوزاری و توخمەکانی بەرهەم، بەشێوەیەك سەرجەم ئەم بوارانە لە پرۆسەی ئاڵوویری

بازرگانی نێودەوڵەتی گەشە دەکەن و ڕێژەیەکی گرنگ لە چالاکی ئابووری گشتی پێک دەهێنن، شێوازێکی نوێ لە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانی ئابووری جیهانی دروست دەبێت و ڕۆڵێکی گرنگی بە بەراورد بە چالاکی ئابووری ناوخۆ گەورەتر دەبێت.

دەتوانین بڵێین بۆ بەجیهانیبوون چەند دابەشبوونێک هەیە، (لەوانە جیهانێکی کراوە بێت و پابەندی هیچ کۆت و بەربەستێک نەبێت)، (رەنگیشە پابەندی جۆرە مەرج و ڕێنماییەکی دیاریکراو بێت)، (یاخود جیهانی ئاینی و زانستی و ئایدیۆلۆژییەت بێت، چونکە گرانەوە بەرووی جیهاندا لە ڕێگای هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی هزرێك یاخود بیروباوەڕێك یا پرۆگرامێك لە سەر ئاستی جیهانی و دانانان بە راوبۆچوونی بەرامبەر بەدیاردەکەوێ) واتە بەو ئاراستەیە دەڕوات دەسەڵات بۆ بەها و بیروباوەرێکی جیهانی لە نێوان نەتەوەکان بڵاو بکاتەوە وەکو ئەوەی هەردوو ئاینی ئیسلامی و کریستیانی(مەسیحی) بانگەشەیەکی جیهانی بوون دەکەن، مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و لێبوردن و دادوەری دابین دەکەن، بیروباوەڕەکانی تریش بەهەمان شێوە.

بەلام جیهانگیری بەوە جیا دەکرێتەوە کە سەروەری بازاڕی جیهانی لە دەسەلات بێت و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای زانیاری و هەلگرتنی سەرجەم کۆت و بەربەستەکان لە ناوخۆ یاخود دەرەوە پەیڕەو دەکات هەر یەکە بۆ کۆنترۆلکردن و بە هاوشێوەکردنی حەز و ئارەزوەکان ورووخسارێکی دیاریکراو بە کردار و بەکارهێنان و پەرەپێدان دەدات و یەك جۆر و سەر بە یەك ڕۆشنبیری و کولتور دەچەسپێنێت، هەولی چەسپاندنی واقیعێکی نوێ دەدات لە ڕێگای بەنکی زانیاری و مەعریفەوە کە سەرجەم کارەکان بۆ داتای ژمارەیی دەگۆڕێت.

مێژووی پەیدابوونی جیهانگیری:

مێژووی پەیدابوونی جیهانگیری تاکو ئێستا مایەی گفتوگۆو راوبۆچوونی جیاوازی توێژەرەوان و هزرمەندانە، زۆر جار بە دیاردەیەکی تازە ناودەبرێت. کەسانێکی تری شارەزا بە پرۆسەیەکی مێژوویی ناوی دەبەن کە بە چەند قۆناغێکی جیاوازی مێژوویی تێپەڕ بووە.

ئەم باسە کەمێك بە درێژی و وردەکاری درێژتر باس دەکەین بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێت کە دیاردیەکی تازەیە یاخود مێژوووییە، لە میانەی ئەم باسکردنە:

توێژەرانی مێژوو وای بۆ دەچن کە: بەردەوام هێزێکی گەورە هەیە دەیەوێت لە فەرمانڕەوایی جیهان و دەست بەسەرداگرتنی (کۆنترۆڵکردنی) بالا دەست بێت، یۆنان و رۆمان و فارس و تەتەرو ئیمپراتۆرییە تازەکان هەموویان بەو ئاراستەیەی کۆنترۆڵ و خۆسەپاندن چوون.

مێژووناسان لێکۆڵینەوە لە سەر زاراوەی جیهانی بوون دەکەن، ئەمەش روون دەبێتەوە لە رێگای خستنەڕووی پیاوانی شارەزای ئەسیناوە کەلە سەدەی سێی پێش زایین بەچاوێکی سەراپاگیرانە سەیری جیهانیان دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە هۆکارێکی لێك جیاکردنەوە و هەلاوێرکردن دیاری بکەن، ئالێرەوە بانگەشەکردنیان بۆ دامەزرانی شارێکی جیهانی (المدینة الفاضلة) لەمەشدا رەواقییەکان (هەیوانییەکان) پشتیان بە فەلسەفەیەك بەستبوو کەلەسەر بنەمای یەکێتی هەسارەی زەوی کە سەرجەم رەگەزی مرۆڤایەتی لەسەری دەژین لە بنچینەدا یەك رەگەزن.

رۆمانییەکانیش کاریگەری ئەم بیروباوەڕەیان لە سەر بوو بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بیرۆکەی (یاسایی سروشت) و (پرەنسیپی دادوەری

گشتی) هەبوو، شیشرون (١٠٦ – ٤١ پ. م) تیۆری پێشکەش کرد کە لەسەر بنەمای یەك یاسایی دامەزرابوو کە دەسەلاتی بەسەر سەرجەم هاولاتیاندا هەبوو، ئەویش یاسای سروشت بوو کە بەدەستووری جیهانی ناو دەبرێت، کە دواتر رۆما توانی جیهان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی ئیمپراتۆریەتی جیهانی، رەواقەکان و رۆمانییەکان بیرۆکەی بوونی یەك جیهانیان دامەزراند کە سەرجەم مرۆڤایەتی تێدابێت ولە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەلاتی یەك یاسا بێت ئەویش (یاسای سروشت)ە.

هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان پێیان وایە جیهانگیری دیاردەیەکی تازە نییەو، بەلام ناگەڕێننەوە بۆ سەدە زۆر کۆنەکان، بەڵکو بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەم لەگەڵ دەست پێکردنی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی بۆ ئاسیا و ئەفریقیاو هەردوو کیشوەری ئەمەریکا، پاشان کەوتە ژێر کاریگەری سیستەمی بازرگانی تازە لە ئەورووپا، ئەمەش وایکرد سیستەمێکی جیهانی ئاڵۆزو تێکەلاو دروست بوو کە بە جیهانیبوون و دواتر بە جیهانگیری ناوبرا.

لەم چوارچێوەیەدا هەندێك پێیانوایە زاراوەی سیستەمی جیهانی لە کۆنگرەی ڤییەننای ١٨١٥ بەکارهاتووە، ئەو کۆنگرەیەیی (مترنیخ)ی سەرۆك وەزیرانی نەمسا رابەرایەتی دەکرد و لە (بسمارك)ی ئەڵمانی لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە پەرەی پێدراو، لەسەر دەستی (کلیمنسۆ)ی فەرەنسی لە کۆنگرەی فرسای ١٩١٩ نوێ کرایەوە، لە جەنگی دووەمی جیهانی لە ناوەڕاستی سەدەی بیست لەسەر دەستی هاوپەیمانەکان لە (یاڵتە) بەردەوامی پێ درا.

جیهان لە نێوان قۆناغێك و قۆناغێکی تردا یاخود لە وێستگەیەك بۆ وێستگەیەکی تر دەیویست سیستەمی نێو دەوڵەتی دابڕێژێتەوە،

کۆنگرەکـانیش بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەسـترا لـە هـەموو جارێکـدا خەسـڵەت و شـێوازێکی جیـاوازی لـە خـۆدەگرت، سیـستەمی نێودەوڵـەتی کەلەسـەدەی نۆزدەیـەم دامـەزرا لـە دوای کـۆنگرەی ڤییـەننا، سیستەمێکی نێودەوڵـەتی سەربازی کۆلۆنیالیزمی بوو، بەڵام کۆنگرەی ئاشتبوونەوە کەلە سـەرەتاکانی سـەدەی بیـست بەسـترا سیـستەمێکی نێودەوڵـەتی ئیمپریـالی دامەزرانـد، ئێستاکە رۆژئاوا دەیەوێت بیگۆڕێت بە سیستەمێکی تازە کە هەموو نیشانەو بەڵگەکان وا دەریدەخەت کە سـەدەی بیـست و یـەك سـەرمایەداری ئـابووری دەبێت.

وا تێبینـــی دەکرێـــت جیهـــانگیری هـــەمان روخـــساری دیـــاردەی ســـەرمایەداری لـــەخۆوە گـــرتبێ، گـــەربێتو جیهـــانگیری داوای زیـــادکردنی پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕی ئابووری نێوان وڵاتان بکات وبانگەشەی زیادکردنی رێـژەی گواسـتنەوەی سـەرمایە و زانیـاریی و هزرەکـان بکـات، هـەموو ئـەم دیاردە کۆنانە دیاردەی سەرمایەداریان هێناوەتە ئارا، و بەردەوامبوونی ئـەم لێکچوونی روخسارەی دیاردەی جیهانگیری بەڵگەیەکە بـۆ بـوونی پەیوەنـدی لە نێوان جیهانگیری و ئەو دیاردە سەرمایەدارییەی کە لە پێشتر هەبووە.

جیهـانگیری لـە رێگـای سـێ قۆنـاغی سـەرەکی گەیـشتە ئـەم روخـسارە هاوچەرخەی کە ئێستا هەیەتی:

١– قۆناغی مارکانتالی (بازرگانی) و سەرمایەداری بازرگانی لە نێوان ساڵانی (١٥٠٠ – ١٨٠٠م).

٢– قۆناغی پیشەسازی لە نێوان (١٨٠٠–١٩٥٠م).

٣– قۆناغی سەرمایەداریی هاوچەرخ لە ١٩٥٠ و تا ئێستا.

بەم شێوەیە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە جیهانگیری تەنیا ماوەیەك نییە، بەڵکو ئایندەیەکی بەردەوامی سەرمایە دارییە، کە لە هەموو قۆناغێکدا بە شێوەو روخسارێکی جیاواز دەردەکەوێت، بە دیاردەیەکی بە فراوان بوون و تەشەنەکردن و دەست بەسەراگرتنی گەلان ناودەبرێت، لەبەر ئەوەی سەرمایەداری لە پێشکەوتنێکی بەردەوامی پرۆسەی بەرهەمهێنان دایە، بۆیە پێویستە لەگەڵ پێداویستیەکانی هەموو قۆناغێك کە جیهانگیری پێیدا تێدەپەڕێ خۆی بگونجێنێ و رەچاوی ئەو رۆڵەی بکرێت کە پێویستی بە نوێبوونەوەی هۆکارو خەسڵەتەکانی هەیە.

ئەو خەسڵەت و نیشانە جیاوازەی کە ئەم سات و قۆناغەی ئێستای جیهان پێیدا تێپەردەبێت بریتییە لە گوێزانەوەی سەرمایەداریە لە شێوازی سەرمایەداری نیشتمانی و فرە رەگەزییەوە بۆ سەرمایەداری جیهانی، ئەو گۆڕانکاری و چاکسازیانەی کە جیهان لە هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بەخۆیەوە بینی، بۆتە هۆی تێکچوونی ئەو سیستەمی هەیە کەلەسەر دوو جەمسەری سەرەکی دامەزرابوو (نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیێتی جاران) بۆ دەرکەوتنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەمەریکی بە تەنیا گرنگترین گۆڕانکارییەکانی سەدەی رابردوو بە تایبەت لە سەرەتای نەوەدەکان بریتیی بوو لە :

١- دارمانی گەورەترین زلهێزی رکابەرایەتی و لێك هەڵوەشان و دارمانی سەرجەم ئایدیۆلۆژییە دژ بە سەرمایەدارییەکان کە (کۆمۆنیستە) (شیوعییەتە).

٢- روودانی تەنگژەی دووەمی کەنداو (١٩٩٠-١٩٩١).

٣- دەرکـەوتن و مانـەوەی ئەمـەریکا بەتـەنها بـۆ رابەرایـەتی کـردن و بـەڕێوەبردنی جیهـان دوای رووخـانی بەرامبەرەکـەی کـە (کۆمەنیـستە) (یەکێتی سۆڤێت) بوو.

٤- شۆڕشی پیشەسازی چووە نێو قۆنـاغی سێ، کە خۆی لـە شۆڕشـی زانیاری و مەعریف دەنوێنێ و بەشێوەیەك بڵاو بۆوە کە عەقڵی مرۆڤ بـاوەڕ ناکات.

پێویستی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتیەی کـە لـەدوای جـەنگی جیهـانی دووەمی (پاش ساڵی١٩٤٥) بە بنەماکانی سیستەمی نوێی جیهان راگەیـەنرا، کە گرنگترین روخسارەکانی بریتیبوو لە :

١- رووني دیاردەی پشت بەستنی نێودەولـەتی و ئـەو دابەشـکردنی نوێیـەی ولاتان بۆ کارکردن.

٢- کێـشەو دۆزە گرنگـەکانی جیهـان سـیمایەکی نێودەولـەتی و جیهانیـان وەرگرت.

٣- ئـەو گۆڕانـە گەورەیـەی بەسـەر چـەمکە کۆنەکـەی بنـەمای سـەروەری نیشتمانی داهات.

٤- تەقینەوەی شۆڕشی زانیاری و تـەکنولۆژیا، کـە شۆڕشـێکی گـەورەی لـە بوارەکـانی گەیانـدن و گواسـتنەوەی زانیـاری و خێرایـی ئـاڵوگۆڕکردن داهێنا.

٥- پـشت بەسـتن بـە کۆمەڵبەسـتە ئیقلیمیـەکان کـە شـێوازێکی ململانـێ و کێبڕکێیان لە نێواندایەو نەگەیشتۆتە ئاستی دژایەتیکردن.

بـەمجۆرە جیهـانگیری وادەردەکـەوت کـە پێـشکەوتنێك لـە کـۆنترین سـەردەمەکانی مێـژووەوەپلانی بـۆ دانـراوە، واتـە ئـەم پرۆسـەیە درێـژە

پێدەرێکی مێژووی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستای جیای دەکاتەوە لە پێشتر ئەو چڕی ئاڵوگۆڕ کردن خێرایی تەشەنەکردنێتی لەنێوان وڵاتان، ئەمەش لەسایەی تەشەنەکردنی شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەکانە.

خەسڵەتەکانی جیهانگیری ئابووری:

تێڕوانین لە ناوەڕۆکی بیری و هەتا مێژوویەکەی جیهانگیری، چەند خەسڵەتێکی سەرەکی هەیە کە جیهانگیری پێ لە زاراوەکانی دیکە خاوەن گۆڕانکارییە ریشەییەکان جیادەکاتەوە، گرنگترین ئەو خەسڵەتانە بریتین لە:

١- دەستگرتن بەسەر میکانیزمی بازاڕ و هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی توانای کێبڕکێی:

ئەوەی کە جیهانگیری جیادەکاتەوە ئەوەیە دەست بەسەر میکانیزمی بازاڕ و تێکەڵکردنی لەگەڵ دیموکراتیەتە، لەجیاتی سەرپاگیری و بڕیاردان لەچوارچێوەی کێبڕکێ و نموونەیی ولێهاتووی تەواو و وەرگرتنی توانای کێبڕکێکردن لەرێگەی سوود وەرگرتن لە شۆڕشی تەکنەلۆژی و شۆڕشی پەیوەندیکردن و گواستنەوەو زانیارییەوە بەدەست دەهێنرێت، بەهێزکردنی ئەم توانایە لەبەرهەمهێنان بەکەمترین تێچوون کە هەیەو بە باشترین شێوەو بە زۆرترین بەرهەم و فرۆشتنی بە نرخی کێبڕکێی گونجاو.

هەموو ئەمانەش پێویستە بەکەمترین کات و ماوە ئەنجام بدرێن، کات بۆتە یەکێك لە تواناکانی کێبڕکی گرنگ کە دەبێت لە کاتی مامەڵەکردندا لەگەڵ جیهانگیری بەدەستی بهێنیت، بۆیە جیهان دەبێتە گوندێکی بچووکی

کێبڕکێی هەمە لایەن و شێوازی دابەشکردنی کاری نێودەوڵەتی تێدا دەگۆڕێت، کە لەگەڵ بەرهەمهێنان یاخود جیهانییەتی بەرهەم و جیهانییەتی بازاڕ بگونجێت.

بەمشێوەیە هەموو کەرت و بەشێك لە پێکهاتەکانی بەرهەمهێنانی شمەکێك لە جێگە و شوێنێکی جیاوازی جیهان بەرهەم دەهێنرێت، وا دەکات بڕیارەکانی بەرهەم و سەرمایەگوزاری لە تێڕوانینی جیهانییەوە دەدرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئابووری پێگەیشتوو لەو بوارەی پەیوەندی بە تێچوون و داهاتەوە هەیە.

٢- دینامیکییەتی چەمکی جیهانگیری:

زۆرینەی ئەو پێناسانەی تایبەت بە جیهانگیری ئاماژە بە دینامیکییەی جیهانگیری دەکات. کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەچەسپێت بە بەڵگەی ئەگەرەکانی گۆڕانی هاوسەنگییەکانی هێزی ئابووری لە ئێستا و دوا ڕۆژدا، بە شێوەیەك لە کێبڕکێدا هەموو ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، لە ناویاندا (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا) کە بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی تواناکانی کێبڕکێ دەدات، بۆ ئەوەی بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم لایەنە دەرکەوتووەکانی بکات گۆرەپانەکە کە هەنگاوی خێرا بەرەو دوارۆژ دەنێن وەکو چین.

دینامیکییەتی جیهانگیری بەوە قووڵتر دەبێتەوە، کاتێك جیهانگیری هەوڵی هەلگرتن و لابردنی سنووورە سیاسییەکان دەدات و بەزۆری کاریگەری لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت لە چالاکی ئابووریدا دەبێت، بەڵکو دینامیکییەی جیهانگیری کاتێك ئاکامی کێشە و ململانێکان یەکلا دەکاتەوە ئەوکات بەدیار دەکەوێت،

لـه ئـەو دژە کاردانـەوەی کـە لەلایـەن سـوودمەندەکانی بـارودۆخی ئـەمڕۆی ئابووری روودەدات، کە بە هەموو شێوەیەك هـەوڵی پاراستنی دەسـکەوت و بەرژەوەندییـــەکانیان دەدەن. هاوکـــات کاردانـــەوەی دژایـــەتیکردنی دۆڕاوەکانیش لە بارودۆخەکە بە تایبەت وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەوڵدەدەن لەرێگەی کۆمەڵبەست و یەکگرتنیان بەرگری لـە بەرژەوەندییـەکانیان بکـەن، ئەم حاڵەتەش لە پێنجەمین کۆبوونەوەی رێکخراوی بازرگانی نێودەوڵـەتی لـە مەکسیك (ساڵی ٢٠٠٣) بەدیارکەوت.

٢- زۆربوونی ئاراستەی پشت بەستن بە ئابووری ئاڵوگۆڕکردن:

ئەو ئاراستەیەی بەرەو پشت بەستن بە ئـاڵوگۆڕکردن قـووڵ دەبێتـەوە (Interdependce)لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لـە دەیـەی نـەوەدەکان (عقـد التـسعينات) روویانـدا پـاش رێککەوتننامـەی ئـازادکردنی بازرگـانی و زیادبوونی سەربەستی هاتووچۆی سـەرمایەی نێودەوڵـەتی، ئەمـەش هاوکـات بـوو لەگـەڵ شۆڕشـی زانیـاری و تەکنـەلۆژیا، کـە لـە سـایەی جیهانگیریـدا ئاستەنگ و بەربەستی دووری نێوان وڵاتان و کیشوەرەکان نامێنێت، لەگـەڵ زیـادبوونی ئەگـەرەکانی کـارلێکردنی بەرامبـەر و دۆزینـەوەی جۆرێـك لـە دابەشکردنی کاری نێودەوڵەتی، کە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی نێوان وڵاتان دابەش دەبێت.

٤- گەورەبوونی ڕۆڵی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان:

جێی ئاماژە پێدانە کۆمپانیا فرە رەگەزەکان کۆمپانیای چالاکییە جیهانییەکانن، بە هەموو واتایەك بە یەکێك لەسیما سەرەکییەکانی جیهانگیری دادەنرێت، لە رێگای ئەو چالاکییانەی دەیکات لە شێوەی سەرمایەگوزاری راستەوخۆ لە گواستنەوەی تەکنەلۆژیا کاریگەری زۆر بەهێز دەکاتە سەر ئابووری جیهان و شارەزایی وەبازارخستن و کارگێری، و جەختکردنی دیاردەی جیهانگیری لە سەرجەم بوارەکانی بەرهەمهێنان و دارایی و تەکنەلۆژیا و بازار و کارگێری.

سەرەرای ئەوانەش ئەو کۆمپانیا گەورە خاوەن توانا زۆرەکانی پارەدارکردن، رۆڵێکی کاریگەر لەو شۆرشە تەکنەلۆژیا دەگێرن وتوانیویانە هونەری بەرهەمهێنان بگۆرن بە هونەرێکی بەرهەمهێنانی ئاڵۆز و پر لە زانیاری، بۆیە لەم روانگەیەوە ئاراستەکانی بەرەو جیهانگیرییە بە تایبەت جیهانگیری ئابووری.

٥- زۆربوونی رۆڵی رێکخراوە ئابوورییە جیهانییەکان لە بەڕێوەبردنی جیهانگیریدا:

یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی جیهانگیری بریتییە لە زیادبوونی رۆڵی رێکخراوە ئابوورییە جیهانییەکان لە بەڕێوەبردنی جیهانگیری، بە تایبەت لە دوای روخانی بلۆکی سۆشیالیستی و لێك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو، کە رێکخراوە ئابوورییەکانی ئەم بلوکە هەڵوەشانەوە و رۆڵیان نەما،لە ساڵی ١٩٩٥ رێکخراوی بازرگانی جیهانی دامەزرا و زۆرینەی وڵاتانی جیهان بوون بە ئەندامی، ئینجا کۆڵەکەی سێیەم دەزگاکانی سیستەمی

ئابووری جیهانی تەواو بوو کە جیهانگیری گرنگترین سیماکانیەتی، بەم جۆرە لە بەڕێوەبردنی جیهانگیری سێ ڕێکخراوی سەرەکی هەیە، لە ڕێگای سیاسەتە نەختینەیی و دارایی و بازرگانییەکان کاریگەییان لە سەر سیاسەتی ئابووری سەرجەم وڵاتانی جیهان دەبێت کە ئەوانیش:

١- سندوقی نەختی نێودەوڵەتی.
٢- بانکی نێودەوڵەتی و بەشەکانی.
٣- ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی.

٦- کەمکردنەوەی پلەی سەروەری دەوڵەتی نەتەوەیی و لاوازکردنی سەروەری نیشتمانی لە بواری سیاسەتی نەختینەیی و داراییدا.

جیهانگیری بەوە ناسراوە کە سەروەری دەوڵەتی نەتەوەیی لاواز کردووە، بەتایبەت بووە هۆی بێهێزکردنی سەرمایەی نیشتمانی لە بواری سیاسەتی نەختی و دارایی، کە حکومەتەکان لە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان ناچار بوون دەستبەرداری یاساکانی کۆنترۆلکردنی بازاڕەکان بن و یاسای بازاڕی ئازاد پەیڕەو بکەن، تەنانەت پێش ئەوەی ڕێگا و شێوازی چاودێری نوێش بدۆزنەوە.

هەروەك ئەزموونەکان دەریان خستووە بڕیار بە دەستانی سیاسەتی ئابووری توانایان نییە لەگەڵ ئاراستەکردنی بازاڕە داراییەکان بەتەواوی کەسێ سیاسەت لەیەك کاتدا پەیڕەو بکەن، ئەویش نرخی ئاڵوگۆڕی جێگیر و ئازادی جموجۆڵی سەرمایە و بەرزکردنەوەی نرخی سوودەکانی ناوخۆی ماوە کورت بە جیاوازییەکی نرخی سوودی جیهانی کورت خایەن.

بە کورتی: لەگەڵ بەرەو پێش چوونی بەرەو جیهانگیری، رۆڵی لە بەرژەوەندی هێزی جیهانگیری لە دروستکردنی سیاسەتی ئابووری نیشتمانی کەم دەبێتەوە لەوانەش دیاریکردنی تێکرای سەرمایەگوزاری و گەشەی ئابووری و ئاستی بەکارخستن و بێکاری و ئاستی داهات و یاخود خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و بوژانەوە یاخود بێبزاوتی بازاڕە داراییەکان و نرخی ئاڵوگۆڕی دراوی نیشتمانی.

جۆرەکانی جیهانگیری ئابووری:

کە لێکۆڵینەوە لە سەر جیهانگیری ئابووری دەکرێت، دەبینین جیهانگیری لەسەر دوو ئاستی سەرەکی روودەدات:

ئاستی یەکەم: بە شێوەیەکی بەهێز لە بواری بەرهەمهێنان دەردەکەوێت و پێدەوترێت جیهانگیری بەرهەم کەپشت بەدوو ئاراستەی بنەڕەتی دەبەستێت:

١- جیهانگیری بازرگانی نێودەوڵەتی و رێککەوتنی ئازادکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی، ئەمەش رەنگدانەوەی بەسەر گەشەکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی خێرا دەردەکەوێت.

٢- وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ کە تێکرای زیادبوونی خێراترە لە تێکرای گەشەی بازرگانی نێودەوڵەتی.

ئاستی دووەم: کە جیهانگیری ئابووری تێدا روودەدات لە بواری جیهانگیری دارایی کە خۆی لە گەشەکردنی خێرای مامەڵە داراییە نێودەوڵەتییەکان دەبینێت لەئاکامی ئازادکردنی دارایی دەکەوێتەوە، کۆمپانیا فرەرەگەزەکان رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە تەواوکاری بازاڕە

جیهانییەکان لە بواری شمەك و بەرەو پێش چوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و تەواوکاری سیستەمی پەیوەندییەکان ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێت لە قولکردنەوەی جیهانگیری و گەورەبوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و گەیاندن، کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە باسی بکەین:

یەکەم : جیهانگیری بەرهەمهێنان :

جیهانگیری بەرهەمهێنان بە ڕێژەیەکی زۆر لە ڕێگای کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و بەبێ قەیرانی مەترسیدار بەدی دێت، جیهانگیری بەرهەمهێنان شێوازی نوێ لە دابەشکردنی کاری نێودەوڵەتی دروست دەکات، ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە سروشتی بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا بە دیار دەکەوێت، دەوڵەتێك چەند پێشکەوتوو بێت ناتوانێت لە یەك جۆر بەرهەمهێنان بە تەواوی پسپۆڕبێ بۆ نموونە ئۆتۆمبێلەکان لە چەند دەوڵەتێك پارچەکانی کۆ دەکرێتەوە و بەرهەم دەهێنرێت، ئامێرە کارەباییەکانیش بە هەمان شێوە و کۆمپیوتەر و ئامێری تەکنەلۆژیا لە چەند وڵاتێك بەرهەم دەهێنرێت و بەشەکانی کۆدەکرێتەوە، تاکو وای لێهاتووە هەریەك لە وڵاتان پسپۆڕایەتی لە جۆرێك لە بەشەکان و پێکهاتەی سەرەکی بەرهەمەکەیان دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا بڕیارەکانی بەرهەمهێنان و بڕیارەکانی سەرمایەگوزاری لە تێڕوانینی جیهانییەوە دەدرێت و بەپێی حساباتی وردی ئابووری ڕەچاوی تێچوون و داهات دەکرێت. ئەم بارودۆخە هەلێکی گەورەی بۆ زۆرترین وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دروست کرد، کە دەتوانن سوودی لێوەربگرن و بچنە ناو بازاڕی جیهانییەوە لە سایەی جیهانگیری بەرهەمهێنانەوە وبەشداری لە زۆربەی بەرهەمەکاندا بکەن.

١- ئاراستەی یەکەم: جیهانگیری بازرگانی نێودەوڵەتی:

دەتوانین ئەم ئاراستەیە لە نیشانە تایبەتییەکانی بازرگانی نێودەوڵەتییەی تێبینی ئەوە بکەین:

أ – لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیستدا بازرگانی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گەورە و فراوان زیادیکرد، بەشێوەیەك گەشەی بازرگانی جیهانی دوو هێندەی گەشەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی سەرجەم جیهانی لێهات لە ساڵی ١٩٩٥ بەرهەمی ناوخۆیی سەرجەم جیهان بە ڕێژەی ٥٪ زیادیکرد، لە کاتێکدا ڕێژەی گەشەی بازرگانی لە هەمان ساڵدا بە ڕێژەی ٩٪ زیادیکرد.

ب – زیادبوونی تێکرای بازرگانی شمەکی نێو دەوڵەتی، کە تێکڕای ناوەندی گەشەی بازرگانی نێودەوڵەتی لەشمەك وخزمەتگوزاری بۆ ساڵی ٢٠٠٠ بەراورد بەساڵی ١٩٩٩ بە ڕێژەی ٢،١١٪ زیادیکرد ئەمەش بەبەهای ٧٧٥٩ ملیار دۆلار، لە کاتێکدا بەرهەمی ناوخۆیی سەرجەم جیهان لە ساڵی ٢٠٠٠ بە بەهای ٣١١٧١ ملیار دۆلار بەڕێژەی گەشەی ٧،٤٪ بە بەراورد بە ساڵی ١٩٩٩ تۆمارکراوە. واتە بازرگانی نێوەدەوڵەتی شمەك و کەلوپەلەکان بە ڕێژەیەکی زیاتری گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی سەرجەم جیهان دوو هێندە و نیو زیادیکردووە.

٢- ئاراستەی دووەم: سەرمایەگوزاری بیانی ڕاستەوخۆ:

لەسایەی بنەمای نوێی دابەشکردنی کاری نێو دەوڵەتیدا کە کرداری بەرهەمهێنانی یەك جۆر شمەك بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش دەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان ستراتیژییەتی بەرهەم و بە بازاڕخستنی دادەڕێژن، کە جیهان بە یەك بازاڕ دادەنێن و ڕۆڵی هەریەکە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان بە پێی بەرنامە و پلانی کۆمپانیاکان دیاری دەکرێت.

ئاستی گەشەی سەرمایەگوزاری راستەوخۆی بیانی بە ڕێژەیەکی خێراتر و گەورەتر زیادی کرد لەچاو گەشەی بازرگانی نێودەوڵەتی و جیهانی، ڕێژەی گەشەی سەرمایەگوزاری راستەوخۆی بیانی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستدا بە تێکڕای ١٢٪ زیادیکرد، کۆمپانیا فرەرەگەزەکان بەو پەڕی تواناکانیانەوە سەرۆکایەتی ئەم ئاراستەیەیان کرد، تا وەکو پشتگیری زیاتری جیهانگیری بکەن، کە لە ئاکامدا چەندین هاوپەیمانێتی ستراتیژی لە نێوانیاندا دروست بوو، شوێنەوارەکانیش لە سەرجەم بوارەکاندا دیاربوو بە تایبەت لە بواری تەکنەلۆژیا و بازاڕەکاندا.

لەلایەکی دیکەوە ئەو پێشکەوتنە گرنگەی کە لە سەرمایەگوزاری راستەوخۆی بیانی لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم روویدا، بەشێکی گەورەی لێشاوی ئەو سەرمایەگوزارییە لە پرۆسەی یەکگرتن و تێکەڵبوون بەرهەم هات.

ئەوەی لەم بوارەدا تێبینی دەکرێ مەبەستی یەکگرتن و تێکەڵبوون بەرێی سنوور دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی لەمجۆرە سەرمایەگوزارییە بیانییە راستەوخۆیە، گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ بە دامەزراندنی کۆمپانیای تازە، چونکە کۆمپانیای دایک توانای سوودوەرگرتنی مادی و مرۆیی وبەشەری و تەکنەلۆژیای ئەو کۆمپانیانە رایدەکێشێت و کۆنترۆڵی دەکات، ئەمە جگە لە کەلکەکانی دابەشبوونی مەترسی و زیادکردنی قەبارەی چالاکییەکانی، کە لە ئاکامدا دەسەڵاتی کێبڕکێی کۆمپانیاکە لە سەر ئاستی جیهانی فراوانتر دەکات، بەمجۆرە رۆڵی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان کە زۆربەی کاتدا بە لێشاو دەڕژێتە ناو وڵات لە دەوڵەمەندکردنی جیهانگیری بەرهەم قووڵتر و بە هێزتر دەبێت.

دووەم - جیهانگیری دارایی:

جیهانگیری دارایی بریتییە لە بەرهەمی سەرەکی کرداری ئازادکردنی دارایی و گۆڕانەکە پێی دەگوترێ کرانەوەی دارایی، کە بۆتە هۆی تەواوکاری و بەستنەوەی بازاڕە داراییە ناوخۆییەکان بە جیهانی دەرەوە، ئەمەش لە ڕێگای هەڵوەشانەوەی کۆت و بەربەستی بەردەم جموجۆڵی سەرمایە، کە لە سنوورەکانەوە بە لێشاو دێنە ناوەوەو دەڕژێنە ناو بازاڕە داراییە جیهانییەکان، بە شێوەیەك بازاڕەکانی سەرمایە زیاتر بە یەکترەوە بەستراوەتەوە و تێکەڵاوبووە.

دەکرێت گرنگی و کاریگەری جیهانگیری دارایی بە دوو نیشانە دیاری بکەین:

١ – نیشانەی یەکەم: تایبەتە بە پێشکەوتنی قەبارەی مامەڵەکانی سەر سنوور لە پشك و قەباڵەکان (الاسهم والسندات) لە وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوو، بەیاننامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩٨٠ مامەڵە دەرەکییەکان لە ١٠٪ کەمتر بووە لە سەرجەم بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازییەکان، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٦ لە هەر یەك لە ئەمەریکا و ئەڵمانیا گەیشتە ١٠٠٪ و لە فەرەنسە و ئیتاڵیا و کەنەدا گەیشتە ٢٠٠٪.

٢ – نیشانەی دووەم: تایبەتە بە پێشکەوتنی بەکارهێنانی نەختی بیانی لە سەر ئاستی جیهان، ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن ناوەندی تێکڕای مامەڵە کردن ڕۆژانە لە ناو بازاڕەکانی ئاڵوگۆڕکردنی بیانی تەنیا (٢٠٠) ملیار دۆلاری ئەمەریکی بووە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم کەچی لە ساڵی ١٩٩٥ ئەم ژمارەیە بۆ (١٢٠٠) ملیار دۆلاری ئەمەریکی بەرزبۆوە واتە

بە ڕێژەی ٨٤٪ ی سەرجەم بەدەگی نێودەوڵەتی سەرجەم وڵاتانی جیهان لەو ساڵەدا زیادیکردووە.

ناوەڕۆکی جیهانگیری بازاڕە داراییەکان ئازادکردنی حیسابی سەرمایە، واتە هەڵگرتن و لابردنی گەمارۆ لە سەر مامەڵەکانی ناو حیسابی سەرمایەو دارایی لە تەرازووی پێدان، کە سەرجەم مامەڵە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە دەگرێتەوە، وەکو قەرز و پشکی پارێزگاری دارایی (folio Port)و سەرمایەگوزاری راستەوخۆ و خانووبەرە و سامانی تایبەتی و ئازادکردنی ئازادکردنی حسابی سەرمایە، پاشان چۆنیەتی رەچاوکردنی توانای حسابی خاوەن دارایی بۆ ئاڵوگۆڕکردن.

میکانیزمی جیهانگیری:

هێزە کاریگەرەکانی سەرمایەداری لە سیستەمی نێودەوڵەتی هەوڵدەدەن جیهانگیرییەکی ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتی و هزری و رۆشنبیری و بگرە سەربازیش لە رێگای کۆمەڵێك میکانیزم و هۆکارەوە بەدی بێنن کەئەمانیش:

دامودەزگای نەختی و دارایی جیهانی (دامەزراوەکانی بریتون وودز)، رێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی (WTO) کۆمپانیا فرەرەگەزەکان (Multinational Companeis)، هاوپەیمانی ناتۆ، مونتەدای ئابووری جیهان (داڤۆس).

بەم شێوەیە دەکرێت بووترێت جیهانگیری ئابووری سێ سیستەمی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، سیستەمی نەختی نێودەوڵەتی، و سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی، و سیستەمی بازرگانی نێودەوڵەتی، لە رێگای سێ

ڕێکخراوی ئابووری جیهانییەوە ئیداری هەر سێ سیستەمەکە دەکرێت ئەویش بریتییە لە:

١- سندوقی نەختی نێودەوڵەتی:(International Monetary Fund (IMF

٢- بانکی ئاوەدانکردنەوە وگەشە پێدانی نێودەڵەتی:(World Bank (WB

٣- رێکخراوی بازرگانی جیهانی:(World Trade Organization(WTO

ئەم ڕێکخراوانە هەڵدەستن بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئابووری جیهانگیری، بۆ نموونە سندووقی نەختی نێودەوڵەتی پسپۆرە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نەختینەیی، بەنکی جیهانی تایبەتمەندی لە بواری سیاسەتی دارایی و بەڕێوەبردن هەیە، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی پسپۆرایەتی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی بازرگانی جیهانیدا هەیە.

باسکردن و لێکۆڵینەوە لە سەر هەر سێ ڕێکخراوە جیهانییەکە کارێکی پێویستە بۆ شارەزابوون لە میکانزمی بەڕێوەچوونی جیهانگیری ئابووری.

پرسیارەکانی بەشی حەوتەم

پ١/ پێناسەی ئەمانە بکە:

١- جیهانگیری

٢- جیهانگیری بەرهەمهێنان

٣- جیهانگیری دارایی

پ٢/ جیهانگیری لە رێگای سێ قۆناغی سەرەکی گەیشتە ئەم رووخسارە هاوچەرخەی ئێستای، ئەم قۆناغانە چین؟

پ٣/ ئەو سیستەمە نێودەوڵەتیەی دوای جەنگی جیهانی دووەم راگەیەنرا، رووخسارەکانی چی بوو؟ بیانژمێرە.

پ٤/ لەبارەی زۆربوونی رۆڵی رێکخراوە ئابووریە جیهانیەکان لە بەڕێوەبردنی جیهانگیری بدوێ.

پ٥/ گرنگی و کاریگەری جیهانگیری دارایی بەچی نیشانە دەکرێ.

سەرچاوەکانی بەشی حەوتەم

١. بـول هيرسـت، وجراهـام تومبسـون، مـا العولمـة : الاقتصـاد العـالمي وامكانـات التحكم،تعريب الدكتور فالح عبدالجبار، سلسلة عالم المعرفة، العدد ٢٧٣، مطـابع السياسة، الكويت، ٢٠٠١.

٢. د. جلال امين، العولمة والتنمية العربية من حملة نابليون الى جولة اوروغـواي ١٧٩٨ – ١٩٩٨، الطبعة الاولى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٩.

٣. جيريمـي بريتـشير، وتـيم كاسـتيللو، القريـة الكونيـة او النهـب الكـوني : اعـادة البنـاء الاقتصـادي من القاعدة الى الاعلى، ترجمة الحارث النبهان، الطبعة الاولى، دار المـدى للثقافـة والنشر، دمشق، ٢٠٠٤.

٤. د. سناء كـاظم كـاطع، الفكـر الاسـلامي المعاصـر والعولمـة، الطبعـة الاولى، دارالغـدير، بيروت، ٢٠٠٥.

٥. د. عبدالمطلب عبدالحميـد، العولمـة الاقتـصادية (منظماتهـا، شـركاتها، تـداعياتها)، الدار الجامعية، الاسكندرية، ٢٠٠٦.

٦. د. محسن عبدالحميد، العولمة من المنظور الاسلامي، الطبعة الاولى، دون جهـة للنـشر، دون مكان للنشر، ٢٠٠٢.

٧. د. محمود خالد المسافر، العولمة الاقتصادية : هيمنة الشمال والتداعيات على الجنوب، الطبعة الاولى، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٢.

٨. ميشيل شوسودوفسكي، عولمة الفقر : تاثير اصلاحات صندوق النقد والبنك الـدوليين، ترجمة : جعفر علي حسين السوداني، الطبعة الاولى، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠١.

9 – Sarah Anderson، Tony Clarke، Colin Hines and others، "Alternatives to Economic Globalization: A Better World Is Possible"، International، Forum On Globalization، Berrett – Kohler Publishers، Inc.، San Francisco، 2002.

فەرهەنگۆك

زمانی ئینگلیزی	زمانی عەرەبی	زمانی كوردی
Free Economics	الاقتصاد الحر	ئابووری ئازاد
Market Economy	اقتصاد السوق	ئابووری بازاڕ
Economies of Scale	اقتصاديات الحجم	ئابووری قەبارەدار
Network Economy	اقتصاد المعرفة	ئابووری مەعریفی
Directed	التوجيه – الموجه	ئاراستەكردن
Desire	الرغبة	ئارەزوو – ویستن
Living Level	المستوى المعيشي	ئاستی بژێوی
Interdependence	يتعزز التبادل	ئالوگۆر چڕدەبێتەوە
Target - Goal	الهدف	ئامانج
Tools - Instruments	الادوات	ئامرازەكان
Function	الوظيفة	ئەرك – پۆست
Financing function	الوظيفة التمويلية	ئەركی پارەداركردن
Money Functions	وظائف النقود	ئەركی دراو
Money function	الوظيفة النقدية	ئەركی دراو
Fluctuations	التقلب – التارجح	بارگۆڕان – هەڵبەز و دابەز
Fluctuations	التقلبات	بارگۆڕان (وەچەرخان)
Trade (Business) Cycle	الدورة الاقتصادية	سوڕی (خول) ئابووری
The Labour Conditions	ظروف العمل	بارودۆخی كار
The Markets	الاسـواق	بازارەكان
Free Competition Market	سوق المنافسة التامة	بازاڕی كێبڕكێی تەواو
Internationalization	العالمية	بەجیهانیبوون
Implementation	الانجاز	بەدەست هاتوو
Available	المتاح	بەردەست
Producers	المنتجين	بەرهەمهێنەران
Full Employment	الاستخدام الكامل	(بەكارخستنی تەواو)
Consumers	المستهلكين	بەكارهێنەران
Banks	البنوك	بەنكەكان
Trade Banks	البنوك التجارية	بەنكی بازرگانی
Central Banks	البنوك المركزية	بەنكی ناوەندی

زمانی ئینگلیزی	زمانی عەرەبی	زمانی کوردی
World Bank for Reconstruction & Development	البنك الدولي للتعمير و التنمية	بەنکی نێودەوڵەتی بۆ نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدان
Value and the Price	القيمة والسعر	بەها و نرخ
Value In Exchange	القيمة التبادلية	بەهای ئاڵوگۆڕکردن
Value In Use	القيمة الاستعمالية	بەهای بەکارهێنان
Choice	الخيار	بژاردە
Basis - Basics	الاسس / القواعد	بنەما – ڕێسا
The Factors Of Production	عناصر الانتاج	بنەماکانی بەرهەمهێنان
Recession	الركود	بێ بزاوتی
Justifiucation	تبرير	بیانوو
Theory	النظرية	بیردۆزە
Demand –Shift Theory	نظرية تحول الطلب	بیردۆزە گواستنەوەی داخواست
Inflation Theories	نظريات التضخم	بیردۆزەکانی هەڵاوسان
Cost– Push Theory	نظرية دفع التكاليف	بیردۆزی تێچوونە پاڵنەرەکان
Structural Inflation Theory	النظرية الهيكلية	بیردۆزی پەیکەری
Demand – Pull Theory	نظرية جذب الطلب	بیردۆزی ڕاکێشانی داخواست
Job Searching Theory	نظرية البحث عن العمل	بیردۆزی گەڕان بە دوای کار
Marginal Utility Theory	نظرية المنفعة الحدية	بیردۆزی کەڵکی سنووردار
Unemployment	البطالة	بێکاری
Voluntary Unemployment	البطالة الاختيارية	بێکاری بە ئارەزوو
Cyclical Unemployment	البطالة الدورية	بێکاری بەخول
Unemployment Frictional	البطالة الاحتكاكية	بێکاری بەریەک کەوتن
Unemployment Structural	البطالة الهيكلية (البنيانية)	بێکاری پێکەریەند
Behavioral Unemployment	البطالة السلوكية	بێکاری ڕەفتاری
Disguised Unemployment	البطالة المقنعة	بێکاری شاراوە (ژێر پەردە)
Imported Unemployment	البطالة المستوردة	بێکاری هاوردە
Seasonal Unemployment	البطالة الموسمية	بێکاری وەرزاو وەرز
Neutral	المحايد – الحيادي	بێلایەن

زمانی ئینگلیزی	زمانی عەرەبی	زمانی کوردی
Insurance	التامين	بیمە
Characteristics	الخصائص	تایبەتمەندی
Money Characteristics	خصائص النقود	تایبەتمەندییەکانی دراو
Electronic Funds Transfers (EFT)	التحويلات المالية الالكترونية	تەحویلاتی دارایی ئەلیکترۆنی
Balance Of Payments	ميزان المدفوعات	تەرازووی پێدراوەکان
Allocation	التخصيص	تەرخانکردن
Effeciency	الكفاءة	توانست—لێهاتوویی
Economic Effeciney	الفاعلية الاقتصادية	توانستی ئابووری
Searching - Research	البحث	توێژینەوە
Costs	التكاليف	تێچوونەکان
Classification	التصنيف	پۆلێن
Motives- Motivation	الدافع	پاڵنەر
Engine of growth	المحرك للنمو	پاڵنەری گەشەکردن
Relationship	العلاقة	پەیوەندی
Quantitive Relationship	العلاقة الكمية	پەیوەندی بڕداری (چەندێتی)
Operation - Process	العملية	پرۆسە – کردار
Application	التطبيق	پراکتیزکردن
Interdependence	الاعتماد المتبادل	پشت بەستنی ئاڵوگۆڕکاری
Planning	التخطيط	پلاندانان – تەخشەدانان
Wants (Needs)	الحاجات	پێداویستییەکان
Holy	مقدس	پیرۆز
Expect - Predict	التوقع – التنبؤ	پێشبینیکردن
Recommendation	المقترح – المقترحات	پێشنیاز – پێشنیار
Criteria - Standard	مقياس، معيار	پێوەر (پێوانە)
The Types Of Markets	اشكال السوق	جۆرەکانی بازاڕ
Types of Unemployment	انواع البطالة	جۆرەکانی بێکاری
The Types of inflation	انواع التضخم	جۆرەکانی هەڵاوسان
Portfolio	المحافظ المالية(الاستثمارية)	جانتای دارایی
Exeution - Excute	التنفيذ	جێبەجێکردن
Alternatives	البدائل / البديل	جێگرەکان
Globalization	العولمة	جیهانگیری
Preferring	التفضيل	حەزکردن

زمانی ئینگلیزی	زمانی عەرەبی	زمانی کوردی
Welfare	الرفاهية	خۆشگوزەرانی
Expenditure - Spend	الانفاق	خەرج – خەرجکردن
Services	الخدمات	خزمەت – خزمەتگوزاری
Supply	العرض	خستنەڕوو
Tables - Scheduales	الجداول	خشتە
Study	الدراسة	خوێندنەوە
Intra - Firm	تقسيم العمل في المنتج او السلعة الواحدة	دابەشکردنی کار لە ناو یەك جۆرە شمەکدا
Intra - Industry	تقسيم العمل في الصناعة الواحدة	دابەشکردنی کار لە ناو یەك جۆری پیشەسازیدا
Distribution	التوزيع	دابەشکردن
Financial Resources	الموارد المالية	دەرامەتە داراییەکان
Natural Resources	الموارد الطبيعيا	دەرامەتە سروشتیەکان
Human Resources	الموارد البشرية	دەرامەتە مرۆڤییەکان
Intervien	التدخل	دەستێوەردان
Scarcity - Scarce	الندرة / النادرة	دەگمەنی – کەم
Conflict	متعارض	دژ بەیەك
Money	النقود	دراو
Money as a medium of exchange	النقود وسيطاً للتبادل	دراو وەك ناوەندێکی ئاڵوگۆڕکردن
Money Deposits	نقود الودائع	**دراوی (دراوە سپاردەکان) بەنکی**
Electronic Money	النقود الالكترونية	دراوی ئەلیکترۆنی
Plastic Money	النقود البلاستيكية	دراوی پلاستیکی
Full bodied money	النقود القياسية (نقود ذات مادة كاملة)	دراوی پێوەری
Digital or E – Money	النقد الرقمي	دراوی ژمارەیی
Commodity Money	النقود السلعية	دراوی شمەکی
Paper Money (Banknote)	النقود الورقية	دراوی کاغەزی
Metal Money	النقود المعدنية	دراوی کانزایی
Credit Money	النقود الائتمانية	دراوی متمانە
Defferentiation	المفاضلة	جیاکاری
Redistribution	اعادة التوزيع	دووبارە دابەشکردنەوە
Actors	الفاعلين	کارکەران
Exposure	التعرض	دووچار

زمانی ئینگلیزی	زمانی عەرەبی	زمانی کوردی
Economic Rationality	العقلانية	ژیری
Rationality	العقلانية – الرشادة	ژیری
Labour Unions The Role Of	دور نقابات العمال	رۆڵی سەندیکاکانی کرێکاران
Adjustment	التعديل – التسوية	ڕاست کردن – چارەسەر
Behavior	السلوك	ڕەفتار
Obsulute	المطلق	ڕەها
Transfers	تحويلات	ڕەوانەکراوەکان
Events	الاحداث	ڕووداوەکان
World Trade Organization	منظمة التجارة العالمية	ڕێکخراوی بازرگانی جیهان
Organization - Entrepreneur	التنظيم - المنظم	ڕێکخستن – ڕێکخەر – ڕێکخراو
Concept	المصطلح – الاصطلاح	زاراوە
Economics	علم الاقتصاد	زانستی ئابووری
Informations	المعلومات	زانیارییەکان
Data	البيانات	زانیاریی ژمارەیی (داتا)
Land	الارض	زەوی
Resources	الموارد	سامانەکان
Liberalism	الليبرالية – التحرر	سەربەخۆیی – ئازادی
Recent	المعاصر	سەردەم
Capital	راس المال	سەرمایە
Productive Capital	راس المال الانتاجي	سەرمایەی بەرهەمهێن
Revenue Capital	راس المال الايرادي	سەرمایەی داهات
Real Capital	راس المال الحقيقي	سەرمایەی ڕاستەقینە
Monetary Capital	راس المال النقدي	سەرمایەی نەختینی
International Monetary Fund	صندوق النقد الدولي	سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی
Marginal / Flexible	الحدية / الحدي	سنووردار – سنوورەکی
Interest	الفائدة	سوو
Economic Policy	السياسة الاقتصادية	سیاسەتی ئابووری
Foreign Trade Policy	سياسة التجارة الخارجية للدولة	سیاسەتی بازرگانی دەرەکی
Fiscal Policy	السياسة المالية	سیاسەتی دارایی
Fiscal & Expenditure Policy	السياسة المالية والانفاقية	سیاسەتی دارایی و خەرجی
Monetary Policy	السياسة النقدية	سیاسەتی نەختینەیی

زمانی ئینگلیزی	زمانی عەرەبی	زمانی کوردی
Monetary Policy	السياسة النقدية	سیاسەتی نەختینی
Mixed Economic System	النظام الاقتصادي المختلط	سیستەمی ئابووری تێکەڵاو
Capitalism Economic System	النظام الاقتصادي الراسمالي	سیستەمی ئابووری سەرمایەداری
Socialist Economic System (Planned or Directed)	النظام الاقتصادي الاشتراكي (الموجه، او المخطط)	سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی (ئاراستەکراو، یا پلانداں)
Natural Law	النظام الطبيعي	سیستەمی سروشتی
Skills	المهارة	شارەزایی – کارایی
Barter	المقايضة	شت بەشت – گۆڕینی شمەك بە شمەك
Analyses	التحليل	شرۆڤەکرن – شیکردنەوە
failure	الفشل	شکستهێنان (نووچدان)
Commodity - Good	السلعة	شمەك
Economical Effects	الاثار الاقتصادية	شوێنەواری ئابووری
Social & psychology Effects	الاثار الاجتماعيا والنفسية	شوێنەواری کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان
Formula	الصيغ الرياضية	شێوازی بیرکاری
Automotive	بصورة ذاتية	شێوەیەکی خۆیەکی
Economic Activities	الانشطة الاقتصادية	چالاکیە ئابوورییەکان
Activities	الانشطة	چالاکییەکان
Control	الرقابة	چاودێریکردن
Stabilization	التثبيت – الاستقرار	چەسپاو(سەقامگیر)
Chiques	الشيكات او الصكوك	چەك
The Concept of Value	مفهوم القيمة	چەمکی بەها
Frame – Framework	الاطار	چوار چێوە
Variables	المتغيرات	گۆڕاوەکان
Progress - Advancement	التطور	گەشەسەندن – پێشڤەچوون
Importance	اهمية	گرنگی
Profit	الربح	قازانج
Multi National Companies	الشركات المتعدية القومية اوالجنسية	کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان
Labour	العمل	کار
Credit Cards	البطاقات الائتمانية	کارتی متمانە
Effect	تاثير	کاریتێکرن

زمانی ئینگلیزی	زمانی عەرەبی	زمانی کوردی
Effect	التاثير	کاریگەری
Multiplier effect	اثر المضاعف	کاریگەری دووهێندە
Private Sector	القطاع الخاص	کەرتی تایبەت
Public Sector	القطاع العام	کەرتی گشتی
Personal - Individual	الفردية او الشخصية	کەسایەتی – تاکرەوی
Accumulation	التراكم / يتراكم	کەڵەکەبوون
Advantage - Utility	المنفعة	کەڵك
Rent	الايجار	کرێی خانوبەرە
Wage	الاجر	کرێی کار
Lack	قصور	کورتهێنان
Competition	المنافسة	کێبڕکێ – رکابەرایەتی
Problems - Issues	المشاكل	کێشە – گرفتەکان
Logic	المنطق	لۆژیك (بیرسا)
Special Drawing Rights	حقوق السحب الخاصة	مافی راکێشانی تایبەت
Long Run	الأجل الطويل	ماوەی درێژ خایەن
Purpose	الغرض	مەبەست
Conditions	الشرط – الشروط	مەرج – مەرجەکان
Credit	الائتمان	دڵنیایی
Ownership	الملكية	موڵکداری
Elasticity - Flexible	المرونة– المرن	نەرمی – نەرمی توانین
Price	السعر	نرخ
Price Maker	صانع للسعر	نرخ دروستکەر
Price Taker	متلقي للسعر	نرخ وەرگر
Equilibrium Price	سعر التوازن	نرخی هاوسەنگی
Dumping	الأغراق	نقووم بوون
In put – Out put models	نموذج المستخدم المنتج	نموونەی بەکارهێنراوی – بەرهەمهێن
Political Factors	العوامل السياسية	هۆکارە رامیارییەکان
Social Factors	العوامل الاجتماعية	هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان
Causes Of Unemployment	مسببات البطالة	هۆکارەکانی بێکاری
Accomodating Payments	مدفوعات الموازنة	هاوسەنگی پێدراوی
Equations	المعادلات	هاوکێشەکان
Inflation	التضخم	هەڵاوسان

زمانی ئینگلیزی	زمانی عەرەبی	زمانی کوردی
Creeping Inflation	التضخم الزاحف	هەڵاوسانی خشۆک
Stagflation	التضخم الركودي	هەڵاوسانی داکێشراو
Suppressed Inflation	التضخم المكبوت	هەڵاوسانی شاراوە
Hyper Inflation	التضخم المفرط او الطليق	هەڵاوسانی لەرادەبەدەر
Selections	لختيارات	هەڵبژاردەکان
Selection	الاختيار	هەڵبژاردن
Physical	القوة الجسدية	هێزی جەستەیی
Mental	القوة الذهنية	هێزی زەینی
Labor Force	القوى العاملة	هێزی کار
Aware	الوعي	وشیاری

لیستی کورتکراوەکان

زاراوە بە زمانی		کورتکراوە
کوردی	ئینگلیزی	
ناوەندی تێچوون	Average Cost	AC
ناوەندی داهات	Average Revenue	AR
داخواست – چەماوەی داخواست	Demand Curve،Demand	DD
گرێبەستەی گشتی بۆ تاریفەکان و بازرگانی	General Agreement for Tarrifs & Trade	GATT
ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی	International labour Organization	ILO
سندوقە دراوی نێودەوڵەتی	International Monetary Fund	IMF
تێچوونی سنووردار	Marginal Cost	MC
داهاتی سنووردار	Marginal Revenue	MR
کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان	Multi National Companies	MNC's
نرخ	Price	P
بڕ	Quantity	Q
مافی ڕاکێشانی تایبەت	Special Drawing Rights	SDR
خستنەڕوو – چەماوەی خستنەڕوو	Supply Curve،Supply	SS
سەرجەم ناوەندی تێچوون	Total Average Cost	TAC
بەرنامەی پەرەپێدانی وولاتە یەکگرتووەکان	United Nations Development Programme	UNDP
بەنکی نێو دەوڵەتی	World Bank	WB
ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی	World Trade Organization	WTO

پێڕست

بابەت	لاپەڕە
بەشی یەکەم – پێداچوونەوەی گشتی	٥
بەشی دووەم – بەها و نرخ	٢٦
بەشی سێیەم – بازاڕەکان	٤٤
بەشی چوارەم – دراو	٥٣
بەشی پێنجەم – بانکەکان	٧٤
بەشی شەشەم – بێکاری	٩٤
بەشی حەوتەم – جیهانگیری	١١٢